Kaj Falkman

کای فاڵکمان

# هەشتەوانەی دیپلۆماسی

«هەشتەوانەی دیپلۆماسی» بریتییە لە هەشت گوتار، دیپلۆماتی سوێدیی ناودار کای فالْکمان Kaj Falkman لە دوو کتێبی جیاوازدا نووسیونی:

- کتێبی یەکەم: «تورکیە – میری هاوسێ – چەند دیمەنێک لە کۆشکی سوێدیی ئیستەنبوولەوە».

Kaj Falkman. *Turkiet - Gränsfursten: utsikter från Svenska palatset i Istanbul*. Atlantis 1999

نووسەر لە نێوان 1990-1995 سەرکۆنسوڵی سوێد بووە لە ئیستەنبوول. یەکسەر پاش کۆتابوونی ئەو ماوەیە، فالْکمان ئەم کتێبەی نووسیوەتەوە. بەڵام ساڵی 1999 ئەوجا پەخش کراوە. لەم کتێبەیان دوو گوتار وەرگیراوە:

1) کورد – «بۆ تیری قەزا کرنە ئارمانج» *Kurderna - «mål för ödets pilar»*

2) دۆزی مووسڵ و «وام»ـەکەی سوێد *Mosulfrågan och den svenska «skulden»*

- کتێبی دووهەم: ئەرک و سەرچڵی: یادەوەریی دیپلۆماسیانە.

Kaj Falkman. *Plikten och äventyret: upplevelser av diplomati.* Carlsson 2008.

شەش گوتاری لێ وەرگیراوە:

3) تەرجەمە و لێکدانەوە *Tolka och översätta,* 284-285

4) هەمەکار و تایبەتکار *Generalister och specialister,* 92-93

5) سیاسەت و لایەنی مرۆڤکار *Politik och det mänskliga,* 214-220

6) سەرۆک و ڕێبەرایەتی *Chef och ledarskap*, 38-42

7) پەیڤ و زمان *Ord och språk,* 206-210

8) کامەن خەسڵەتی دیپلۆماتی باش؟ *Vad kännetecknar en god diplomat?* 290-295

نووسەر: کای فالْکمان Kaj Falkman
ناوی کتێب: «هەشتەوانەی دیپلۆماسی»
تەرجەمەی لە سوێدییەوە: ئاسۆس شەفیق. سولەیمانی، کوردستان 2012

Kaj Falkman. *Turkiet - Gränsfursten: utsikter från Svenska palatset i Istanbul*. Atlantis 1999

Kaj Falkman. *Plikten och äventyret: upplevelser av diplomati.* Carlsson 2008.

Översättning till kurdiska: Asos Shafeek
Kurdistan, Suleymani 2012

تێبینی: هەموو پەراوێزەکان زادەی ئەم تەرجەمە کوردییەن.

ئەم بەرهەمە بە ئەلفبێی لاتینی:
https://komak.nu/Kurdi/Kteebkhane/KteebiKOMAK_PDF/Heshtewaney_Diplomasi.pdf

پێڕست

کورد - «بۆ تیرێ قەزا کرنە ئارمانج» ........ 5
دۆزی مووسڵ و «وام»ەکەی سوێد ........ 31
تەرجەمە و لێکدانەوە ........ 36
هەمەکار و تایبەتکار ........ 38
سیاسەت و لایەنی مرۆڤکار ........ 40
سەرۆک و ڕێبەرایەتی ........ 46
پەیڤ و زمان ........ 51
کامەن خەسڵەتی دیپلۆماتی باش؟ ........ 57

گوتاری یەکەم

## کورد - «بۆ تیرێ قەزا کرنە ئارمانج»[1]

### کورد - «بۆ تیرێ قەزا کرنە ئارمانج»

لە پێدەشتێکی نێزیک ئەدەنە دیمان ڕەشماڵ هەڵدراوە، ژنان لە نێوان چادرەکاندا خەریکی شۆردنن و منداڵان لە بەر خۆری پێشنیوەڕۆدا وازی دەکەن. یەشار کەمال – ی بە ڕەچەڵەک کورد، گوتی: «ئەمانە وەرزەکرێکاری کوردن» و ڕوونی کردەوە «هەموو هاوینێک کورد بۆ هاریکاریی دروێنە لە چیا دێنە خوار». ئێمە لە ئۆتۆبوسدا بووین بەرەو گوندی چوکورۆڤا لە باشووری خۆرهەڵاتی تورکیە[2]، بەرەو زێدی منداڵیی یەشار کەمال. ئێمە و چەند نووسەرێکی دۆست بانگهێشت کرابووین بۆ بەشداری لە ئاهەنگ بۆ ڕووهەڵماڵینی پەیکرێکی نووسەر لە گوندەکەی خۆی.

ئەمە یەکەم جار بوو ئێمە ئەم جۆرە ڕەشماڵەی بزنەموو ببینین کە زۆر جار بەدەم باسی کوردەوە دێتە پێش.

### بەسەرهاتی ئەفسەرێکی پرووسی

سوپاسالاری پرووسی Helmuth von Moltke (1800-91) لە مێژە ڕەشماڵەکانی شاخەڵانی کوردستانی نێوان دیجلە و فوراتی بەسەر کردۆتەوە. مۆلتکە Moltke هەر بە لاوی، ساڵی 1835 وەک ئەفسەری فەرماندەی گشتی لە لایەن قەیسەر Friedrich Wilhelm III[3] بە مەبەستی هاریکاریی سوڵتان بۆ ڕێکخستن و ڕاهێنانی ئەرتەشەکەی

---

[1] Serçawe: Kaj Falkman. Kurderna - “Mål för ödets pilar”.

*Turkiet - Gränsfursten: utsikter från Svenska palatset i Istanbul.* Atlantis 1999.

[2] – سەرلەبەری چەمک و دەربڕینی نێو ئەم نووسینە بەرهەمی نووسەر و کتێبەکەی نووسەرن، بۆ نموونە گەر نووسرا «باکووری کوردستان» یان گوترا «باشووری خۆرهەڵاتی تورکیە»، هەردووک هەر دەربڕینی نووسەرن و لە ڕووی دیپلۆماسی و سیاسییەوە واتا و سەنگی خۆیان هەیە لەبەر ئەوە وەک خۆیان، بێ دەستکاری کراونەتە کوردی. هەرچی پەراوێزە، زادەی ئەم تەرجەمە کوردییەن.

[3] – فرێدریک ویلیەمی سێیەم (1770-1840) Friedrich Wilhelm III لە نێوان 1797-1840 دا قەیسەری پرووسیا بوو.

بە شێوازی ئەورووپی، نێردرایە ئیستەنبوول. Moltke چوار ساڵ لەوێ مایەوە و نامەی بیرەوەرییەکانی خۆی «لە سایەی نەومانگدا[4]» *Unter dem Halbmond* تۆمار کردووە.

لە نێوان بەهاری 1838 و هاوینی 1839 دا Moltke بەشداری هێرشێکی تورکی بوو دژ بە کوردی یاخی لە ناوچەی نێوان دوو دەوڵەتی عوسمانی و فارس. لە دۆڵێکی نێو چیادا لەشکرەکەی ئەم تووشی ڕەشماڵی کوردان دەبن:

*ئاغا لە گەورەترین ڕەشماڵدا پێشوازی لە میوان دەکات، پیرەپیاوێکە بە ڕدێنێکی ماشوبرنجی جوانەوە. چادرەکە بە تەیمان[5] کراوەتە چەند هۆبەیەک تێیدا میوان، ژنان، ئەسپ، هوشتر، مانگا و بزن شوێنی تەرخانی خۆیان هەیە. ئاگرێکی گەورە لە نێوەندا بڵێسەی دێت. ئاغا داوەتی نان، شیر، هەنگوین و پەنیرم دەکات. خۆی نە دەخوات و نە دەخواتەوە هەتا من داوای لێ نەکەم. ئەم ئاغایە فەرمانی بەسەر 600 خێزاندا ڕەوایە. فەرمانیشی ناگەڕێتەوە. گەر بەڵگەی تاوان ئاشکرا بێت، پاش ڕاوێژ بە پیرانی خێڵ، ئەم بۆی هەیە فەرمانی مەرگ بەسەر ئەندامێکی خێڵەکەدا بسەپێنێت. دەسەڵاتی تورکی بەپارێزە لە دەست خستنە کاروباری نێوخۆی کوردەوە. جێنشینی ئاغا هەمیشە لە نێو هەمان خێزاندا دێتە هەڵبژاردن.*

Moltke، سواریی دژوار بە هەورازی چیا و بە ڕووبار و چەمی سەرشێتدا، لە دیمەنی زۆر زیندوودا پێشان دەدات. وچانی نێو گوڵزاری بەهارەمێرگ و گزینگی خۆر بەسەر چیای بەفرینەوە لای Moltke دەبنە نیگاری هەڵبەستئامێز. ئاگر هەمیشە بەربەستە لە سەرما، بەڵام لە دەشتی ڕووتەنی بەر هاوینەخۆردا، خۆ پاراستن لە 40 پلە گەرما، ئاسان نییە. Moltke تووشی کورد دێت، هەم دۆست و هەم نەیار.

Helmuth von Moltke زۆر جار ڕەخنەگرانە بەرانبەر بڕیار و ڕەفتاری ئەفسەرە تورکەکان دێتە گۆ. بێهودە هەوڵ دەدات ڕێ بگرێت لە سووتاندنی گوند و خەرمانی کوردەکان:

*هێرشی تورکەکان ژیانی هەزاران کەسی کوژاندەوە، ژیانی نەک تەنێ چەکدار بگرە ژن و منداڵی بێدەرەتانیش، هەزاران گوند و کێڵگەی وێران کرد و ڕەنجی چەندین ساڵی فەوتاند. مرۆڤ خەم دای دەگرێت لەوەی ئەمانە [تورک] وەک زۆر جاری پێشووتر داگیرکەری کاتەکین، لە پاش خۆیان فەرمانداریەک جێ ناهێڵن باشتر بێت لەو خۆفەرمانییەی کورد خۆی هەیەتی.*

کورد هەردەم لە ژێر پەستانی دەراوسێ بەهێزترەکانی خۆیدا بووە، فارس، عەرەب و تورک. ئەمانە کوردیان وەک قەڵغان بەکار هێناوە بۆ خۆ پاراستن لە هێرشی یەکتر. خێڵەکانی کورد لە هەوڵی بەردەوامدا بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان خواستی سەرفەرازیی خۆیان لە لایەک و ئەو مەرج و دەستکەوتانەی دەبێتە بەرهەمی سەلماندنی دەسەڵاتی هێزی بەرانبەر لە لایەکی دیکەوە، جارێک پشتیوانی ئەم دەسەڵاتە بوون و جارێکی دیکە ئەولا.

---

[4]- نەومانگ: مانگی دەمەداس، هیلال.

[5] – تەیمان: پەرژینی زەل و قامیش.

فەرمانداریی فارس زیادتر بەرهەست بووە لە هی تورکان، لەبەر ئەوەی شارە گەورەکانی تەوریز، ئەسفەهان و تاران تەنها چەند ڕۆژێکی سوارەڕێ لە کوردستانەوە دوور بوون، هەرچی ئیستەنبوولە چەندین هەفتە سوارەڕێ دوورە. لەبەر ئەوەیە تورک ناچار بوون زیادتر پەنا بەرنە بەر فەرمانداریی لە ڕێی سەرخێڵ و سەرهۆزی ناوچەکە نەک فەرمانداریی ڕاستەوخۆ. ئەمەیش ئازادییەکی فرەوانتری دا بە کوردی ژێر ڕکێفی عوسمانی بە بەراورد لەگەڵ دیوی دەسەلاتی فارسدا، لەبەر ئەوەیشە سەرخێڵەکان زۆر جار پێیان باشتر بوو بە فەرمی سەربە سوڵتان بن. بەرانبەر ئەوەش دەبا ئەمان لە کاتی پێویستدا پیاو و ئەسپ بدەنە لەشکری عوسمانی.

شاری Nizip[6] دەکەوێتە نێزیک گوندی منداڵیی یەشار کەمالەوە، لەودیو چیای تۆرۆسەوەیە، پەنا سنووری سووریا. لەوێ بوو Helmuth von Moltke بەشداری هێرشێکی گەورە بوو دژ بە لەشکری میسری بە فەرمانداریی ئیبراهیم پاشا. میسرییەکان دەیانویست خۆیان لە دەست دەوڵەتی عوسمانی ڕزگار بکەن و لەشکرێکی 45 هەزار کەسییان ساز دا بۆ پەلاماردانی تورک. لەشکری سوڵتان جەنگاوەری زیادتر بوو، نێزیکەی 70 هەزار کەسی هەبوو، بەڵام بە تۆپخانەی لاوازتر. ورەی جەنگاوەرانە لە هەردوو لا کز بوو، سەرباز و ئەفسەرێکی زۆر هەڵدەهاتن.

ئەوەی Moltke ی زۆر هەراسان دەکات، سەربازگیریی بەزۆری کورد بوو. کاتێک ژمارەی لەشکر، بە هۆی نەخۆشی، مەرگ و هەڵاتنەوە دەهاتە نیوە، تورک بۆ لەشکرگیری ڕوویان دەکردە گوندی کوردنشین. دانیشتوان لە گوندەکانی خۆیان هەڵدەهاتن، بە سەگ ڕاو دەکران، نەوجەوان، زۆر جار منداڵ دەگیران، پەت دەکران و دەڕفێنران.

> *تەنانەت کە سەربازیش بوون ئەمانە هەر وەک زیندانی ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرا، زمانی فەرماندەکان تێنەدەگەیشتن. شەوانی وەها هەبوو 50 کەس بە ئەسپ و چەکەوە لە بەرەی جەنگ هەڵدەهات. هیچ کوردێک، تەنانەت خۆراکی باش و پۆشاکی گەرمیشی بدرایە، لە دوو ساڵ زیادتر لە لەشکردا نەدەما. دەهاتە نەخۆشخانە، یان دەمرد یان خۆی دەرباز دەکرد.*

لەشکری میسری لە ناکاو ئاڕاستەی گۆڕی، گۆیا پاشەکشە دەکات، بەڵام Moltke دەیزانی ئەمە فریوە بە نیازی پەلاماردانی تەنیشتار[7]. لەبەر ئەوە Moltke ئامۆژگاریی فەرماندە تورکەکەی کرد فەرمان بدات بە پاشەکشە بۆ سەنگەرێکی باشتر و ئەمینتر لەو نێزیکانە. بەڵام فەرماندەی لەشکر نەیسەلماند، نەک هەر لەبەر ئەوەی پاشەکشە کارێکی شەرمەزارانەیە و سوڵتان زیز دەکات، بگرە لەوەش بترازێت، لەبەر ئەوەی باوەڕی هێندە کز بوو بە لەشکرەکەی خۆی، دەیزانی هەموو پاشەکشەیەک دەبێتە مایەی ڕووخانی ورە.

هەردووکیان باشی بۆچووبوون: کاتێک هێرش لە تەنیشتارەوە هات، لەشکر پەشۆکا و هەر یەک بە لایەکدا هەڵات:

> *لەگەڵ دەستپێکی پاشەکشەدا، هەموو شیرازەیەک هەڵوەشایەوە. کوردەکان — کە زیادتر لە نیوەی لەشکری ئێمەیان پێک دەهێنا — بوونە دوژمنی خۆمان. ئەفسەر و سەربازەکانی خۆیان*

---

[6] – بەلقیس – ی سەر بە ئوستانی «دیلۆک» (غازی ئەنتاب) ی تورکیەی ئەم ڕۆژگارەیە.

[7] – تەنیشتار: لاتەنیشتی باس یان بابەتێک. «پێشار و پشتاری لەشکر» بۆ بەشی پێشەوە و بەشی پشتەوەی لەشکر. سەرچاوە: مەسعوود محەمەد – «زاراوەسازیی پێوانە»، سایتی مامۆستا: www.mamosta.net

*دایە بەر گوللە، ڕێچکە شاخاوییەکانیان داگیر کرد و چەند جارێک پەلاماری فەرماندەکانی خۆیان دا. بەشێکی دیکەیان چەکیان فڕێ دا، پۆشاکی سەربازییان فڕێ دا، بەدەم سترانچڕینەوە بە شادییەوە ڕێی گوندەکانی خۆیان گرتە بەر.*

تورک شکا. بەڵام هەتا دەمەو کۆتای جەنگی یەکەمی جیهانیی خایاند ئەوجا دەوڵەتی عوسمانی ڕما و دەوڵەتانی سەرکەوتوو، بریتانیا و فرانسە دەوڵەتانی نوێی عیراق و سووریایان دامەزراند. چ کوردستانێک نەهاتە دامەزراندن، بەڵکوو کورد لە نێوان چوار دەوڵەتدا دابەش کران: تورکیە، ئێران، عیراق و سووریا. ئەو سنوورانەی هەتا ئەو دەمە هەمیشە کرچوکاڵ بوون، ئەوجا بوونە کۆسپی جێگیر و ڕێبەست لە گەڕانی ئازادانەی مێگەلی کوردان بەدوای لەوەڕگەی باشدا.

ئەرێ کوردستانێکی ئازاد بۆ نەهاتە دامەزراندن؟

**«کلیلی سنووران»[8]**

ناوی کوردستان وەک پێناسەیەکی جیۆگرافی لە سەدەی دوازدەدا لە لایەن سەلجووقانەوە هاتووە، بەڵام دوور نییە لای کورد خۆی زۆر لەوە دێرینتر بێت. ئەفسانەکانی کورد دەڵێن ئەوەتەی هەیە ئەم خاکە نشیمەنی خۆیان بووە. ئەفسانەی هەمەجۆر هەیە دەربارەی ڕیشەی کورد: نەوەی ئەو منداڵگەلەن لە دەست زوهاکی دێوی دڵخۆر، هەڵاتن بۆ چیا، نەوەی کەنیزەکانی شا سولەیمانن، یان نەوەی سارا کوردەی هاوسەری ئیبراهیمن. لە گشت ئەفسانەکاندا شا و دێوی ترسناک ئەم میللەتەی ڕووەو چیا ڕاو ناوە. هەڵبەتە ئەفسانەی وەها ڕەنگدانەوەی ئەزموونی کوردەوارییە، هەردەم دەورەدراو بوون بە شا و خانی بەهێزی فارس، عەرەب و تورک.

هەم ئەفسانە و هەم مێژوو نۆرەیەکی گرینگیان هەیە بۆ دروستکردنی هۆشی هاوکۆ. ئەحمەدی خانی لە هۆنراوەیەکی دەمەو کۆتای سەدەی هەڤدەیەمدا، بە ناوی «مەم و زین» دەڵێت کورد لە گشت لایەکەوە بە میللەتانی بیانی دەورەی دراوە و بەدەستیانەوە بووەتە «ئارمانجی تیر»:

*ئەڤ ڕۆم و عەجەم ب وان حەسارن*
*کورمانج هەمی ل چار کنارن!*

*هەردوو تەرەفان قەبیلێ کورمانج*
*بۆ تیرێ قەزا کرنە ئارمانج*

*گۆیا کو ل سەر حەددان کلیدن*
*هەر تائیفە سەددەکن سەدیدن*

[8] – ئەم دەستەواژەیە ئاماژەیە بە ڕاگواستەکەی خانی لە مەم و زیندا کە دەڵێت: «گۆیا کو ل سەر حەددان کلیدن» – کە دەکاتەوە «حەرەس حدوود» ی ئەم سەردەمە!

*ئەڤ قولزومێ ڕۆم و بەحرێ تاجیک*
*هندی کو بکن خروج و تەحریک*

*کورمانج دبن ب خوین موللەتەخ*
*وان ژێک ڤە دکن میسالێ بەرزەخ!*[9]

بەڵام کوردیش لە نێو خۆیدا بە چیای بەرز و سەرخێڵی دەسەڵاتدار لەیەک ترازابوون. ئەوەی کۆی دەکردنەوە زمان بوو، بەڵام زمانیش دابەش بووبوو بەسەر چەند زاراوەیەکدا، هەر یەک لە دۆڵێک. لە کوردیدا دوو زمان، یان زاراوەی گەورە هەیە، کورمانجی و سۆرانی، لە ڕێزماندا هێندەی ئینگلیزی لە ئاڵمانی جیاوازن، لە ڕووی وشەدارییەوە هێندەی هۆڵەندی لە ئینگلیزییەوە دوورن. زمانی کوردی زمانێکی هیندۆرووپی (هیندۆئەورووپی) یە بۆیە تۆژەران دەڵێن کورد نەوەی خێڵانی هیندۆرووپین و دوو هەزار ساڵێک بەر لە زایین لە ئێرانەوە بەرەو خۆراوا ڕەویان کردووە. زمانەکەیان لەگەڵ فارسی خزمە و هیچ پەیوەندییەکی بە تورکییەوە نییە کە سەربە زمانگەلی ئاڵتایی Altaic یە. تورک زۆر درەنگتر هاتنە ئاناتۆلیا، هەر ئەمەشە کورد دەیکاتە بەڵگە بۆ خاوەندارەتیی ئەو خاکەی لێی نیشتەجێن.

هەروەها لە ڕووی دینیشەوە چەندین جیاوازی هەیە. گەرچی زوربەی کوردیش وەک تورک موسڵمانی سوننەن، بەڵام ئەمان سەربە ئایین (مەزهەب) ی شافیعین نەک حەنەفی. کەمینەیەک لە نێو کورددا شیعەن، بەشێکیان وەک ئێرانییەکان شیعەن، بەشێکیان هاوشێوەی تورک، عەلەوین. سوفیگەری و باوەڕی بەر لە ئیسلام، وەک شامانیزم و زەردەشتی ڕیشەیان لە هزری دینی کورددا قووڵە.

## هۆشی میللی

سەدەی نۆزدەیەم جەنگی ئازادیی دژ بە دەوڵەتی عوسمانی هەڵگیرسا و بێگومان کاریگەریی لەسەر کوردیش دانا. کاتێک یۆنانی، سەربی و ئەرمەن کەوتنە کۆشەش بۆ سەروەریی میللی لەسەر بناخەی پەیوەستی ئەتنی[10]، کوردیش هۆشی پڕا بە پەیوەستی ئەتنی خۆی و دەرفەتی سیاسیی خۆی. دەستەیەک خەباتیان بۆ سەروەریی ڕەهای سیاسی دەکرد، دەستەیەکی دیکە داوای خۆفەرمانی (ئۆتۆنۆمی) یان دەکرد لە چێوەیەکی فرەوانتری ئیسلامی و سایەی خەلیفەدا. کورد، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر لە چێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، بەشداری بزاڤە ڕیفۆرمخوازەکانی کۆتای سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بوون. ساڵی 1898 گۆڤاری «کوردستان» بە دوو زمانی کورمانجی و تورکی پەخش کرا، سەرەتا لە قاهیرە و پاشان لە ژەنێڤ و لەندەن.

---

[9] – سەرچاوەی ئەم تێکستە کوردییەی «مەم و زین»: عەلائەددین سەججادی، *«مێژووی ئەدەبی کوردی»*، بەغدا 1952. ئەم چەند دێڕە بەروارد کراوە بە سەرچاوەی دیکە بۆیە جیاوازی هەیە لەگەڵ سەرچاوەکەدا. هەر بۆ نموونە وشەی «ڕۆم» – یان «ڕووم» – لە سەرچاوەکەدا بە «روم» هاتووە.

[10] - ئەتنی: Ethnic ، نەژادی، سەربە نەژاد، بنەچە و ڕەچەڵەک.

لەگەڵ بزاڤی «تورکی جەوان»[11] ی سەرەتای سەدەی بیستەم، بۆچوونی سەکولار (عیلمانی) انە سەریان هەڵدا و پاشان گەشەیان کرد و لە زەمانی ئاتاتورکدا تەواو پیادە کران. بەدەم گەشەی ئازادییەوە دەرفەت خۆش بوو بۆ چاپکردنی «کوردستان» و ڕۆژنامەی دیکە لە ئیستەنبوول و دیاربەکر.

هەر زوو خەرەندێک کەوتە نێوان سەرتەڵ (دەستبژێر، ئەلیت) ی ئازادیخوازی کورد لە ئیستەنبوول لە لایەک و ئاغا و شێخەکانی کوردستان. بیرۆکەی ڕیفۆرمخوازانە و زیادبوونی دەسەڵاتی نێوەند لە ئیستەنبوول هەڕەشەی لە دەسەڵاتی خۆجێیی ئەمان دەکرد. ئەم خەرەندە هەر ما و بووە ڕێبەستێکی گرینگ بۆ سەربەخۆیی کوردی.

### ترا‌ژێدیی ئەرمەنی

دەنگۆی خەباتی ئازادیخوازانەی کورد و ئەرمەن بە پارێزگاریی ڕووس، دەسەڵاتی عوسمانی لە ئیستەنبوول نیگران کردبوو. سەرۆکایەتیی دەوڵەت کەوتە خۆی و چەندین شاندی ناردە لای سەرخێڵەکان بۆ هوشیارکردنەوەیان لە پلانی کافرەکان (ڕووس و ئەرمەن) بە مەبەستی داگیرکردنی کوردستان. گەرچی ڕووسیش هەوڵی دا سەرخێڵەکانی کورد بەکار بهێنێت دژ بە تورک بەڵام سیاسەتێکی دامەزراویان نەبوو دۆستەکورد بێت، چونکە ڕووس دەترسا لە توندبوونی ناکۆکیی نێوان کورد و ئەرمەن لەسەر دۆزی سەرخۆبوون.

جەنگی یەکەمی جیهانی بووە هۆی ڕاهێزانی ناکۆکی لە نێوان هەردوو لەشکری تورک و ڕووس، لە ناوچەکانی کورد و ئەرمەندا. پاکسازیی ڕەگەزی لە ناکۆکیی ساڵانی 16-1915 دا بووە دیاردەیەکی باو: تورک و کورد کەوتنە کوشتار و دەرپەڕاندنی ئەرمەن «بە تۆمەتی خەیانەت و جاسووسی». ئەوجا کە لەشکری ڕووس خۆی خزاندە ئاناتۆلیاوە، ئەرمەن تۆڵەیان لە کورد کردەوە. کاتێک ڕووس بە ناچاری پاشەکشەی کرد، 200 هەزار ئەرمەن گوندی خۆیان جێهێشت و دوای لەشکری ڕووس کەوتن. کورد لە ئەرتەشی عوسمانیدا زۆرینە بوون و بەشی زۆری کوشتاری ئەرمەن بە دەستی کورد ئەنجام درا. کورد بەوە داکۆکی لە خۆی دەکات کە ناچار بووە فەرمانبەر بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرایە دین کاریگەریی گەورەی هەبووە. دەستە سوارەی سەربەستی کوردیش سوودیان لەو بارودۆخە بینی بۆ پەلاماردان و تۆڵەسەندنەوە.

هەروەها تورکیش سوودی لەو هەلومەرجە بینی بۆ ڕاونانی کورد و سووتاندنی گوندەکانیان، بیانووی ئاشکرا دەیگوت بەربەستنە لە خۆپارێزی و خۆبژێوی ڕووسی دوژمن. مەبەستی پەنهان بریتی بوو لە بنکۆڵکردنی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد.

شۆڕشی ڕووسیی ئۆکتۆبەری 1917 دۆخەکەی گۆڕی. لەشکر فەلەج ما و پاشەکشەی کرد، بەڵام تورک و کورد هێرشیان برد و زەوی داگیرکراویان سەندەوە. کاروانی جەنگ بێقانوونی، برسێتی و خەڵک ڕاگواستنی بەدەمەوە

[11] – بزاڤی «تورکی جەوان» Jön Turkler بزاڤێکی ڕیفۆرمیستانەی ناسیۆنالیستانە بوو لە کۆتای سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لە دەوڵەتی عوسمانیدا سەری هەڵدا. بزاڤی «تورکی جەوان» بە سەرۆکایەتی *«جەمعییەتی ئیتحاد و تەرەقی» (کۆمەڵەی یەکیەتی و پێشکەوتن)* بۆ سەپاندنی دەستوور و گۆڕانکاری لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، دژ بە سەڵتەنەتی ڕەها و دەسەڵاتی سوڵتان عەبدول حەمیدی دووەم (1842-1918) (لە نێوان 1876-1909 دا سوڵتان بوو) کاری دەکرد.

بوو. تێکڕا نێزیکەی یەک ملیۆن ئەرمەنی و 800 هەزار کورد بوونە قوربانیی شەڕ و کوشتار، نیوەیان خەڵکی سیڤیل بوون.

Einar af Wirsén[12] لە بیرەوەرییەکانیدا، چاپتەرێک ناو دەنێت «کوشتنی میللەتێک» و بەم وشانە دەست پێ دەکات: «یەکەمساڵی من لە تورکیە تراژێدییەکی مەزن ڕووی دا کە یەکێکە لە ڕووداوە هەرە ترسناکەکانی مێژووی جیهان. مەبەستم دارمانی ئەرمەنە».

دیپلۆماتەکان لە ئیستەنبوول هەتا هاوینی 1915 ئەوجا وردەکاریی ئەو ڕاگواستن و کوشتارەیان پێ گەیشت. باڵوێزی ئامەریکایی Morgenthau[13] چەندین جار بە توندی فشاری هێنا بەڵام ناکام، ئاڵمانەکانیشی بەوە تاوانبار کردووە کە بەشدار بوون لە هەڵمەتەکانی ڕاگواستندا. af Wirsén گەرچی ئەمەیان بە زیادەڕۆیی دەزانێت، دەڵێت:

> *بەڵام ناشێت ئاڵمانەکان لە بەرپرسایەتیی گەورە ڕەها بکەین، چونکە بۆ ڕێبەستن لەو کوشتارە دەستەوەستان بوون. گەرچی ئەفسەرە ئاڵمانەکان چەندین هۆشدارییان دایە حکوومەتی ئاڵمانیا و تەنانەت کەسایەتییەکی ناوداری وەک Liman von Sanders[14] ی سوپاسالار پەستانی بەهێزی خستە سەر هەم باڵوێزی ئاڵمانی و هەم حکوومەتی تورکی.*

---

[12] – ئەفسەر و دیپلۆماتی سوێدی ئەینار ئاف ڤیرسێن Einar af Wirsén (1875-1946) بیرەوەرییەکانی خۆی دەربارەی ئەو دەمە لە کتێبی «یاداشتەکانی ئاشتی و جەنگ» *Minnen från fred och krig* (Bonniers, 1942) تۆمار کردووە. لەم کتێبەدا af Wirsén بە وردی کارەساتی کوشتاری ئەرمەن بۆ مێژوو تۆمار دەکات. جگە لەو چاپتەری لێرەدا نووسەر ئاماژەی پێ دەکات – «کوشتنی میللەتێک» *Mordet på en nation*– ئەم بابەتە لە چەندین جێی کتێبەکەدا بەسەر دەکرێتەوە، هەر بۆ نموونە لە لاپەڕەی 132-131 دا ڕاگواستەیەکی تایبەت لە تەڵعەت پاشا دەگێڕێتەوە کە ئەو دەمە وەزیری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی بوو. af Wirsén دەڵێت:

> *ئەو [تەڵعەت پاشا] بەم جۆرە هاتە سەر باسی کوشتاری ئەرمەن کە ئەو ساڵە دەستی پێکردبوو: «دەبینم Times نووسیویەتی گۆیا ئێمە بە گوللەباران یان بە شێوەی دیکە زیادتر لە 800 هەزار ئەرمەنمان کوشتووە. من دڵنیاتان دەکەم، ئەم گوتەیە ناڕاستە، ئەوە تەنها 600 هەزار بووە». ئەو [تەڵعەت پاشا] ئەم پەژراندنە ترسناکەی وەها ساکار دەگێرایەوە، هەر دەتگوت بابەتێکی تەواو ڕۆژانە باس دەکات.*

بەڵام af Wirsén لە چەند جێیەکی ئەو کتێبەدا، نەک هەر لە باسی کوشتاری ئەرمەندا (لاپەڕە 226)، بەڵکوو بەگشتی زبر و درشت لە میللەتی کورد دەدوێت. هەر بۆ نموونە لاپەڕە 178-177.

af Wirsén لە نێوان 25-1924 دەمڕاستی ئەو لیژنەیە بوو کە «کۆمکاری دەوڵەتان» سازی کرد دەربارەی دۆزی ویلایەتی مووسڵ (باشووری کوردستان).

[13] – Henry Morgenthau (1856-1946) باڵیۆزی ئامەریکا لای دەوڵەتی عوسمانی لە ئیستەنبوول (16-1913) یاداشتی خۆی دەربارەی کۆشتاری ئەرمەن لەم کتێبەدا تۆمار کردووە: *Ambassador Morgenthau's Story (1918)*

[14] – Liman von Sanders (1855-1929) جەنەراڵێکی ناوداری ئەو دەمەی ئاڵمانە ساڵانی 14-1913 سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئاڵمانی بوو بۆ ڕێکخستنەوەی لەشکری تورکی. ساڵی 1914 بووە چاودێری ئەو کۆمیسیۆنە. ساڵی 1915 لەشکری تورکیە بە

ژمارەیەکی زۆر لە ئاڵمانەکان تەواو تووڕە بوون لەو هەڵوێستە و تەنانەت af Wirsén ی ئەتاشێی ئەرتەشی Military attaché چەند ئەفسەرێکی ئاڵمانیی دەناسی کە لە جێی ڕووداوەکە بوون و ئەو کوشتارەیان دیبوو، کاتێک گەڕانەوە ئیستەنبوول بۆ دەربڕینی ناڕەزایی، خەڵات و نیشانەی تورکانیان ڕەت کردەوە. Einar af Wirsén دەنووسێت:

*ناشێت سەرلەبەری گەلی تورک تاوانبار بکەین بەوەی ڕووی دا. ئەمان گەلێکی خۆش ماک و سینگفرەوانن و چ درییەکیان لێ دیار نییە زێدەتر بێت لەوەی لە گەلانی دیکەی خۆرهەڵاتدا هەیە. جار هەبووە، دانیشتوانی تورک تەواو خۆبوردە هەموو هەوڵی خۆی داوە بۆ کەمکردنەوەی خەمی ترسناکی ئەو خەڵکە ڕاگوێزراوە. تەنانەت والی هەبووە، بۆ نموونە Rhami Bey ی والیی Smyrna (ئیزمیر) کە کەسایەتییەکی زۆر سەرڕاست بوو، فەرمانی حکوومەتی نەسەلماند بە ڕاگواستنی خەڵک. گشت ئەو تاوانە ئەستۆی حکوومەتی «تورکی جەوان» و کارمەندەکانی دەگرێتەوە. لەشکر و ژەندرمە بێ هیچ بیرکردنەوەیەک فەرمانیان جێبەجێ دەکرد. بەڵام دانیشتوانی کوردی بێفەرهەنگیش[15]، کە بە ڕێگری دەژین، بەرپرسایەتیی گەورەیان لە ئەستۆیە لەوەی بەو جۆرە ترسناکە ڕاگواستنەکانیان جێبەجێ دەکرد.*

ئەرمەن، بەتایبەتی ئەرمەنی دیاسپۆرا (هەندەران)، ئەم بەسەرهاتەیان لەیاد نەکردووە. لە ئامەریکا Armenian-American communities ساڵانە مانگی ئاپریل (نیسان) یادی قوربانیانیان دەکەنەوە و لە ساڵی 1970 ەوە لە هەردوو هۆبەی کۆنگرەسی ئامەریکایی، هەم سێنات و هەم خانەی نوێنەران[16]، یادی قوربانییەکان دەکرێتەوە. ساڵی 1979 خانەی نوێنەران بەیانێکی هاوبەش Resolution ی ڕاگەیاند:

Honoring the victims of the Armenian Genocide perpetrated by the governments of the Ottoman Empire from 1915 to 1923, prior to the establishment of the Republic of Turkey.

هەروەها لە وەڵاتی فرانسایش، گرووپی پەستانی ئەرمەنی پاش لۆبیکارییەکی چڕ توانییان پارلەمانی فرانسی ڕازی بکەن مانگی ژوونیی ساڵی 1998 بەیانی هاوبەش ڕابگەیەنێت و تێیدا کوشتارە تورکییەکەی ساڵی 1915 بە «گەلکوژی» Genocide ناوزەد بکات. بەڵام حکوومەتی فرانسا پشتیوانیی لەم بڕیارەی پارلەمان نەکرد بە بیانووی ئەوەی کوشتار و ڕاوانی ئەرمەن گەرچی جددین، بەڵام بڕیاری وەها نابێتە هاندەری پەیوەندیەکانمان لەگەڵ تورکیە و ئەو خەباتە سەختەی دەکرێت بۆ دنەدانی پرۆسەی دێمۆکراسی لە تورکیە و هەروەها پەیوەندییە نێزیکەکانی تورکیە لەگەڵ یەکیەتیی ئەورووپادا.

---

سەرۆکایەتیی Liman هێرشێکی گەورەی «بەرەی هاوپەیمانان» ی لە دەردەنیل شکاند. Liman ساڵی 1918 سەرۆکی لەشکری تورکی – ئاڵمانی بوو لە سووریا و فەلەستین.

[15] – af Wirsén ڕێک «دانیشتوانی کوردی بێفەرهەنگ» "den ociviliserade kurdiska befolkningen" بەکار دەهێنێت. دەشکرێت وشەی ociviliserad بە «ژێربەدەر»، «کێوی»، «ناشارستان»... هتد تەرجەمە بکرێت.

[16] – کۆنگرەسی ئامەریکایی بریتییە لە دوو هۆبە: سێنات Senate و خانەی نوێنەران House of Representatives.

یەکەم جار ئۆیزال-ی سەرکۆمار (91-1989) بوو لەم دۆزەدا بێدەنگییە درێژخایەنەکەی تورکیەی شکاند کاتێک ڕایگەیاند کە مادام کۆماری تورکیە بەرپرس نییە لەوەی لە زەمانی عوسمانیدا کراوە، وەها باشە ئاخافتن دەربارەی تاوان ڕادەستی مێژووناسان بکەین.

**پەیمانی سەرخۆبوون**

بریتانیا و فرانسای براوەی یەکەم جەنگی جیهانی پێیان گرینگتر بوو ناوچە دۆڕاوەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە مێسۆپۆتامیا (عیراق) و سووریادا داگیر بکەن، هەرچی کوردستانی تورکیەیە بەلایانەوە هەم لە ڕووی ستراتیژییەوە و هەم لە ڕووی ئابوورییەوە کەمتر سوودبەخش بوو، جگە لەوەش کۆنترۆلکردنی گران دەکەوت. بریتانییەکان دەیانویست سنووری نێوان عەرەب و تورک جێگیر بێت، کوردیش – لە ژێر سایەی بریتانیادا – دەشیا ببێتە پەرێزی نێوانیان، بۆ نموونە لە شێوەی کۆنفەدەراسیۆندا.

تورک هۆشداریی دەدایە کورد کە بریتانیا دەیانخاتە ژێر ڕکێفی عەرەبەوە، هەردوو لایەنیش، هەم تورک و هەم بریتانی، بە گفتی فرەواندنی ئۆتۆنۆمی، هەوڵیان دەدا کورد بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. هێندەی نەبرد زەبرێکی گەورە درا لە ئۆتۆنۆمیی کورد. مانگی مایی 1919 لەشکری یۆنان هاتە ئیزمیر Smyrna (Izmir) و لەشکری ئیتالیا هاتە ئانتالیا Antalya لە کەناری باشووری تورکیە، ئەمەش بەپێی ئەو هێلکارییە بریتانیا و فرانسا دەربارەی دابەشکردنی ئاناتۆلیا (پێکهاتنی 1916 ی سایکس-پیکۆ[17] Sykes–Picot Agreement). دەنگۆی کوشتاری موسڵمان بە دەستی یۆنانییەکان ترسی لە نێو کورددا بڵاو کردەوە، ئەمان دەترسان ئەرمەن لە باکوورەوە هێرش بێنێت و لە ژێر سایەی بریتانیادا لە ناوچەی ئاناتۆلیادا ئەرمەنستانی سەربەخۆ دامەزرێنێت. حکوومەت لە ئیستەنبوول، دژ بە پلانی مەسیحیی هێرشبەر، وورەی ئیسلامەتیی خەڵکی دەبزواند و بەوەش هەموو باسێکی ئۆتۆنۆمیی کورد لە گۆڕ نرا.

هەر ئەو دەمە موستەفا کەمال، کە تازە سەرپەرشتیاری گشتیی لەشکری نۆیەمی درابوویە، لە سامسون Samsun دابەزی و لە بری ئەوەی فەرمانی ئیستەنبوول جێبەجێ بکات و چەک و جەبەخانە گرد بکاتەوە، کەوتە هاندانی سەرۆک ناوچەکان بۆ ڕێکخستنی هێزی گەل دژ بە هێرشبەری بیانی: لە خۆراوا دژ بە یۆنانیان، لە ئاناتالیا دژ بە ئیتالیان، لە خۆرهەڵات دژ بە ئەرمەن و لە باشوور دژ بە بریتانیا. کاتێکیش بریتانییەکان لە ئیستەنبوول داوای لابردنی موستەفا کەمالیان کرد، خۆی دەستبەرداری پێگەی خۆی بوو.

موستەفا کەمال هەوڵی گردبوونەوەیەکی میللی دەدا بۆ دامەزراندنی تورکیەی سەربەخۆ لە سەر گشت ئەو خاکەی ناعەرەبییە و بۆ ئەو مەبەستەش ڕووی لە کورد نا و پتر لە هەفتا خێڵی ناوچە سنوورییەکان لە باشوور و لە خۆرهەڵات بوونە پشتیوانی. بەڵام زۆر کوردی دیکە نیگەران بوون چونکە ئاشکرا بوو کە بۆلشەڤیکەکان موستەفا کەمالیان دڵنیا کردبوو لە هاریکاری دژ بە پلانی هاوپەیمانان بۆ دامەزراندنی ئەرمەنستانی سەربەخۆ و کوردستانی سەربەخۆ لەسەر خاکی ئاناتۆلیا.

---

[17] – پەیماننامەی سایکس – پیکۆ Sykes–Picot Agreement پێکهاتنێکی نهێنی بوو ساڵی 1916 لە نێوان بریتانیا و فرانسادا بەسترا و پاشان ڕووسیا – شی چووە پاڵ، بۆ دیاریکردنی «بەستێنی دەسەڵات» ی هەر لایەکیان لە دابەشینی میراتی دەوڵەتی عوسمانی.

لە پەیماننامەی سیڤەر Treaty of Sèvres ی 1920 لە نێوان هاوپەیمانان و دەوڵەتی عوسمانی، ڕاگەیەنرا کە کورد مافی خۆفەرمانی (ئۆتۆنۆمی) ی خۆجێی هەیە و مافی هەیە پاش یەک ساڵ سەرخۆبوونی تەواو هەڵبژێرێت بە مەرجێک «کۆمکاری دەوڵەتان» League of Nations بڕوای هەبێت بەوەی کورد سەرخۆبوونی خۆی پێ دەچەرخێت. بەڵام ناوچەی دیاریکراو خاکی کوردی سووریا و عیراقی نەدەگرتەوە، تەنانەت «دێرسیم» (ئێستا نێو نراوە تونجەلی Tünceli) ی خۆراوای فوراتیشی نەدەگرتەوە. سنووری نێوان کوردستان و ئەرمەنستانیشی دیاری نەکردبوو. بەڵام کەماسیی گەورە بریتی بوو لە بێبایەخیی ئەم پەیماننامەیە چونکە دەوڵەتی عوسمانی بە ناچاری و لە ژێر داگیرکردنی بریتانیادا واژووی کردبوو.

حکوومەتە ناسیۆنالیستانەکەی موستەفا کەمال لە ئانکارا Angora (Ankara) لە ململانێدا بوو لەگەڵ گرووپی کوردی و تورکیدا کە پەشێوییان لە دەشتودەر دەنایەوە. یۆنانییەکان بە چاوی بەرژەوەندەوە دەیانڕوانییە ڕاپەڕینی کوردان لە خۆرهەڵات چونکە لەشکری موستەفا کەمالیان خەریک دەکرد. بەڵام چەرچل Churchill هۆشداری دا دەربارەی مەترسیی هەنگاوی وەهای دیپلۆماسی و ئەرتەشکارانەی هاوپەیمانان.

**کورد و ناسیۆنالیستەکان**

زاڵبوون بەسەر یۆنانییەکاندا ئەو ڕەوایەتی و باوەڕەی بە حکوومەتی ناسیۆنالیستانەی موستەفا کەمال بەخشی کە چاوەڕێی دەکرد، ئەمەش دەرهاویشتەی ترسناکی بۆ کورد هەبوو. پەیماننامەی لوزان[18] Treaty of Lausanne هەموو خواستێکی تورکیەی سەلماند، ناوچەی کوردیی مووسڵ نەبێت، کە بریتانییەکان نەیاندەویست بیدۆڕێنن. دەربارەی ناوچە کوردییەکانی دیکە، بریتانیا پشتیوانی دەکرد لە «ئۆتۆنۆمی بە ڕەچاوگرتنی مێژووی سەربەخۆی کورد، داب، نەریت و تایبەتمەندییان». جەنەراڵ عیسمەت ئینۆنو Ismet Inönü ی سەرۆک شاندی گفتوگۆ، ئامادە نەبوو بڕیارێک بسەلمێنێت سەرخۆبوونی دەوڵەتێکی ئەرمەنی و کوردی بەدەممەوە بێت. تورک ئەوەشی نەدەسەلماند گەرەنتی بدرێتە کەمینەی موسڵمانی وەک کورد و عەرەب (گەرەنتی دەبا تەنها بۆ کەمینەی ناموسڵمان بێت). تاکە مافێک کەمینەی ئەتنی لێی سەلمێندرا بریتی بوو لە «ئازادانە زمانی خۆیان بەکار بهێنن بۆ ئاخاوتن لە بواری کەسەکی، بازاڕ، دین، چاپەمەنی، وەشانی هەمەجۆرە و هەروەها لە کۆبوونەوەی گشتیدا». مافیشیان هەبوو زمانی خۆیان لە دادگەی تورکیدا بەکار بهێنن، گەرچی زمانی فەرمی تورکییە.

بۆ کورد پەیماننامەی لوزان ناکامییەکی گەورە بوو، گشت ئومێدێکیان بەوەی بریتانیا پشتیوانی لە سەرخۆبوونیان بکات، پووکایەوە. بریتانیا و فرانسا لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ڕۆژی 17 نۆڤەمبەری 1918 ڕایانگەیاندبوو کە ئامانجیان بریتییە لە: «ڕزگاربوونی یەکجارەکی و تەواو بۆ گشت ئەو گەلانەی ماوەیەکی درێژە لەژێر ستەمی تورکدان و هەروەها دامەزراندنی حکوومەت و ڕێبەرایەتیی میللیی وەها کە سەرچاوەی دەسەڵاتی خۆی بریتی بێت لە پیادەکردنی ئازادانەی ویست و دەستپێشخەریی خەڵکی خۆڕسک».

هەرچی باشووری کوردستانە خرایە سەر عیراق، بەڵام بریتانیا دەرکی کردبوو بە پێویستی «فەرمانداریەکی ئەنگلۆ-کوردی» هەم بەرژەوەندیی کورد ڕەچاو بگرێت و هەم دەرفەت بداتە کورد پاش سێ ساڵ دیسانەوە شێوازی بەڕێوەبردنی ناوچەکەی خۆی بخاتەوە هەڵسەنگاندن. Winston Churchill ئەو دەمە وەزیری

[18] - پەیماننامەی لوزان 24-7-1923

کۆلۆنییەکان Colonial Office بوو، ڕایگەیاند «کورد گەر خۆی نەیهەوێت، نابێت بخرێتە ژێر ڕکێفی عەرەبەوە». بەڵام ویستی عەرەب جۆرێکی دیکە بوو، بریتانیایش پەیمانەکانی خۆی شکاند.

بەر لە سەرخۆبوونی تەواوی عیراق، ساڵی 1932، گشت سەرخێڵە کوردەکانی باشووری کوردستان ڕوویان لە «کۆمکاری دەوڵەتان» و / یان لە High Commissioner ی بریتانیا لە بەغدا نا و خوازنامەیان پێشکەش کرد بۆ داوای خۆفەرمانی و تەنانەت داوای سەرخۆبوونیان دەکرد لە ژێر سایەی بریتانیادا. هەروەها جەختیشیان دەکرد لەسەر ئەوەی حکوومەتی بەغدا شکەستی هێناوە لە جێبەجێکردنی مەرجی «کۆمکاری دەوڵەتان» کە ڕێگەدانە بە خوێندن بە زمانی کوردی و هەروەها بەکارهێنانی زمانی کوردییە لە لایەن کاربەدەستانیی فەرمی ناوچەکەوە. وێڕای ئەوەش عیراق پاش سەرخۆبوون، لە لایەن «کۆمکاری دەوڵەتان» ـەوە وەک ئەندامێکی پڕبایەخ سەلمێندرا.

خێڵێکی بەهێزی کورد، بە ڕێبەرایەتیی شێخ ئەحمەد بارزانی، لە فەرمانداریی عەرەبی ڕاپەڕی، ئەوانیش بە پشتیوانیی فڕۆکەی بۆمبهاوێژی بریتانیا، شێخیان بەرەو چیا ڕاو نا. لەوێ خۆی ڕادەستی لەشکری تورکی کرد — ئەوانی پێ باشتر بوو لە ئەرتەشی عیراق. براکانی شێخ درێژەیان بە خەبات دا بەڵام پاش ساڵێک (1933) ئەوانیش ناچار کران چەک دانێن و سوێندی وەفا و هۆگری بۆ مەلیک فەیسەل بخۆن. هۆکاری بڕیاردەر لێرەدا فڕۆکەی بۆمبهاوێژی بریتانی بوو، دەڵێن 1365 خانووی 79 گوندی ڕماند. کورد یەکێکە لە یەکەمین قوربانییەکانی بۆمبارانی فڕۆکە دژ بە ئامانجی سیڤیل.

لە کوردم بیستووە گۆیا ئازاری ویژدانە لای بریتانییەکان بەرانبەر هەڵوێستی ئەو سەردەمانە کە پاش نێزیکەی شێست ساڵ بووە هۆی *Operation Provide Comfort* — دابینکردنی ناوچەیەکی خۆفەرمان (ئۆتۆنۆم) بۆ کورد لە باکووری عیراق پاش جەنگی کەنداو. مەخابن دابینکردنی ئەم ناوچە پارێزراوەیش نەبووە هۆی یەکبوونی کورد. جووتە سەرخێڵ، بارزانی و تاڵەبانی، یەکەمیان سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان KDP و دووهەمیان سەرۆکی یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان PUK، نەیان توانی پێک بێن لەسەر هەڵسووڕان و پاراستنی ناوچەکە و ڕێکخستنی ئابووری و سیاسی. ناکۆکییان گەیشتە لێک سرەواندن و جۆرێک لە شەڕی نێوخۆ. ئەمیش بووە هۆی بنکۆڵکردنی بڕواهێنان بە خەباتی کورد بۆ سەرخۆبوون.

دەربارەی باکووری کوردستان، پارلەمانی میللی لە ئانگۆرا (ئانکارا) ڕۆژی 10ی فێبرواریی 1922 بڕیاری دا «فەرمانداریەکی ئۆتۆنۆم بۆ میللەتی کورد دامەزرێنێت هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ دابونەرێتی میللی خۆیان». بڕیار وەها بوو لە هەڵبژاردنی ئازاددا پارلەمانێکی میللی کوردی بێتە دامەزراندن، بەڵام پارلەمانی میللی لە ئانکارا مافی پەسەندکردنی فەرمانداریی گشتی کە میللەت لە ناوچەی ئۆتۆنۆمدا هەڵیبژاردووە و هەروەها مافی فەرمانداریی جەندەرمەش لە کوردستان، بۆ خۆی تەرخان کرد. ئەوجا زمانیش لە پارلەمانی میللی کوردیدا دەبا تورکی بێت.

کورد لەم سنووربەندییە زۆر دڵشکاو مان بەڵام نەیانتوانی هیچ هەڵمەتێکی یەکگرتوو بنوێن بەرانبەر پلانەکانی ئانکارا. لەو دەمەدا موستەفا کەمال جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی بۆ کورد سەلماند بەڵام دەسەڵاتی سیاسیی لێ زەوتکردن. پاش ساڵێک تورکیە دەنگی گڕتر بوو. هیچ ئاماژەیەک بە کوردستان لە دۆکیومێنتی فەرمیدا بوونی نەما و کوردیش زیادتر وەک کێشە بۆ یەکبوونی وەڵات ناوزەد دەکران. سەیر لەوەدایە مێژوونووسان ڕایدەگەیەنن کە

هۆی گرینگی ئەم ڕاگۆڕییەی موستەفا کەمال، کوردێک بوو: زیا گویکلاپ Ziya Göklap[19] ی فەیلەسووف و جڤاکناس.

Göklap ساڵی 1920 کتێبێکی بڵاو کردەوە بە ناوی «بنەماکانی تورکایەتی». بۆچوونی ئەم کتێبە دەیگوت هۆگریی جڤاکی و هاریکاری لەسەر بنەمای هاوفەرهەنگی دروست دەبێت، ئەمیش لە فێرگەوە دەگوازرێتەوە.

*میللەت (ناسیۆن) بریتییە نییە لە گرووپێکی ئەتنی، جیۆگرافی، سیاسی یان دڵخواز، بریتییە لە گرووپێک خەڵکی خاوەن زمانی هاوبەش، دینی هاوبەش، ئاکار و جوانیناسیی هاوبەش، واتە کەسانێک خوێندنیان هاوجۆر بێت.*

ئەم بۆچوونە ڕێک دەهات لەگەڵ دیدی موستەفا کەمال بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی میللی تورک لە تێکەڵەی ڕەچەڵەکی نەتەوەی جیاواز لەسەر شێوازی ئەورووپی، واتە ئاوێتەکردنی میللەت لە چێوەی کۆماردا و دژایەتیکردنی دابڕان و کەنارگیری. گشت میراتی عوسمانی و هەروەها هەموو نەریت و زاراوەیەکی تایبەت کە ببێتە ڕێبەست لە دروستکردنی تورکیەی نوێدا دەبێت وەلا بنرێت. ناوی کوردی گۆڕا بە ناوی تورکی، زمانی کوردی لە خوێندن و لە دادگەدا یاساغ کرا. فێرگەی دینی داخران و بەوەش دوا دەرفەتی خوێندنی کوردی چوو.

**ڕاپەڕینی شێخ سەعید**

مانگی مارسی 1924 کۆتا بە خەلافەت هێنرا و ئەمەیان دوا دڵۆپەی سەبری کوردی چۆڕاند. سازمانێکی نوێ بە ناوی «ئازادی» هەڵنرا و کوردی کۆ کردەوە بە مەبەستی ڕاپەڕین بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ. ڕاگەیاندنی کرچوکاڵ، هاوئاهانگیی نارێک و کەماسیی لە ڕازگریدا یەکەم هەوڵی لەبار برد و چەندین ڕێبەر کەوتنە زیندانەوە.

بەڵام شێخ سەعیدی پالوو توانی لە بەهاری 1925 دا سەرخێڵ و سەرهۆزی یاخی کۆ بکاتەوە بۆ ڕاپەڕینێکی چەکدارنەی نوێ دژ بە ئانکارا، داواکاریش بریتی بوو لە دامەزراندنەوەی خەلافەت و هەروەها دامەزراندنی حکوومەتی کوردی. شێخ سەعید لە نێو ئیسلامی سوننەدا، سەربە ڕێبازی نەقشبەندی بوو، هەر لەبەر ئەوەش ژمارەیەک زۆری کوردی عەلەوی خۆیان دوور گرت لە ڕاپەڕینەکە، تەنانەت لایەنی لەشکری تورکیان گرت.

شێخ سەعید سەرکەوتووانە بە هەزاران پیاوەوە پەلاماری دیاربەکری دا، بەڵام موستەفا کەمال 52 هەزار سەربازی تاو دا بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە. سەرباز دەورەی کوردیان دا و ڕێبەرەکانیان گرتن. سزادان دڕندانە بوو. ڕۆژی 4 سێپتەمبەری 1925 شێخ سەعید و 46 ڕێبەری دیکە لە دیاربەکر لە سێدارە دران. دادگەی تایبەت 7500 کەسی گرت و 660 ی تیرباران کرد. سەرخێڵ و شێخان گوێزرانەوە بۆ خۆراوای ئاناتۆلیا، گوند سووتێنران و ئاژەڵ تاڵان کران.

---

[19] - زیا (ضیاء) گویکلاپ Ziya Gökalp (1876-1924) کوردی شاری ئامەد-ە.

Gustaf Wallenberg [20] دەڵێت: «ڕاپەڕینەکەی کوردستان بە «شەڕی Dacke»[21] ی کۆماری تورکی دەچوو». مەبەستیشی ئەوەیە ئاڕاستەی ڕیفۆرمی پێگیر لە ڕاستیدا لەتەک خواستی زۆرینەدا یەکی نەدەگرتەوە و دەرئەنجامیش، گەر مرۆڤ ئامادەی دەستبەرداری نەبێت، ناچار دەبێت هەمیشە بە چنگ و دەندووکان داکۆکییان لێ بکات. «لایەنگرانی ڕیفۆرم هەم لە هەڵسەنگاندنی هێزی سەرکەوتنی بیرۆکەکانی خۆیان زێدەڕۆییان کرد، هەم لە هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی نەریت لە ناخی میللەتدا کورتپێوییان کرد».

Wallenberg پێی وایە درێژەدان بە پرۆسەی دادگە دژ بە شێخ سەعید و هەڤاڵانی مەبەستێکی تایبەتی هەبوو، ئەویش ئابڕووبردنی بەرهەڵستکاران و میدیای بەرهەڵستکار بوو. وەها ڕادەگەیەندرا کە ئەم شێخە بەرتاوانانە:

*بۆ ئەم ڕاپەڕینە بەزیوەیان، هەر نەبێت بە شێوەیەکی تیان (ناڕاستەوخۆ) ئیلهامیان لە بوونی ئاشکرای پارتی بەرهەڵستکار وەرگرتوە و بەتایبەتی لەو مەبەستە پەنهانەی ئەمان لە بەرنامەی ئەو پارتە دەرکیان کردووە، بەتایبەتی ئەو خاڵەی داوای ڕێزگرتن دەکات لە باوەڕی دینی، سەرنجی ئەمانی ڕاکێشاوە. دەرئەنجامیش گەیشتە ئەوەی پارتی کۆمارخوازی پێشڕەوت هەڵوەشێنرێتەوە لەبەر ئەوەی دەیهەوێت شیرازە، ئارامی و ئاسایشی وەڵات بشێوێنێت.*

نەک تەنها بەرهەڵستکاران، بگرە هێزی دەرەکیش تاوانبار کران بەوەی دەستیان هەیە لە ڕاپەڕینی کورددا، بەر لە هەموانیش ئینگلاند. لە کورتەنووسی ڕۆژناماندا هاتووە گۆیا شێخ سەعید لە شوێنی لەسێدارەدانیدا پرسیاری لێ کراوە:

- دەیسا ڕاست و دروست پێم بڵێ، بە بۆچوونی ئێوە کێ بەدکارترین دوژمنی تورکیەیە؟

شێخ بە ڕوونی گوتی:

- هەڵبەت ئینگلاندە!

ئەوجا یەک لە ئەندامانی دادگە بەم بۆنەیەوە لێی پرسی:

- ئەوجاش تێناگەن کە تورکیە لە ڕاستیدا ئێستاش پارێزەری ئیسلامە؟

تەنها وەڵامی شێخ لێرەدا:

- گەر خودا بیهەوێت، وەها دەبێت.

ئەمانە دوا گوتەی شێخ بوون.

---

[20] – بازرگان، دیپلۆمات و سیاسەتمەداری سوێدی Gustaf Oscar Wallenberg (1863-1937)، ساڵی 1920 بووە «باڵیۆزی ڕاسپاردە» Envoy ی سوێد لە ئیستەنبوول.

[21] – شەڕی Dacke ئاماژەیە بە ڕاپەڕینێکی جووتیارانی دەڤەری سمۆلاند Småland ی سوێد لە ساڵانی 1542-1543 دا بە ڕێبەرایەتی Nils Dacke (1510-1543) دژ بە Gustav Vasa (1496-1560) کە لە نێوان 1523–1560 پاشای سوێد بووە.

لە ڕاستیدا، هەم شێخ و هەم بەرتاوانەکانی دیکە لە هەموو ماوەی دادگەکەدا بەردەوام نکوولّییان دەکرد لەوەی هیچ مەبەستێکی ناسیۆنالیستانەی کوردانەیان هەبووبێت یان هیچ پەیوەندییان گرتبێت لەگەڵ هێزی دەرەکیدا. Wallenberg دەنووسێت:

*ئەمە وێڕای ئەوەی ئەو هەوڵەی تورکیە دەیدا، کە لەوە دەچێت لە لایەن دادوەرەکانەوە ساز کرابێت - کە دەبا لە ڕوانگەی تورکییەوە هەڵە بێت - بۆ ئەوەی ناچاریان بکات ئەو تاوانەش بسەلمێنن. بەپێچەوانە، هۆکاری ئەم ڕاپەڕینە، بە گوتەی خودی ڕێبەرانی یاخییەکان بریتی بوو لەو بڕیارە مەترسیدارەی کۆماری تورکیە بە پەکخستنی شەریعە (قانوونی ئیسلامی) - هیچی دیکە نییە.*

خێزانی شێخ سەعید وەڵاتبەدەر کران. یەک لە نەوەکانی شێخ، ئەبدولمەلیک فرات، ساڵی 1957 گەڕایەوە تورکیە و هەڵبژێرا بۆ پارلەمان، بەڵام پاش هەر کودتایەکی سەربازی - 1961، 1971، 1981 - بە تاوانی دابڕانخوازی[22]ی کوردانە دەگیرا و زیندانی دەکرا. فرات دەڵێت:

*لە پاش ڕاپەڕینی باپیرەمەوە کەمالیستەکان هەردەم خێزانی ئێمەیان بە مایەی هاندەری ڕاپەڕین داناوە... لە ڕاستیدا خراپ لە باپیرم گەیشتوون. باپیرم ڕێبەرایەتیی شۆڕشی 1925 کرد چونکە تێگەیشتبوو لەوەی فەرهەنگی ئیسلامی، کە تاکە بەندە کورد و تورکی کۆ کردۆتەوە، خەریکە هەڵدەوەشێتەوە و گۆڕانکاریی وەها لە ئایەندەدا دەبێتە مایەی کێشە بۆ هەردوو جڤاک.*

فرات جەخت دەکات لەسەر ئەوەی گەلی کورد نۆرەیەکی گرینگی هەبووە لە خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیە. موستەفا کەمال جەنگی خۆی لە خۆرهەڵاتی تورکیە گڕ دا، بە شێخ و ئاغاکانی کوردی ڕاگەیاند کە ئەم خەباتە خەباتێکی هاوبەشە بۆ تورک و کورد، بەوەش کوردی ڕاکێشا بۆ بەرەی خۆی.

فرات دەڵێت:

*لە تورکیەدا چیدی ڕێبەری سیاسی نەماون. ئەمانەی هەن کەسانی بستەباڵا و بیرۆکراتن و فەرمانی ئەرتەش جێبەجێ دەکەن. ئەم ڕژێمە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە و ساختارگۆڕییە. ئەتاتوک وەک خودا سەیر دەکرێت و تەنانەت پێشنیاز بۆ گۆڕینی بنەماکانی ئەو نایەنە سەلماندن.*

فرات دەڵێت چوار ملیۆن کەس پشتیوانی لە خێزانەکەی ئەم دەکات و ئەمیش لەسەر ڕێبازی ئەو خێزانە خەبات دەکات بۆ ئاشتی و برایەتی.

وێڕای خەفەکاریی توندی دەوڵەت دژ بە کورد پاش ڕاپەڕینی سەعید، سەرهەڵدان لە کۆتای ساڵانی 1920 و لە ماوەی ساڵانی 1930 دا لە دەڤەری جیاوازی کوردستان درێژەی هەبوو. هەروەها لە خۆراوای تورکیەش سەرپێچیی گەلێر بەرانبەر چەوساندنەوە دین ڕووی دەدا. لە شاری مەنەمەم Menemem ی نێزیک ئیزمیر

---

[22] - دابڕانخوازی Separatism

ئالای ڕاپەڕین بە ڕەنگی کەسکی پێغەمبەرەوە دژ بە «کافران» ساڵی 1930 هەڵکرا، سەربازەکان پەلاماری خەڵکیان دا، ڕێبەریان گرت و لە ملیان دا. ئەمەش شەڕی دیکەی لێ کەوتەوە و سێ یاخی تێدا کوژران. سەرەتا ئەم ڕووداوە بە دەرهاویشتەیەکی سنوورداری دەمارگیریی دەروێشانە پێشان درا، بەڵام پاش چەند ڕۆژێک ڕاگەیەنرا کە ئەمە ناوەڕۆکی زۆر قووڵتر و جیددیتری هەیە. موستەفا کەمال ئەم تاوانەی خستە ئەستۆی کۆنەپەرستان و «دەبێت وەک پەلاماردانێکی کۆمار سەیر بکرێت». دادگەی جەنگ فەرمانی مەرگی دا بەسەر 37 بەشداری ئەو ڕاپەڕینەدا و لە سێدارە دران.

چەند کەسێکی ئەو ڕاپەڕینە، هەر وەک شێخ سەعید، سەربە ڕێبازی نەقشبەندی بوون کە لە ساڵی 1925 قەدەغە کرابوو، بەڵام ئاشکرا بوو کە هێشتا ماوە. Carl von Heidenstam ی جێگری Gustaf Wallenberg بەم ئەنجامگیرییە دەگات:

*دەسەڵاتی باڵای پەیوەندیدار لە سەروبەندی هەڵوەشاندنەوەی ڕێبازی دینی و سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر تەکیەی ئەم ڕێبازانەدا تەواو پەی نەبردبوو بە ئەم جۆرە پەیوەستانە چ بایەخێکیان هەیە بۆ بەشێک لە گەلی تورکیە. حکوومەت پێی وەها بوو لە ڕێی فەرمانی هەڵوەشاندنەوە بتوانێت کۆتا بەم کۆمەڵانە بهێنێت کەچی هانیدان بۆ چالاکیی ژێرزەمینی و پیلانگێڕی.*

ڕێبازی «برایانی موسڵمان» وەک ڕێبازی نەقشبەندی، لای کەمالیستەکان بە کۆمەڵەی نهێنی دادەنران کە دەمارگیریی ساکارانەیان دەشیا خەڵک هان بدات دژ بە سەرۆکایەتیی دەوڵەت. کەمال دەیویست میللەت پەروەردە بکات بەوەی بە ڕۆشنایی ڕاستییەکانی زانست دەستبەرداری هەموو بۆچوونێکی خورافەپەرستی ببن.

von Heidenstam دەنووسێت: «بەڵام سەنگیان هەر ما». هەتا ئەمڕۆش ئەو ڕێبازە نهێنییانە سەنگیان لە هەموو کاتێک زیادترە. تورگوت ئۆیزال Turgut Özal ی سەرۆوەزیر (89-1983) و سەرکۆمار (91-1989)، سەربە ڕێبازی نەقشبەندی بوو بەڵام هاوکات لیبەڕاڵیکی دۆستە خۆراوا، شۆڕشێکی ئابووری لە تورکیە بەرپا کرد. سەکولارەکان تاوانباریان دەکرد بەوەی مزگەوت زۆر دروست دەکات و دەروازەی سوپا بۆ ئیسلامیستەکان دەکاتەوە.
ئیسلامیستەکانیش تاوانباریان دەکرد بەوەی بێفەرهەنگی و گوناهی خۆراوا دەهێنێتە تورکیەوە. ئۆیزال پێی لە هەردوو بەرەدا بوو، چێژی دەبینی لەوەی هاوسەنگییەکی خەتەرناک ڕابگرێت، ئەمەش بەگشتی جێی سەرسامیی تورکان بوو. بەم شێوەیە ئۆیزال بووە بەرجەستەکردنی جۆرە خەونێکی تورکی: هەم موسڵمانێکی باش بێت و هەم «خۆراوایی» ـیەکی سەرکەوتوو.

ئەو دەمە دەڤەرێکی کوردیی بەتایبەت پەشێو، دەڤەری دێرسیم بوو، بە تورکی ناوی لێ نرا تونجەلی Tünceli. ساڵی 1937 بە مەبەستی ڕیشەکێشکردنی ویستی بەرگری لەم دەڤەرە، 25 هەزار سەرباز هاتە دێرسیمەوە و ساڵی پاشان کرانە 50 هەزار. ساڵی 1946 ئەوجا «دۆخی نالەبار»[23] لەسەر Tünceli لا درا، ئەو ساڵە بوو «دیمۆکراتیی پارلەمانتاری» خرایە کار.

23 - «دۆخی نالەبار» State of emergency

**دیمۆکراتی، تراکتۆر و کودەتای سەربازی**

لە کۆتای ساڵانی 1930 ـەکانەوە کورد بە «تورکی چیایی» ناوزەد کرا و دیارە بەوەش مافی دامەزراندنی پارتی سیاسیی کوردانەش قەدەغە کرا. کوردێک خولیای سیاسەتی هەبا ڕووی لە پارتی دیکە دەنا، سەرخێڵەکان ڕوویان لە پارتە ڕاسترەوەکان دەکرد و جەوانیش لە چەپڕەوان. لەتەک ئەوەشدا، لە ساڵانی 1960 دا پارتێکی نهێنی ساز کرا، پارتی دیمۆکراتی کوردستانی تورکیە KDPT، بە ڕێبەرایەتیی چەند ئاغایەک و ڕێبازێکی کۆنەوار (کۆنسێرڤاتیڤ)ی ناسیۆلیستانەی گرتە بەر. کوردی ڕادیکال زیاتر دەچوونە پاڵ پارتی سۆسیالیستی لێگاڵ[24] «پارتی کرێکارانی تورکیە»، تەنانەت عەلەویی چەوساوەش ڕوویان لەم پارتە دەنا.

برەوی پیشەسازی و تراکتۆرکاری لە ساڵانی 1950 دا هەلومەرجی گوزەرانی کوردی گۆڕی. گەشەی پیشەسازی لە خۆراوای تورکیەدا جەوانی هەژاری گوندیی کوردی هان دەدا بۆ کۆچ بەرەو شار، لەوێ بە مووچەی باشتر کاریان دەست دەکەوەت. برەوی تراکتۆر بووە مایەی میکانیکاندن و نێوەندگیراندنی[25] کشتوکاڵ و بەمەش زۆر وردەجووتیار بێکار مان و گەورەجووتیار زەنگینتر بوون. ئاغا تراکتۆری بۆ جووتیار دابین دەکرد بەوەش پەیوەستبوونی جووتیار بە ئاغا توندتر دەبوو. یەشار کەمال لە چەندین ڕۆماندا بە دەرکێکی قووڵەوە باس لەو گۆڕانکارییە دەکات کە شۆڕشی تراکتۆر بەرپای کرد.

کرێکاری کورد خۆیان لە نێو سەندیکای کرێکاراندا ڕێک دەخست و بیرمەندان[26] لە سازمانی فەرهەنگی و سیاسیدا، داوای مافی سیاسی، جڤاکی و ئابوورییان دەکرد. فێرخوازی ڕادیکال خزانە نێو بزاڤی شۆڕشگێڕانە و دەستەی گەریلای شارنیشینەوە، ئەمانیش پاش کودەتای سەربازیی 1971، لە لایەن سوپاوە لێدران.

لە 1970 کاندا خەباتی ئایدیۆلۆژیی نێوان ڕاسترەوان و چەپڕەوان چەندین ناکۆکیی دیکەی هەم دەشاردەوە و هەم بە سوودی خۆی دەچەرخاند: ناکۆکیی نێوان تورک و کورد، نێوان سوننە و عەلەوی، نێوان ئیسلامیست و کەمالیست، نێوان شارنشین و گوندیی کۆچبەر. لە نێوان 1973 و 1977 دا نێزیکەی 500 فێرخواز لە پەشێوی و پێکداندا کوژران. گرووپی ڕاسترەوی پەڕگیری هەرە ترسناک بریتی بوو لە «گۆرگەبۆر» *Bozkurtlar* کە پەلاماری کۆمیونیست و کوردیان دەدا چونکە ئەویان ناسیۆنالیست نەبوو، ئەمیان تورک نەبوو. «گۆرگەبۆر» لە پشت کۆمەڵکوژییەکەی 1978 بوو کە لە شاری مەرەش Maras[27] ی کوردنشین زیادتر لە 100 کەس کوژرا و 500 دوکان و خانە وێران کران. حکوومەت «دۆخی نالەبار» ی لە ناوچە کوردییەکان ڕاگەیاند. بەڵام پەشێوی درێژەی کێشا و هەشت مانگ پاشان نێزیکەی چوار هەزار کەسی دیکە هاتنە کوشتن.

ئەرتەش لە 12 ی سەپتەمبەری 1980 دا بۆ جاری سێهەم لە پاش جەنگی دووهەمی جیهانییەوە (زووتر لە 1960 و 1971 دا) هەڵمەتی برد، حکوومەتە سیڤیلەکەی خست و پەیمانی دا بەزووترین کات پاش ئەوەی سالاریی حکوومەت جێگیر دەبێتەوە، دەسەڵات بداتە دەست حکوومەتی سیڤیل. زۆر کەس لەوانەی بەسەرهاتی ئەو سەردەمانە دەگێڕنەوە دەڵێن بارودۆخی وەڵاتەکە تەواو پەشۆکاو بوو، هەر دەتگوت ئانارکیستانەیە. لەبەر ئەوەش بوو زۆرینەی بێدەنگ پێشوازی لەو کودەتا سەربازییە کرد. لەشکر گشت پارتە سیاسییەکانی قەدەغە

[24] – لێگاڵ Legal مۆڵەتدار، ڕێ پێدراو.

[25] – میکانیکاندن و نێوەندگیراندن بەرانبەر Mechanization & Centralization دانراون.

[26] – بیرمەند – ڕۆشنبیر Intellectual

[27] – شاری گورگوم Gurgum (مەرەش) Mereş

کرد، سەرۆک پارتەکانیش یان زیندانی بوون یان دەستبەسەر. لە ماوەی ئەو 3 ساڵەدا کە وەڵات لە ژێر ڕکێفی لەشکردا بوو، زیادتر لە 600 هەزار کەس خرانە زیندانەوە، بەشی هەرە زۆریان سەربە پارتە چەپڕەوەکان بوون. ئاماری فەرمی دەیگوت نێزیکەی 4500 کوردی دابڕانخواز (جیاخواز، سەپاراتیست) هاتنە گرتن، بەڵام سازمانەکانی مافی مرۆڤ دەڵێن ژمارەی کوردە گیراوەکان زۆر زیادتر بوو، نێزیکەی 80 هەزار کەس بوو، کە ئاشکرای دەکات دۆزی کورد زۆر لەوە فرەوانتر بوو کە لەشکر دەیدرکێنێت. بە مەبەستی جڵەوگرتنی بارودۆخ، نێزیکەی دوو لە سێی لەشکر لە ناوچەی کوردنشیندا پێوەر بوون.[28]

**پەکەکە PKK**

مانگی ئاوگوستی 1984، یەک ساڵ پاش ئەوەی لەشکر فەرمانی ڕادەستی حکوومەتی سیڤیل کردەوە، پارتێکی نەناسرواى کوردی، پارتی کرێکارانی کوردستان Partiya Karkerên Kurdistan - PKK کەوتە پەلاماردانی ئامانجی ئەرتەشی لە ناوچە کوردییەکان. PKK لە ساڵانی 1970 دا لە لایەن کوردێکەوە بە ناوی عەبدوڵا ئۆجەلان، ناوزەد بە ئاپۆ Apo، هاتە دامەزراندن. دەڵێن گۆیا ئاپۆ لە تەمەنی جەوانیدا موسڵمانێکی باوەڕدار بووە، سەرنجی هەڤاڵانی خۆی ڕاکێشاوە بەوەی ئایەتی قورئانی ئەزبەر بووە. خاڵی وەرچەرخان لە زیندانی ئانکارا بوو ساڵی 1970، لەوێ پاش ڕێپێوانێکی بێمۆڵەتی فێرخوازان، ئۆجەلان هەفت مانگ زیندانی کرا. هەڤاڵانی زیندان هێنایانە سەر باوەڕی سۆسیالیزمی زانستانە. پاش ماوەی زیندان ئۆجەلان گەڕایەوە باشووری خۆرهەڵات بۆ چەرخاندنی خەباتی ئازادیخوازیی پەکەکە.

ئەوەی نوێ بوو لە خەباتی ناسیۆنالیستانەی پەکەکەدا بریتی بوو لە ڕیشاڵی خەباتی چینایەتی. بەرنامەی پەکەکە لەسەر بۆچوونی مارکسیست - لێنینیستانە داڕێژرا بوو. دوژمن بە دیدی پەکەکە تەنێ «گۆرگەبۆر»ی فاشیست و سیخوڕەکانی دەوڵەت نەبوون، بگرە هەروەها چینی موڵکداری کورد، سەرخێڵ و سەرهۆزی کۆنەواریش بوون. پەکەکە فێر بوو چۆن سوود لە دوژمنایەتیی خێڵەکی ببینێت بۆ ڕاکێشانی لایەنگیر — کەسێکیش لە خێزان یان لە خێڵدا لایەنگیری پەکەکە بێت ئەوا لایەنگیریی گشت ئەو خێزان و خێڵە دەستەبەر دەبێت. لەبەر ئەوەیە سەختە ژمارەی لایەنگرانی پەکەکە مەزەندە بکرێت.

کاتێک پەکەکە دەستی دایە خەباتی چەکداری، پارتەکە 200 چەکداری هەبوو. لە سەرەتای ساڵانی 1990 دا پەکەکە بە گوتەی دەوڵەتی تورکی 15 هەزار چەکداری هەبوو بەڵام پەکەکە خۆی دەڵێت 60 هەزار.

بازرگانێکی کورد کە ساڵانی 1990 پارتێکی لیبەڕالی دامەزراند و داوای دەکرد ئەم جەنگە کۆتا بێت، دەیگوت بە کوشتنی هەر کوردێک ژمارەی لایەنگرانی پەکەکە زیاد دەکات و بە کوشتنی هەر تورکێک ژمارەی دوژمنانی پەکەکە زیاد دەکات. هەردوو لایەنی ئەم ناکۆکییە کە دێتە سەر قوربانییان، ژمارەی جیاواز دەدەن. لایەنی حکوومەتی دەڵێت ژمارەی کوژراو لە 30 هەزار کەس زیادترە، و بەشی زۆریان یان پەکەکەن یان خەڵکی سیڤیل. بەڵام پەکەکە دەڵێت زۆرینەی کوژراو سەربازی حکوومەتن. ئەو ژمارانەی لە هەردوو لاوە ڕەپێش دەخرێن *body count* ی جەنگی ڤییەتنام دەهێنێتەوە یاد کە بریتی بوو لە سەرخستنی ورەی جەنگ بە

[28] - «پێوەربوون» Deploy — بۆ بڵاوبوونەوەی ڕێکوپێک و دامەزرانی لەشکرە - بڕوانە مەسعوود محەمەد - «زاراوەسازیی پێوانە»، سایتی مامۆستا: www.mamosta.net.

زیادکردنی ژمارەی کوژراوانی ئەولا و کەمکردنەوەی ژمارەی کوژراوانی خۆ. هەر وەک جەنگی ڤیەتنام خەڵکی سیڤیل لە نێوان دوو سەنگەردا گیر دەخۆن.

بەدەم فرەوانبوونی خەباتی چەکدارییەوە، دەرفەتی کورد سەختتر دەبوو بۆ خۆ لادان لەو ناکۆکییە: ئەوەی لەگەڵ ئێمە نییە، دژمانە - یان لەولا دەبێتە: ئەوەی بە ڕوونی دژ نییە، لەگەڵە. بۆ ڕزگاربوون لە گومان و هەڕەشەی هەردوو لا، بۆ ڕزگاربوون لە زۆرداری و سزا، ئەوەی توانای هەبوو بەرەو شارەکانی خۆراوای تورکیە کۆچی کرد. ئەوانەی دیکە ڕوویان لە نێزیکترین شاری خۆرهەلات نا. جەنگەژمارە دەڵێت لە نێوان یەک و نیو هەتا سێ ملیۆن کەس باشووری خۆهەڵاتی جێ هێشتووە، یەک هەزار تا سێ هەزار گوند چۆڵ کراون، هەزاران فێرگە داخراون، زیادتر لە یەک ملیۆن منداڵ فێرگەبەدەرن. هەردوو لا یەکتر تاوانبار دەکەن: پەکەکە تاوانبارە چونکە سزای ئەو کوردانە دەدات کە پشتیوانی پەکەکە ناکەن، هێزی ئاساییش تاوانبارن کە دەیهەوێت پەکەکە لە پشتیوانیی میللەت دابڕێت. ئەوەی لایەک ناوی دەنێت چۆڵکردن، ئەوەی دیکە ناوی دەنێت تاکتیکی خاکی سووتاو.

سەرەتای ساڵانی 1990 دانیشتوانی دیاربەکر کە پایتەختی ناوچەکەیە، لە 350 هەزارەوە گەیشتە سەرووی یەک ملیۆن، باتمان لە 150 هەزار کەسەوە گەیشتە 500 هەزار کەس. شارەکانی دیکەش هەر وەها. کورد، هەژاری شارستانی، زۆر دەبێت و ئەمانە بە ئاسانی دەکەونە بەرتاوی پەکەکە و بزاڤی دیکەی ڕادیکالی سیاسی. زۆر کەس توانی بەرەو هەندەران کۆچ بکات بۆ ئاڵمانیا، سکاندیناڤیا و هۆڵاند. لەو دوو ملیۆن تورکەی ئاڵمانیا زیادتر لە 300 هەزاری کوردە. کەواتە هەندەرانیش ڕادەکێشرێتە نێو ئەم ناکۆکییە.

کاتێک لەناکاو 12 ی نۆڤەمبەری 1998 ئۆجەلان لە شاری ڕۆما سەری هەڵدا دۆزی کورد بووە بابەتی شالاپەڕەی ڕۆژنامەکانی گشت جیهان. سووریا پاش هەڕەشەی ترسناک لە لایەن سەرۆکایەتیی لەشکری تورکەوە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەر ئۆجەلانی دەرکرد و ئەمیش ڕووی لە مۆسکۆ نا، لەوێش داڵدەیان نەدا و ناچار ڕووی لە ئیتالیا نا چونکە لەوێ چەند کۆمیونیستێک و چەند نووسەرێکی سەربە «کەسکەکان» هاوسۆزییان بەرانبەر پەکەکە پێشان دابوو. مانگێک بەر لەوە «پارلەمانی هەندەران» ی کوردی ڕێگەی درا بوو لە ڕۆما جڤینی هەبێت و لە هۆڵەکانی پارلەمانی ئیتالیادا کۆنفەرەنسی ڕۆژنامەوانی بگرێت. لەوە دەچێت پەکەکە پێی وەها بووبێت ئیتالیا شوێنێکی لەبارە بۆ ئەوەی لە خاکی یەکیەتیی ئەورووپا European Union (EU) وە هەڵمەتێکی سیاسی بەرپا بکات بەرانبەر تورکیە بە مەبەستی چارەکردنی دۆزی کورد. تورکیش دەمودەست داوایان کرد ئەو ڕێبەرەی پەکەکەیان ڕادەست بکرێت کە بەرتاوانی کوشتن و تێرۆریزمە. تورکیە گشت پێشنیازێکی ڕەت کردەوە جۆرێک گوتوبێژی تێدا بێت.

کورد لە گشت لایەکی ئەورووپاوە بە شالاو هاتنە ڕۆما و هیچ وەڵاتێکی ئەورووپی خۆی لەم باسە نەگلاند، حکوومەتی ئیتالیا پەشیمان بۆوە و بڕیاری دا میوانەکەی خۆی دەر بکات. مانگی ژانیوەری 1999 ئۆجەلان لە ئیتالیا نەما و «سەرنگوم» بوو هەتا سەروەزیران ئەجەڤیت Ecevit ڕایگەیاند کە ئۆجەلان 15 ی مانگی فێبرواری لە شاری نایرۆبی[29] Nairobi گیراوە و هێنراوەتە تورکیە بۆ دادگایی. تەلەڤیزیۆن ئۆجەلانی پێشان دەدا، دەم و دەست بەستراو، بە کەلەپچەوە لە نێو فڕۆکەدایە و سەربازی ئاساییش دەیفرێنن. وێنەکان بینەرانی تیڤیان لە خۆراوا هەژاند، تەنانەت ئەو کوردانەی هەرگیز لایەنگری پەکەکە نەبوون پێشانیان دا وێنەکان چ هاوسۆزییەکی

[29] - نایرۆبی – ی پایتەختی وەڵاتی کینیا.

پەیدا کرد. ئۆجەلان بووە هێما بۆ میللەتی کورد کە چۆن لە لایەن تورکەوە چاوشکێن دەکرێت، تورک دەیەوێت سەر بە پەکەکە شۆڕ بکات و پێشانی بدات کە ڕێبەرەکەیان ئەو هێزە ئەفسووناوییەی دۆڕاندووە.

هەر زوو کاردانەوەی کورد بە شێوەی هەڵمەتی چەکدارانەی ڕێکوپێک کەوتنە داگیرکردنی باڵوێزخانە و کۆنسولخانەی یۆنانی لە گشت ئەورووپادا. ئۆجەلان لە نایرۆبی لە باڵوێزخانەی یۆنانی بوو، لەوێ هێنرایە دەرێ بە زۆر یان بە فریوو. بەوەش یۆنان بە بەشدار زانرا لە گرتنی ئۆجەلاندا. مێدیا تورکیش بزەی خۆشی دەهات و دەیگوت دەبا ئەورووپا باش لە ماکی سازمانی پەکەکە بگات.

داگیرکردن و بارمتەگرتن نەبوونە هۆی زیادکردنی هاوسۆزی بۆ دۆزی کورد. لە یۆنان حکوومەت تووشی سەختانگ (قەیران) بوو، سێ وەزیر، یەک لەوان Pangalos[30] ی وەزیری کاروباری هەندەران، لە حکوومەت لا دران. حکوومەتی سوێد هەڵمەتە ناقانوونییەکانی پەکەکەی ڕەت کردەوە و ڕایگەیاند کە پەکەکە نوێنەری زۆرینەی کوردی تورکیە نییە.

لە تورکیە، گرتنی ئۆجەلان، شەپۆلێکی ناسیۆنالیستانەی بزواند و ئەوەش بووە هۆی سەرکەوتنی پارتی DSP ی ئەجەڤیت و پارتی MHP ی ناسیۆنالیست لە هەڵبژاردنی پارلەماندا، مانگی ئاپریلی 1999 بە سەدی 22 دەنگ بۆ ئەویان و 18 بۆ ئەمیان. پارتی فەزیلەی ئیسلامیست کەوتە خانەی سێهەمەوە و 15 لە سەدی دەنگی هێنا.

### ئایە دۆزی کورد چارەی هەیە؟

هەڵبەتە وەڵامی ئەم پرسیارە بەندە بەوەی مەبەست لە چارە چییە. لایەن و بەرژەوەندخوازی جیاواز خاوەن پێشنیازی جیاوازن بۆ چارەسەر. لێرەدا پێشنیازە هەرە گرینگەکان باس دەکەم و هەوڵیش دەدەم پێشانی بدەم تا چ ڕادەیەک دەرفەتی پیادەکردنیان لەبارە.

### 1-دابڕان Secession

پەکەکە لە بەرنامەی سیاسیی 1983 ی خۆیدا ڕایدەگەیەنێت کە ئامانج بریتییە لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە باشووری خۆرهەڵاتی تورکیە وەک هەنگاوێک بەرەو کوردستانی مەزنی یەکگرتوو، کە وەڵاتی کوردانی دەوڵەتە هاوسێکانیش بگرێتەوە.

ناوچەی کوردنشین لە باشووری خۆراهەڵاتی تورکیە نێزیکەی 230 هەزار کیلۆمەتری دووجا دەگرێتەوە، نێزیکەی چارەکێکی خاکی تورکیەیە. لەم ناوچەیەدا نێزیکەی نیوەی کوردی تورکیە نیشتەجێن، نێزیکەی 6 ملیۆن لە کۆی 12,5 ملیۆن کورد. گەر تورکیە 62 ملیۆن دانیشتووی هەبێت ئەوا پێنجیەکی کوردە. گەر ناوچەی باشووری خۆرهەڵات لە تورکیە دابڕێت و کوردستانی سەربەخۆ ساز بێت لەوانەیە کوردی ناوچەی دیکەش کۆچ بکەن بۆ کوردستان بەڵام گشتیان نا، بەتایبەتی ئەوانەی باش ئاوێتەی جڤاکی تورکی بوون ناگەڕێنەوە کوردستان، بۆ نموونە زۆرینەی ئەو 2,5 ملیۆن کوردەی مەزەندە دەکرێت لە ئیستەنبوول بن.

---

[30] – پانگالۆس Theodoros Pangalos (1938-) سیاسەتمەدارێکی ناوداری یۆنانییە و لە ئەندامی سەرکردایەتیی پاسۆک PASOK ـە.

کێشەی دابڕانی ناوچەکە بەوەش ئاڵۆزتر دەبێت کە ئەم ناوچە کوردنشینەی باشووری خۆرهەڵات هەژارترین ناوچەی وەڵاتەکەیە و دەرفەتی گوزەرانی باشی تێدا نییە. وەک باسمان کرد، کۆچی ڕووەو خۆرئاوا لە ساڵانی 1950 وە دەستی پێ کردووە و لە ساڵانی 1980 کاندا بە هۆی تەژەندی ئابوورییەوە زۆر زیادی کرد و ئەوجا لە نەوەدەکاندا جەنگیش بووە هاندەر. کۆچ لە ناوچەی کەناری ڕەشەزەریاش هەر زۆرە، ئەویش ناوچەیەکی هەژارە، بەڵام کوردی لێ ناژی.

کورد لە دەوڵەتانی هاوسێدا، ویکڕا ژمارەیان هاوشانی کوردی تورکیەیە: لە ئێران 7 ملیۆن، لە عیراق 4,5 ملیۆن و لە سووریا یەک ملیۆن. جا لەبەر ئەوەی سەرانی ئەو دەوڵەتانەش هەر وەک سەرانی دەوڵەتی تورکیە ئامادە نین دەستبەرداری خاک بن بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ، ڕێگەی کۆکردنەوەی گشت کورد لە یەک دەوڵەتدا هەتا ماوەیەکی بەرچاو داخراو دیارە. وێڕای ئەوەی پارتە سیاسییەکانی کورد لە عیراق، KDP بە سەرۆکایەتیی بارزانی و PUK بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی، پشتیوانی لە بەرنامەکەی پەکەکە ناکەن بۆ دامەزراندنی کوردستانی مەزن، بەڵکوو ڕایانگەیاندووە کە دەیانهەوێت بەشێک بن لە عیراقێکی فەدەراڵ، دێمۆکرات و پارلەمانی.

گەرچی تورکیە هەتا ماوەیەکی دیکەش پشتیوانی لە *Operation Provide Comfort* دەکات کە پاش جەنگی کەنداو ناوچەیەکی ئاسوودە *safe haven* ی بۆ کورد لە باکووری عیراق تەرخان کرد، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ناچار نەبن پەنا بۆ تورکیە بەرن (2 ملیۆن کۆچبەر ساڵی 1991 لە تاو بۆردومانی عیراق بەرەو سنووری تورکیە و ئێران هەڵاتن)، بەڵام ئانکارا ترسی هەیە لەوەی ئەم ناوچە ئاسوودەیە ببێتە ئاوڵەمەی[31] دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کورد بە هەموو ئەو دەرهاوێشتانەی دەیبێت بۆ ئاساییش و یەکیەتیی خاکی تورکیە. لەم ناوچەیەدا بۆشایی سەربازی پەیدا بووە و پەکەکە دەرفەتی لێ هێناوە بۆ دامەزراندنی بنگە بە مەبەستی پەلاماردانی تورکیە. هێرشی سەربازی تورکیە بە 35 هەزار سەربازەوە بۆ باکووری عیراق لە مارس - ئاپریلی 1995 بۆ تێکدانی ئەو بنگەیانە بوو. ئەو هەوڵەش دیارە بێسوود بوو، چونکە پەلاماردانی سەربازیی لەو جۆرە چەندبارە دەبێتەوە. ئەوجا تورکیە داوا لە KDP و PUK دەکات پەکەکە لەو ناوچەیە نەهێڵن و بەرانبەر ئەوە یارمەتیی ئابووریان دەدات و بازرگانیی سەرسنووریان بۆ هەموار دەکات. KDP کە ناوچەی هاوسنووری تورکیەی بەدەستە باشتر گوێڕایەڵی داواکاری تورکیە بوو وەک لە PUK کە ناوچەی هاوسنووری لەگەڵ لەشکری سەددام حوسەین-دا هەیە.

**2-فەدەراسیۆن**

ئاپۆ ئۆجەلان - ی ڕێبەری پەکەکە چەندین جار ئامادەیی خۆی پێشان داوە بۆ گفتوگۆ دەربارەی چارەسەرێکی فەدەراڵی لەگەڵ حکوومەتی تورکیەدا. لە دیدارێکی 10 مارسی 1997 لەگەڵ ڕۆژنامەی Dagens Nyheter ئۆجەلان گوتی سیستەمێکی بەرینی فەدەراڵی زۆر لەبارترە بۆ هەموان وەک لەم پارچەپارچەبوونەی کورد: «ئەمەیان چارەسەری هەرە نموونەیە بۆ هەموو ئەم فەرهەنگ، دین و میللەتە تێکبەستانەی کورد بەشێکە لێیان». ئۆجەلان دەربارەی ئەو چارەسەرەی زووتر ڕاگەیەنرابوو - کوردستانی سەربەخۆ — گوتی ئەوەیان

[31] - ئاوڵەمە - کۆرپەلەی جارێ نەزاو.

ئایدیۆلۆژییە، بەڵام ئێستا ئەم دۆزە لە ڕووی سیاسییەوە پێناسە دەکرێت. «ئایدیۆلۆژی لەسەر بنەمای هزریی ورد هەڵدەنرێت. سیاسەت بریتییە لە نەرمەکاری».

بەڵام کەم تورک هەیە بڕوا بکەن بەوەی پەکەکە لە ساڵی 1984 وە دەجەنگێ و لە ماوەی ئەم 15 ساڵەدا چەندین هەزار لایەنگری خۆی کردۆتە قوربانی بۆ ئەوەی ئانکارا ڕازی بکات بە سەلماندنی فەدەراسیۆنێک لە تورکیەدا بە هەرێمێکی کوردییەوە خاوەن خۆفەرمانییەکی هەڵکشیو. تورکیە چۆن هەرێمێکی مارکسیستانە لە وەڵاتی خۆیدا دەسەلمێنێت؟ چەند دەخایێنێت هەتا ئەو هەرێمە بە هەرێمێکی ئازادکراو ڕادەگەیێنرێت و سەرخۆبوونی خۆی بەیان دەکات؟ ڕێبەرانی ئەم هەرێمە کوردییە چۆن بەرپرسایەتیی بەرگری و سیاسەتی دەرەکی بەجێ دەهێڵن بۆ دەسەڵاتی نێوەند لە ئانکارا و دڵکێش نابێت بۆ پیادەکردنی سیاسەتێکی سەربەخۆ بەرانبەر ناوچە کوردنشینەکانی دەوڵەتانی هاوسێ؟ ئەوسا گرژی لە ناوچەکەدا سەر هەڵدەدات و دوور نییە ئاسوودەیی گشت ناوچەکە بخاتە مەترسییەوە.

هیچ سیاسەتمەدارێکی تورک نییە، تەنانەت هەرە لیبراڵەکانیان، پشتیوانی لە پێکهاتەی فەدەراڵی کردبێت، گەرچی هەیە دەڵێت ئەم بیرۆکەیە دەبێت بخرێتە گفتوگۆوە. تەنانەت سەرۆوەزیرانی پێشوو، تانسوو چیلەر Tansu Çiller گوتبووی باسک Basque دەشێت نموونەیەک بێت بیری لێ بکەینەوە بۆ تورکیە. ئەوجا کۆنەوارانی نێو پارتەکەی خۆی لەو بیرۆکەیە ڕاسان و بەڵگەیان دەهێنایەوە بەوەی گەرچی باسک مافی خوێندن و پەخشی تیڤییان هەیە بە زمانی باسکی و گەرچی خۆفەرمانییەکی هەڵکشیوی سیاسییان هەیە، بەڵام سازمانی ETA لەسەر تێرۆریزمی خۆی هەر بەردەوامە. جگە لەوەش بازرگانێکی ناوداری تورکیە نموونەی باسکستانی هێنایە بەرباس بەڵام کەوتە بەر هەڕەشەی دادگاییکردن. بەمەش لەوە دەچێت ئەم باسە تا ماوەیەکی دیکە لە ڕۆژەڤی سیاسیدا جێی نەبێتەوە.

ترسی گەورە لە خۆفەرمانیی هەڵکشیوی هەرێمی بریتییە لە مەترسیی گەشەکردن. لێرەدا بۆ نموونە ئاماژە بە پونجاب دەکرێت کە سیخ خۆفەرمانی بۆ سەلمێندرا ئەوجا کەوتە داوای خالیستان Khalistan ی سەربەخۆ.

### 3-ئۆتۆنۆمیی فەرهەنگی

ئەگەر ئۆتۆنۆمیی هەرێمی بژارە (ئەڵتەرناتیڤ) یەکی نالەبار بێت، ئەوا ئۆتۆنۆمیی فەرهەنگی چارەیەکی لەبارە. ئەمیان بە پلەی یەکەم بریتییە لە خوێندن بە زمانی کوردی و هەروەها پەخشی ڕادیۆ و تیڤی بە کوردی. ئەم مافگەلە دەبنە مایەی پتەوکردنی «ناسنامەی کوردی». ئەمیش چەمکێکە تەنانەت سەرۆک دەمیرەل Demirel لێی دواوە، بەڵام ئەوەشی خستۆتە سەر کە مافی وەها پاش زاڵبوون بەسەر تێرۆریزمدا ئەوجا دێتە بەرباس.

لە سەروبەندی دۆزی کورد لە عیراق دەروازەیەک بە ڕووی دۆزی کورد لە تورکیەدا کرایەوە، دەستپێک ئەوە بوو تورکیە ساڵی 1988 پاش هێرشی کیمیابارانی سەددام حوسەین پەنای 60 هەزار پەنابەری کوردی دا. ئەم پەنابەرانە بە پێی هەلومەرج ڕەفتاریان لەگەڵ کرا. لە جەنگی کەنداودا کورد وەک هێزێکی دژ بە سەددام حوسەین زیاتر بووە جێی سەرنج لای دەسەڵاتی خۆراوا و سەرۆک ئۆیزال Özal پێشوازی لە ڕێبەرانی بزاڤی بەرگری کوردی عیراق، لە بارزانی و تاڵەبانی، کرد. ئۆیزال پشتیوانی دەکرد لە چارەسەرێکی فەدەراڵی بۆ کوردی عیراق، ئەمەش هیوای کوردی تورکیەی بووژاندەوە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ئۆیزال بوونی 12 ملیۆنی کوردی لە تورکیە سەلماند و قانوونی قەدەغەکردنی زمانی کوردی پەک خست. پارتی HEP ی دۆستەکورد ساز کرا و 22

ئەندامیان بە هەڵبژاردن هاتنە پارلەمانەوە. «پارتی سۆسیالدیمۆکراتی گەل» SHP کە ساڵی 1991 لە حکوومەتی هاوبەشی دەمیرەل Demirel دا بەشدار بوو، بەرنامەیەکی ڕەپێش خست بە پێشنیازی بەرجەستەوە بۆ سەلماندنی مافی فەرهەنگیی هاوزێدانی کورد. بەڵام ئەرتەش ڕێی لە حکوومەت گرت و جەختی لەسەر چارەسەری سەربازی دەکرد. کوردیش سوودی لەو کرانەوەی نەکرد کە لە دۆزەکەدا خویا بوو، بەوەش دەرفەتی پێشکەوتن بەم ئاڕاستەیە کوژایەوە.

بەهاری 1993 ڕێبەری پەکەکە ئاگربەستێکی یەکلایەنەی ڕاگەیاند و بەوەش دەرفەتێکی نوێ هاتە پێش، بەگشتی پێشوازی لێ کرا و بووە مایەی گەرمبوونی گفتوگۆ دەربارەی دەرفەتی کۆتاهێنان بەو شەڕە خوێناوی و درێژخایەنە. بەڵام ئەو دۆخە مەنگە تێکچوو ئەویش بە لێدانی کاروانێک کە سەربازی تورکی تێدابوو لە ناوچەی بەنگۆل، سەربازەکان لە مۆڵەتدا بوون و بێچەک - 35 سەرباز بە دەستی کەسانی پەرگیری نێو پەکەکە کوژران. جگە لەوە بەهاری 1993 سەرۆک ئۆیزال بە کوتوپڕ (سەکتە) ی دڵ مرد و بەوەش ڕێی دەستپێشخەریی نوێی سیاسی بۆ چارەسەری دۆزی کورد ڕێبەست بوون چونکە پێدەچوو ئۆیزال تەنها کەس بوو بێت ئازا و خەیاڵباز دەروەستی ئەم ئەرکە هاتبا. جەنگ چڕتر دەستی پێکردەوە. ئەوجا تاکە هەنگاو کە پێدەچوو ڕێی مابێت، سەلماندنی جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی فەرهەنگی بوو بۆ کورد.

ئۆتۆنۆمیی فەرهەنگی، گۆرانی و چاپەمەنی بە زمانی کوردی، بەدەم کاتەوە بۆ کورد سەلمێندرا. موزیکی کوردی بە کاسێت و بە سیدی بە ئاسانی دەست دەکەوێت و سترانبێژی کوردی لە تورکیە هەوادارایان زۆرە. گۆڤار و کتێب بە زمانی کوردی پەخش دەکرێن و بە ئازادی دەفرۆشرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردی زمانی جیاوازی هەیە، بە گوتەی ئانکارا، کارێکی سروشتییە کە تورکی ببێتە زمانی هاوبەشی هەموان بۆ خوێندنەوە. لێرەشدا ئاماژە دەدرێت بە ڕۆژنامەی «ئۆیزگور پۆلیتیکا» *Özgur Politika* کە لە ئاڵمانیا بە تورکی دەردەچێت. بەڵام چاپەمەنی دەربارەی مێژووی کورد، ناسنامەی فەرهەنگی و ئەتنی (نەژادی) هێشتا هەر مایەی زەوتکردن و دادگاییە، ئەویش بەپێی ڕێساگەلی ئاسایشی دەوڵەت لە دەستووری دژەتێرۆریدا. ئێستا کورد بێ کۆسپ بۆی هەیە جەژنی نەورۆز پیرۆز بکات، گەرچی تورک هەوڵ دەدات نەورۆز بتوێنێتەوە و بە نەریتێکی دێرینی تورکیی پێشان بدات.

لە بواری پەخشی کوردی لە ڕادیۆ و تیڤیدا ئەوا تەکنیک پێش قانوون کەوت: لە نەوەدەکانەوە ڕۆژانە مەدتیڤی *Med-TV*، لە لەندەنەوە لە ڕێی سەتەلایتەوە بەرنامەی کوردی دەگەیەنێتە تەلەڤیزیۆنی نێو تورکیە (تەنانەت دیدار لەگەڵ ئاپۆی ڕێبەری پەکەکەدا). پاشان مەدتیڤی ساڵی 1995 لە بروکسل-یش دامەزرا، دەڵێن مەدتیڤی دەگاتە 25 ملیۆن بینەر. لە مانگی مارسی 1995 دا فەرمانگەی تیڤیی بریتانیا مۆڵەتی پەخشی لە مەدتیڤی ستاندەوە بە هۆی پەخشی بەرنامەی وەهاوە کە دنەی توندوتیژی دەدات. ڕەخنەگری لیبەڕال دەڵێن وەها باشترە بۆ دەوڵەتی تورکیە هەڵوێستی نەرمتر بنوێنێت. بۆچی ئانکارا خۆی دەستپێشخەری ناکات؟ باشترە خۆی پەخشی ڕادیۆ و تیڤیی کوردی دامەزرێنێت و بەکاری بهێنێت بۆ بەرژەوەندیی یەکبوون.

پارتی گەل SHP ی سۆسیالدیمۆکرات لە کۆنگرەی 1993 دا پێشنیازی کرد زمانی کوردی ئازاد بێت هەم لە خوێندندا و هەم لە پەخشی ڕادیۆ و تیڤیدا، بەڵام لە هاوفەرمانیدا لەگەڵ پارتی چیلەر، سۆسیالدیمۆکرات هیچ یەک لەم خاڵانەی بۆ نەچووە سەر. هەروەها یلماز Yilmaz ی سەروەزیرانی کۆنەوار[32] کاتێک ڕێبەری بەرهەڵستکاران بوو، لە دیداری خۆیدا لە ئامەریکا، چارەسەری لەم بابەتەی دەردەبڕی. ئەوجا بە پەستانی بازاڕی

[32] - کۆنەوار – پارێزگار، کۆنەسێرڤاتیف Conservative

تورکیە، کە دەیهەوێت ئەم جەنگە گرانخەرجییەی خۆرهەڵات ببڕێتەوە، دوور نییە حکوومەت لە ماوەیەکی نادووردا ئاستێکی بەرزی ئۆتۆنۆمیی فەرهەنگی بۆ کوردان بسەلمێنێت.

هەڵبەت ناساندنی «ناسنامەی کوردی» ئاسان نییە چونکە زۆر کورد هەیە تێکەڵن لەگەڵ تورک، تورکەمەن، ئەرمەن، یۆنانی و هتد. تورک زۆرن خۆیان هەم بە تورک هەم بە کورد دەزانن، زۆر کوردیش وەهایە. یەشار کەمال، بە ڕەچەڵەک کوردە، بە تورکی دەنووسێت، کوردی تێدەگات بەڵام ئاخافتنی پێی سەختە. ئۆجەلان پاش هێنانەوەی بۆ تورکیە ڕایگەیاند دایکی تورکە. حکوومەت زۆر جار دەڵێت چواریەکی پارلەمانتاران بە ڕەچەڵەک کوردن. تۆژەران باس لە «فرەناسنامە» *multiple identity* و تاکی فرەفەرهەنگ دەکەن. تۆژەران دەڵێن لەبەر ئەوەی تاکی فرەڕەچەڵەک لە سەرانسەری تورکیەدا هەن — تورکیە 49 گرووپی ئەتنی هەیە! — کارێکی سروشتییە گەر جڤاکی فرەفەرهەنگی گەشە بکات و فەرهەنگی ئەتنی جیاواز گەشە بکات و گشتیان وێکڕا هەڵ بکەن. ئەم دەبێتە هاندەر بۆ پێشکەوتنی «ناسنامەی کوردی».

حکوومەتی تورکیە دۆزی کورد لەگەڵ کێ بخاتە بەرباس؟ ئانکارا دەڵێت: لەگەڵ هیچ کەس، لەبەر ئەوەی شتێک نییە بە ناوی دۆزی کورد. تەنانەت ئەوانەی دەشڵێن دۆزی کورد بوونی هەیە، زۆربەیان لایەنگری ئەوەن کە ئانکارا نابێت ئەو باسە لەگەڵ سازمانێکی کوردیدا بخاتە گفتوگۆوە بەڵکوو دەبێت لە نێو دەزگەی دەسەڵاتدا، واتە لە پارلەماندا، چارە بکات. دەیسا ئەمە چۆن دەکرێت کاتێک پارلەمانتاری کورد پارێزداری Immunity لێ زەوت دەکرێت و دەخرێتە زیندانەوە؟ وەک ئەوەی لەیلا زانا و شەش پارلەمانتاری دیکەی DEP[33] مانگی مارسی 1994، تاوانبار کران بەوەی خەڵکیان هان داوە بۆ دابڕانخوازی واتە بۆ شکاندنی یەکبوونی خاکی تورکیە، بەوەش دەستووری وەڵاتیان بەزاندوە. پارتە کورددۆستەکە قەدەغە نەکراوە، بەڵام ئانکارا دەڵێت کورد لە گشت پارتێکی سیاسیدا هەیە لەبەر ئەوە پێویست ناکات پارتێکی تایبەت بێتە دامەزراندن و ببێتە خاوەنی ئەو دۆزە. جێی ئاماژەیە بڵێین پارتی دۆستەکوردی HADEP[34] ی جێگرەوەی DEP لە هەڵبژاردنی ساڵی 1995 دا لە سەر ئاستی میللی تەنها 4 لە سەدی دەنگی هێنا گەرچی لە چەند هەرێمێکی خۆرهەڵاتدا ڕێژەی بەرز بوو. ئەمە پێشانی دەدات کە ئەو کوردە زۆرەی لە خۆراوای تورکیە نیشتەجێن لە بواری سیاسەتی پارتایەتیدا نایهەوێت کوردانە بێتە ناسین.

زۆر کەس پرسیار دەکەن بۆ کورد و پارلەمانتاری پارتی دۆستەکورد پێگەی خۆیان باشتر بەکار ناهێنن بۆ پێشخستنی دۆزی کورد؟ لەبری ورووژاندنی پارلەمان بە ملنەدان بۆ سوێند خواردن و ملنەدان بۆ گوتاربێژی بە زمانی تورکی، خۆ دەتوانن بە گفتوگۆی نەرم متمانەی هاوکارانیان ڕابکێشن. لە وەڵامدا دەگوترێت هۆی ڕەفتاری پارلەمانتارنی کورد ئەوەیە دەیانهەوێت دەمودەست هەڵوێستی خۆیان بۆ میللەت ڕوون بکەنەوە، سەرنج بۆ دۆزی کورد ڕابکێشن و بۆ دەنگدەرانی بسەلمێنن کە پەیمانشکێنییان نەکردووە.

تورکیە ساڵی 1987 «دۆخی نالەبار» ی لە 10 دەڤەردا ڕاگەیاند (سەرلەبەری وەڵاتەکە 67 دەڤەرە) و هەموو چوار مانگ جارێک ئەو بڕیارە نوێ دەکاتەوە. بەوەش دەشێت گشت پرنسیپێکی سەلمێندراوی مافی مرۆڤ لە لایەن دەوڵەتەوە پەراوێز بخرێت و سازمانگەلی مافی مرۆڤ لە تورکیە دەڵێن دەوڵەت مافی نییە ئەو کارە بکات.

---

33 – پارتیا دێمۆکراسیێ Partiya Demokrasiyê – بە تورکی DEP - Demokrasi Partisi - ساڵی 1993 هاتە دامەزران وەک جێگرێکی Partiya Kedêya Gel – بە تورکی HEP - Halkın Emek Partisi – کە ساڵی 1990 هاتە دامەزران.

34 – پارتیا دێمۆکراسیا گەلPartiya Demokrasiya Gel بە تورکی HADEP - Halkın Demokrasi Partisi ساڵی 1994 هاتە دامەزران.

دەوڵەت جەخت دەکات لەسەر ئەوەی «مافی ژیان یەکەم پرنسیپە لە مافی مرۆڤدا و ئەم مافە لە لایەن پەکەکەی تیرۆریستەوە ڕێزی لێ ناگیریت». لەبەر ئەوەیە دەوڵەت دەبێت توندوتیژی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی ژیانی هاوزێدانی خۆی بپارێزێت. سیستەمی «گوندپارێزان»[35] ئەوەیە کە حکوومەت چەک و پارە دەداتە کەسانی هەڵبژاردە، زۆربەیان سەرخێڵی کوردن، بۆ پاراستنی گوندەکان لە هێرشی پەکەکە. ژمارەی «گوندپارێزان» لە سەرەتای نەوەدەکاندا بە 60 هەزار کەس مەزەندە دەکرا. چەندین سەرخێڵ هێزی چەکداریی خۆی پێکەوە نا، بۆ نموونە خێڵی بوجاک کە دەڵێن زیادتر لە 10 هەزار چەکداری هەیە. لەمانە چەکێکی زۆر ڕادەستی پەکەکە دەکرێت، جا بە خۆشی بێت یان بە زۆر. بازرگانیی چەک و نارکۆتیکا دیاردەیەکی دەگمەن نییە. چەندین «گوندپارێز» بە خێزانیشەوە لەم بوارەدا گیانیان لەدەست دا.

زۆر کەس هەیە پێی وایە خۆفەرمانییەکی هەڵکشیو لە ڕێی سیستەمێکی نێوەندپەرت[36] (نامەرکەزی) ـەوە بۆ تورکیە باشە. ئەمانە دەڵێن لە سەردەمی ئاتاتورکەوە دەسەڵات تەنها لە ئانکارادا چڕ دەکرێتەوە، ئەمەش کۆسپە لە ڕێی دیمۆکراسیدا، نێوەندپەرتاندنی دەسەڵات دەبێتە ڕێچکەیەک بۆ خۆفەرمانییەکی فرەوانتر بۆ کورد.

حکوومەت دەڵێت تیرۆریزم هۆکاری ئەو نەهامتییە جڤاکی و ئابوورییەی باشووری خۆرهەڵاتە. لەبەر ئەوەش باسی «لێبوردن» (ئامنەستی) و سەرمایەگوزاریی ئابووری بۆ گەشەکردنی ناوچەکە ڕەت دەکاتەوە. هەموو هاندانێکی بازاڕ بۆ کار لەو ناوچەیەدا وەڵام دەدرێتەوە بەوەی جارێ دەبێت ئاسایش دامەزرێت ئەوجا بازاڕ دەتوانێت سەرمایە بهێنێتە ناوچەکەوە. سازمانەکانی بازاڕکاری لەمێژە دەڵێن ئابووری، سیاسەت و بازاڕی تورکیە پێویستیان بە ڕیفۆرمە. سازمانی بەهێزی TÜSIAD کە هەم سەندیاکی خاوەنکارانە و هەم سەندیکای پیشەسازییە، لەمێژە ڕەخنە لە حکوومەت دەگرێت بەوەی شکەستی هێناوە لە زەمینەسازیی بۆ فراژووتنی ئابووری و جڤاکی لە ناوچەی باشووری خۆرهەڵات.

ئیسحاق ئاڵتوون، کە یەکێکە لە کۆمپانیادارە ناودارەکان، لە دیدارێکی سەرنجڕاکێشی تیڤیدا، پاش گرتنی ئۆجەلان، داوای لە حکوومەت کرد، بۆ گەشەکردنی خۆرهەڵاتی تورکیە تەنها جەخت لە سەر پارە و هێزی فیزیکی نەکات، بەڵکوو دەرفەتیش بداتە گەلی کورد ئازادانە ناسنامەی فەرهەنگیی خۆی بنوێنێت. بە دیدی ئاڵتوون، هەوڵدان بۆ فراژووتنی خۆرهەڵاتی تورکیە گەر هاوکات ڕیفۆرمی سیاسی لەتەک نەبێت، کارێکی مایەپووچە. سەرنجی لەم بابەتە خەریکە وردەوردە دەمپارێزانە لە مێدیای تورکیەدا سەر هەڵدەدەن.

### دۆزی کورد لە هەندەران

بڕیاردان لەسەر ژمارەی کورد لە خۆراوای ئەورووپادا کارێکی سەختە چونکە کورد وەک کۆچبەری وەڵاتی تورکیە، عیراق یان ئێران تۆمارنووسن نەک وەک کورد. تۆژەرێکی یەکیەتیی ئەورووپا EU هەیە دەڵێت ژمارەی کورد لە خۆراوای ئەورووپادا بە 500 هەزار مەزەندە دەکرێت و بەم شێوەیە دابەشن:

---

[35] – گوندپارێز – ئەو کوردانەن کە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیەن و دژ بە پەکەکە دەجەنگن. ئەوەی لە نێو کورددا پێیان دەگوترێت جاش.

[36] – نێوەندپەرت Decentralized نێوەندپەرتاندن Decentralization نێوەندگیر Centralized و نێوەندگیراندن Centralization.

- 300 هەزار لە ئاڵمانیا (لە شاری بۆن Bonn بۆچوون هەیە دەڵێت کوردی ئاڵمانیا نێزیکەی 500 هەزارە)
- 60 هەزار لە فرانسا
- 30-40 هەزار لە هۆڵاند
- 20-30 هەزار لە ئوتریش (نەمسا)
- 20 هەزار لە ئێنگلاند
- 15-20 هەزار لە سویسرە
- نێزیکە 18 هەزار لە سوێد
- نێزیکەی 13 هەزار لە دانمارک
- 10 هەزار لە بەلژیک
- 2 هەزار لە فینلاند

لەوەش بترازێت نێزیکەی 400 هەزار کورد لە ڕووسیا نیشتەجێن. سەرچاوەی سوێدی دەڵێن زیادتر لە 100 هەزار کورد لە سوێد هەیە و زۆرینەیان کوردی عیراق و ئێرانن.

هەر لەو دەمەوە کە «کوردستان» ی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ساڵی 1898 لە قاهیرە پەخش کرا، تاراوگە سەنگێکی گەورەی پەیدا کردووە بۆ زمان و فەرهەنگی کوردی. کتێب و گۆڤاری کوردی کە ڕێی چاپ و پەخشیان نەبوو لە ناوچەی کوردیدا، لە دەرەوە لە لایەن ڕەوەندی کوردەوە ساز دەکران. وێڕای کۆسپی سیاسی لە ڕێی پێکهێنانی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوودا کێشەی دیکەش هەیە، کوردی عیراق و ئێران زمانی خۆیان، «سۆرانی»، بە پیتی عەرەبی دەنووسن، بەڵام کوردی تورکیە و سووریا زمانی خۆیان، «کورمانجی»، بە پیتی لاتینی دەنووسن و کوردی کۆنەسۆڤیەت بە پیتی کریلیک.

ساڵی 1996 «کتێبخانەی کوردی» *Kurdiska Biblioteket* لە شاری ستۆکهۆلم هاتە دامەزران بە مەبەستی پەنادانی فەرهەنگی کوردی و تەرخانکردنی بوارێکی ئاواڵە بۆ هەمووان. کتێبخانەکە زیادتر لە 3 هەزار کتێبی هەیە جگە لە ڕۆژنامە، گۆڤار، موزیک و فیلمی ڤیدیۆ بە ناوەڕۆکی کوردییەوە. کورد دەڵێن لە سوێد سەدان نووسەری کورد هەیە، نێزیکەی 50 وەشانخانە و شێست گۆڤار و ڕۆژنامەی لێیە، بۆیە دەڵێن «ستۆکهۆلم پایتەختی ئەدەبیی زمانی کوردییە».

وەڵاتانی تاراوگە، بەپێچەوانەی ویستی خۆیان، پەلکێش کراونەتە دۆزی کوردەوە، لەبەر ئەوەشە بەلایەنەوە گرینگە هاوکار بن لە دۆزینەوەی چارەسەردا. لە دیدارەکەی ڕۆژنامەی Dagens Nyheter دا ئۆجەلان گوتی وەڵاتانی باکووری ئەورووپا، وەک سوێد و نۆروێژ، دەتوانن شانۆرەیان هەبێت لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ دۆزی کورد چونکە گیرۆدەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان نین لە ناوچەکەدا. بەڵام تورکیە هەموو باسێک لەم بوارەدا ڕەت دەکاتەوە گۆیا دەست تێوەردانە لە کاروباری نێوخۆی ئەودا. تورکیە ئامادە نییە بەشدار بێت لە هیچ جڤینێکی فرەمیلیدا کە تایبەت بێت بە گفتوگۆ لە دۆزی کورد، بۆ نموونە کۆنفەرەنسی ئوسلۆ سێپتەمبەری 1995. لەبەر ئەوە هەر ڕێچکەی «مافی مرۆڤ» ماوە، لەوێدا دەکرێت تورک وەک ئەندامێکی ئەنجومەنی

ئەورووپا Council of Europe، سازمانی OSCE[37]، یەکیەتیی گومرگ، EU و هتد، ڕووبەڕووی بەرپرسیاریەتی بکرێتەوە.

لە ئەنجومەنی فرەمیلیدا هەر پێشنیازێک بخرێتە بەرباس یەکەم خاڵ تێیدا بریتییە لە ئاگربەست. ئاگربەست، گەر لە سایەی چاودێریی فرەمیلیدا پیادە بکرێت — کە لە ڕوانگەی تورکیەوە جێی سەلماندن نییە - زۆر جار، بە مەبەستی خۆشکردنی زەمینە بۆ چارەی سیاسی، تێهەڵکێش دەبێت لەگەڵ مافی سازمانگەری و دەربڕین لە تورکیەدا، کە پەکەکەش دەگرێتەوە. ڕاپۆرتی ESC[38] لە نۆڤەمبەری 1994 دا پێشنیازی وەها بوو گشت پارتێکی لاشەڕ (ناتوندوتیژ) دەرفەتی هەبێت بۆ بەشداری لە گوزەرانی سیاسیی تورکیەدا. هەڵبەتە نەهێشتنی سیستەمی «گوندپارێزان» و «دۆخی نالەبار» بەشێکن لە پێشنیازەکە، هەروەها سەلماندنی ئۆتۆنۆمی فەرهەنگیی بۆ کورد. «پارتی سۆسیالیستی کوردستان» یش چەند خاڵێکی ئەو پێشنیازەی ڕەپێش خست. ئەم پارتە مێتودی توندوتیژی پەکەکە ڕەت دەکاتەوە و هەروەها بەشداربوونیشی لە پارلەمانی کوردیی هەندەراندا ڕەت کردەوە بە بیانووی ئەوەی فەرمانی بەدەست پەکەکەوەیە.

ئەو تورک و کوردانەی بەشدار دەبن لە جڤینی فرەمیلیدا دەربارەی دۆزی کورد، دەڵێن تورکیە بۆی نییە وەڵاتانی دیکە تاوانبار بکات بە دەست تێوەردان لە کاروباری نێوخۆی تورکیەدا، چونکە گەر تورکیە ڕێ دابا کاروباری وەها لە نێو تورکیەدا ئازادانە بێتە گفتوگۆ ئەوسا هیچ پێویستییەک نەدەما بۆ دەست تێوەردانی دەرەکی.

تۆژەران پێیان وایە کات لەگەڵ دۆزینەوەی چارەسەردایە. لە ئیستەنبوول ساڵی 1995 بیستم دەیانگوت لەوانەیە دوو سێ ساڵی دیکە بخایەنێت. کاتێک ئەم دێڕانە دەنووسرێنەوە خەریکە پێنج ساڵێک تێپەڕ دەبێت بێ ئەوەی چارەسەر دیار بێت. لەوانەیە گیرانەکەی ئۆجەلان دەروازەیەک بکاتەوە، بەو جۆرەی ئاشکرا ڕەچاوی گرتوە، بەڵام ئەوەش داوای ویستی سیاسی، بیری سیاسیی نوێ و ئازایەتی دەکات بۆ ئەوەی ئەم ناکۆکییە چارەسەر بێت کە چەندین ساڵە تورکیەی گۆج کردووە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەم دەراوسێ و هەم EU دا ئاڵۆزکاندووە.

وەڵاتانی دەرەوە داوا لە کوردی گشت گرووپە جیاوازەکان دەکەن هەوڵەکانی خۆیان یەک بخەن، بۆ ئەوەی گەر گفتوگۆیەک لە ئەنجامی گیرانەکەی ئۆجەلاندا هاتە کایەوە، ئەمان خاوەن نوێنەرانێک بن بەهێز و جێباوەڕ. پەستانی دەرەوەی وەڵات بە گرینگ دەزانرێت بەڵام لەوانەیشە ببێتە هۆی ورووژاندنی بەرتەکی ناسیۆنالیستانە لە ئانکارا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەرهاویشتەیە بە کاتەکی دەزانرێت گەر بەراورد بکرێت بەو مەبەستە درێژمەودایەی زۆربەی تورک هەیەتی بۆ نێزیکبوونەوە لە ئەورووپا.

«...»

[37] - سازمانی ئاسایش و هاوکاری لە ئەورووپا Organization for Security and Co-operation in Europe - OSCE

[38] Economic and Social Council - ESC

گوتاری دووهەم

## دۆزی مووسڵ و «وام»ـەکەی سوێد[39]

### دۆزی مووسڵ[40] و «وام» ـەکەی سوێد

دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیە و عیراق بووە کێشەیەکی گەورە و نەکرا لە «پەیماننامەی لوزان» Treaty of Lausanne دا چارە سەر بکرێت لەبەر ئەوە ئاڕاستەی «کۆمکاری دەوڵەتان» League of Nations کرا و ئەمیش چەند ناوبژیوانێکی ناوزەد کرد، یەک لەوان Hjalmar Branting[41] بوو. دەمەوە دەستپێکی ئەم کارە، لە مانگی ئاوگوستی 1924 دا، Gustaf Wallenberg، نامەیەک بۆ Branting دەنووسێت – پاش نامەیەکی سوپاسگوزارانەی Branting بۆ ئەو ڕاپۆرتەی پێی گەیشت دەربارەی سەنگی «پەیماننامەی لوزان» بۆ سوێد – تێیدا Wallenberg دیدی خۆی دەربارەی «دۆزی مووسڵ» ڕوون دەکاتەوە. ئەم نامەیە دەبا «کەسەکی و ڕازپۆشراو» بێت، بۆیە لە دوسێیەکاندا دەست نەدەکەوت – من کۆپییەکم لە ئەرشیڤی کەسەکیی Wallenberg دا دۆزییەوە.

دەستپێکی نامەکە دەڵێت: «برام Hjalmar Branting» و هوشیاری دەدات «بریتانیا گشت توانای خۆی دەخاتە گەڕ بۆ تۆڵەسەندندەوەی ئەنجامی کۆنفەرەنسی لوزان». بە دیدی Wallenberg، خەباتی بریتانیا بۆ دابینکردنی ڕێگەی هیندستان (هیندوستان):

---

[39] Serçawe: Kaj Falkman. *Mosulfrågan och den svenska "skulden".*
*Turkiet - Gränsfursten: utsikter från Svenska palatset i Istanbul.* Atlantis 1999.

[40] – دۆزی مووسڵ – واتە دۆزی دابڕینی باشووری کوردستان (ئەو دەمە پێی دەگوترا ویلایەتی مووسڵ) لە تورکیە و لکاندنی بە عیراقی بریتانیاوە. بەڕوونی دەکاتەوە جوداکردنەوەی باشوور لە باکووری کوردستان.

[41] – یەلمار برانتینگ Hjalmar Branting (1860-1925) ڕۆژنامەوان و سیاسەتمەداری ناوداری سوێدە. برانتینگ ساڵانی 1887-1917 سەرنووسەری ڕۆژنامەی Social-Demokraten بوو، ماوەیەک (18-1917) وەزیری دارایی و پاشان 1920 بووە سەروەزیرانی یەکەم حکوومەتی سۆسیالدیمۆکرات لە سوێد. سەرچاوە: زانیارستانی سوێدی *Nationalencyklopedin.*

*دڵنیام ئاراستەی تورکیە دەکرێت، چونکە پاسەوانیی ئەو لە دەربەند، ڕووسیا بەهێز دەکات. من دەمهەوێت تۆ زۆر باش ئەمە دەرک بکەیت و گشت توانا و پرێستیژ (سەنگ، هەیبەت) ی خۆت بخەیتە پاڵ سەرخستنی بەرژەوەندیی کۆماری تورکیەیەوە کە وەها زیرەکانە خەبات دەکات بۆ مانەوەی خۆی و دەشکاتەوە بەرژەوەندیی وەڵاتەکەی تۆیش، چونکە ئاسوودەیی و ئارامیی وەڵاتەکەت بەندە بە پەک خستنی کۆشەشی بریتانیا بۆ تێکدانی ئەو چڕبوونەوە ئەوراسیا (ئەورووپا-ئاسیا)ییەی لای باشوور، کە بۆ ئێمە زۆر گرینگە. لەبەر ئەوە سیاسەتی «ئێمە» دەبێت هەم دۆستەڕووس بێت، هەم دۆستەتورک؛ ئەرکی «تۆ» ئەوەیە بە توندی داکۆکی بکەیت لە داخوازیی ڕەوای میللەتانی بچووک کە بە ئارامی دەرفەتی گەشەکردنیان هەبێت.*

هەڵبەت ئاشکرایە بۆ Gustaf Wallenberg نەیویستووە ئەم ئامۆژگارییانە بکەونە بەرچاوی وەزارەتی هەندەرانی سوێد و لەویشە لەوانەیە بگاتە دەست باڵوێزیان لە لەندەن. لێمان دیار نییە پێشوازیی Branting لەم ئامۆژگارییانە چۆن بوو – من هیچ وەڵامێکی ئەم نامەیەم بۆ نەدۆززایەوە.

بەڵام ڕەوتی ئەم دۆزە لە نووسراوێکی سەرنجڕاکێش و سەیردا ڕوون دەبێتەوە کە Paul Mohn[42] لە 24ی ژوونی 1928 لە ئەستەنبوولەوە ئاراستەی Eliel Löfgren[43] ی وەزیری هەندەرانی سوێدی کردووە. لەو نامەیەدا باسی ئاخافتنێکی درێژخایەنتر هاتووە لەگەڵ تەوفیق ڕوشدی Tevfik Rüştü[44] وەزیری هەندەرانی تورکیە دەربارەی «دۆزی مووسڵ» و کاردانەوەی ئەو دۆزە لەسەر پەیوەندیی تورکی – سوێدی.

Paul Mohn ی کوڕی پاستۆری فرانسی لە ستۆکهۆلم، دیپلۆماتێکی جەوانی سوێدی بوو، جگە لە زانینی چەندین زمان، زۆر باش شارەزای کاروباری تورکیە بوو چونکە ساڵی 1917 کارمەندی باڵوێزخانەی سوێد بووە لە ئیستەنبوول و پاشان 28-1926 کارمەند بووە لە نوێنەرایەتیی تورکی لە ستۆکهۆلم.

Paul Mohn – لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی «گەشتێک بۆ ئافغانستان»[45] باسی کردووە – بە ئەرکی فەرمی دەچێتە ئافغانستان، لە ڕێ بە پشتیوانیی وەزیری تورکی لە ستۆکهۆلم[46] و هەروەها Wallenberg ی «باڵیۆزی ڕاسپاردە»[47] Envoy، دەرفەتی درایە سەردانی وەزیری هەندەرانی تورکیە بکات بە مەبەستی وەرگرتنی ڕێنوێنی و ناسینی دیدی تورکیە دەربارەی بارودۆخی ئافغانستان و هەروەها بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانیی تورکیە بۆ ئەم

---

[42] – پاول مۆن (1898-1957) Paul Mohn دیپلۆماتێکی سوێدییە و ناودارە بەوەی خاوەن بیرۆکەی پرۆژەیەکی نایاب بوو بۆ هاریکاری وەڵاتانی هەژار بە ناوی «پلانی مۆن Mohnplanen» و بریتی بوو لە تەرخانکردنی دەرفەتی خوێندن لە سوێد بۆ هەزاران فێرخوازی وەڵاتە هەژارەکان. سەرچاوە Carolina Söderholm لە گۆڤاری Populär Historia بڕوانە www.popularhistoria.se

[43] – ئێلییە لوێفگرێن (1872-1940) Eliel Löfgren دادناس و سیاسەتمەدارێکی لیبەڕالی سوێدییە، لە نێوان 1917-20 وەزیری داد و لە نێوان 28-1926 وەزیری هەندەران بووە. سەرچاوە: زانیارستانی سوێدی *Nationalencyklopedin*.

[44] – تەوفیق ڕوشدی ئاراس (1883-1972) Tevfik Rüştü Aras سیاسەتمەدار و دیپلۆماتێکی ناوداری تورکە،

[45] - *Resa till Afghanistan* (1930). Paul Mohn.

[46] – واتە باڵیۆزی تورکی لە ستۆکهۆلم.

[47] – «باڵیۆزی ڕاسپاردە» Envoy کەسێکە خاوەن پێگەیەکی دیپلۆماسیی بەرز گفتوگۆی تایبەت دەگرێتە ئەستۆ.

ئەرکەی خۆی. لەبری ئەوە Mohn ڕاپۆرتێکی وردی وەرگرت دەربارەی دیدی سەرانی دەوڵەتی تورکیە بەرانبەر سوێد.

لەبەر ئەوەی «دۆزی مووسڵ»، کە بریتی بوو لە دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیە و عیراق، لە پەیماننامەی لوزاندا چارەسەر نەکرا، بە ڤەکری مایەوە بۆ ئەوەی لە بێنەوبەرەی نێوان بریتانیا - ئەو دەمە عیراق لە ژێر ماندانی بریتانیادا بوو – و تورکیەدا بڕیاری بدرێت. بڕیاریش بوو گەر لە ماوەی نۆ مانگدا بێنەوبەرەی نێوانیان نەگاتە پێکهاتن، ئەوسا ئەم دۆزە دەدرێتە ئەنجومەنی «کۆمکاری دەوڵەتان». هەروەهاش بوو چونکە هیچ لایەنێکی ئەم ناکۆکییە ئاڵۆزە ئامادەی سازش نەبوو. تورک پێی وەهابوو ویلایەتی پڕنەوتی مووسڵ ماڵی خۆیانە و پێشنیازی گەلپرسییان کرد، ئینگلیزیش جگە لە بەرژەوەندیی نەوت، بەرژەوەندیی ستراتیژی سەربازیی هەبوو لەوەدا کە ڕێگەیەکی ئاواڵەی هەبێت بۆ هیندستان بۆیە دەیناویست ڕێ لە تورکیە بگرن سوود لە ویلایەتی مووسڵ وەربگرن بۆ پەلاماردانی بەغدا و کەنداوی فارس.

«کۆمکاری دەوڵەتان» Hjalmar Branting ی ناوزەد کرد بە ڕاپۆرتدار و پاش مردنی Branting ساڵی 1925، Östen Undén[48] ئەو ئەرکەی «بە میرات» بۆ مایەوە. لیژنەیەکی پەیجۆر[49]ی لە سێ ئەندام، یەک سوێدی، یەک بەلژیکی و یەک هەنگاری، بە دەمڕاستیی Einar af Wirsén هاتە دامەزران. ئەم لیژنەیە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە خەڵکی ئەم ویلایەتە چ دڵگەرمییەکیان، نە بۆ فەرمانداریی تورک و نە بۆ بریتانیا، نەبوو. کورد، کە لەتەک تورک و عەرەبدا، پێکهاتەی ئەم ویلایەتە بوون و تێیدا زۆرینەش بوون، داوای خۆفەرمانیان دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم لیژنەیە پێشنیازی کرد کە ویلایەتی مووسڵ بۆ ماوەی 25 ساڵ بخرێتە ژێر ماندانی عیراقەوە کە خۆی لە ژێر ماندانی بریتانیا بوو - بەڵگەی af Wirsén لەمەدا بریتی بوو لەوەی خەڵک بریتانییەکانی بە *the less of two evils (لە هەردووکدا ئەمیان کەمتر بەدە)* دادەنا. ئەنجومەنی «کۆمکاری دەوڵەتان» ئەنجامگیرییەکەی ئەم لیژنەیەی سەلماند، بەو مەرجەی گەر عیراق، بەر لە تەواوبوونی ئەو 25 ساڵەی ماندانە، سەرخۆبوونی وەرگرت، ئەوسا دۆزی ویلایەتی مووسڵ دیسان بخرێتەوە بەرباس. جگە لەوەش گەلی کورد دەبا «مافی کەمینایەتی» (!) پێ بدرێت. ساڵی 1926 تورکیە نابەدڵ بڕیاری «کۆمکاری دەوڵەتان»ی سەلماند.

تەوفیق ڕوشدی-ی وەزیری هەندەران بۆ Paul Mohn ی ڕوون کردەوە کە نۆرەی Undén ی وەزیری پێشووی هەندەرانی سوێد، لە چارەسەری ئەم کێشەیەدا، زۆر باش نەبوو.

*هاندەر لە پشت هەڵوێستی ڕاپۆرتداری سوێدییەوە باشی پێ ناگوترێت. سوێد ئەودەمە هەوڵی دەدا – هەروەها پاشانیش – دەستی هەبێت لە سیاسەتی جیهانیدا و جگە لەوەش داوای زاڵبوون (هەژەمون Hegemony) دەکات لە باکووری ئەورووپادا. کەواتە تاوانی Undén لەوەدایە - بە ئیلهامی لەندەن نا بەڵام بە ئیلهامی Briand[50] - «دۆزی مووسڵ» ی دوا خست بەو ئامانجەی*

---

[48] – ئۆیستن ئوندێن (1886-1974) Östen Undén دادناس و سیاسەتمەدار (سۆسیالدیمۆکرات) ی سوێدییە، لە ساڵانی 1924-26 وەزیری هەندەرانی سوێد بووە.

[49] – پەیجۆری: واتە لێکۆڵینەوە لە باسێک. پەیجۆر کەسێکە بێهەوێت پەی بەرێت بە باسێک و دیڤچوونی لێ بکات.

[50] – سیاسەتمەداری فرانسی (1862-1932) Aristide Briand لە 1909-29 یازدە جار سەرۆکوەزیران بووە. دەستپێک دادناس و پاشان لە سەرەتای 1890 ـەکانەوە ڕۆژنامەوان بووە، لەگەڵ Jaurès ـدا ڕۆژنامەی L'Humanité ی سۆسیالیستانەی دامەزراند.

*ئاڵمانیا بهێنێته لۆکارنۆ[51]- وە. وەها دانرا بوو تورکیە بکرێتە قوربانی [...] هەڵە لەوەدا بوو ڕێ بدرێت ئەنجومەن بڕیاری دۆزەکە بدات. Undén دەبا هەر لە سەرەتای کارەوە هەردوو لایەنی کۆ کردبایەوە بۆ سەودا و پێک هاتن. کار بەم شێوەیە نەکرێت، هەر بەو جۆرە دەبێت کە بوو. بەڵام بێنەوبەرەی تورکیە و ئینگلاند دەربارەی مووسڵ پاش ئەوەی گۆیا چارەسەرە بۆ کێشەکە، بە ڕوونی پێشانی دەدات کە تەنانەت Undén یش دەبا دەرئەنجامی باشتری وەدەست هێنابا.*

هەتا ئێرە گوتەی ڕوشدییە لە زمان Mohn ـەوە. لە ڕاستیدا شاندەکەی Undén پاش تاووتوێکردنێکی ورد پێشنیازێکیان پێشکەش کرد بوو زیادتر مەرجەکانی تورکیەی ڕەچاو دەگرت. بەڵام ئینگلاندی زلهێز توانیبووی زۆرینە وەدەست بهێنێت لە ئەنجومەندا بۆ بەرژەوەندی خۆی و عیراق. بڕیار دەبا هاودەنگ بێت، بەوەش دۆخێکی بێچارە پەیدا دەبوو. بۆ ئەوەی نەبنە ڕێبەست لە ئاست چارەسەری کێشەکەدا، کەمینە واتە سوێد و دوو وەڵاتی دیکە، بڕیاریان دا لە دەنگدانی کۆتادا دەنگی خۆیان خامۆش بکەن. تورکیە بڕیارەکەی ئەنجومەنی نەسەلماند و بەوەش ڕیسکی تیژبوونەوەی ناکۆکییەکە هاتە کایەوە. بەڵام لە ساڵانی پاشیدا هەردوو لا بێنەوبەرەی تازەیان دەست پێکردەوە و بە وردەگۆڕانکارییەک لە بڕیارەکەی ئەنجومەندا گەیشتنە ئەنجامێکی ئاشتەوا.

گەرچی Östen Undén وەک ڕاپۆرتدارێک لە نێو سازمانێکی فرەمیللیدا ئەو ئەرکەی هەڵسووڕاند، وەزیری هەندەرانی تورکی پێی وەها بوو هەوڵەکانی ئەم لە ڕووی سیاسییەوە بووە مایەی:

*لە نێوان تورکیە و سوێددا کۆنتۆ (حیساب) یەکی پاکنەکراوە هەیە. لەوانەیە Undén پێی وەها بووبێت «دۆزی مووسڵ» زۆر زوو لەبیران دەچێتەوە، بەڵام ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە. تورکیە ڕێ بە خۆی نادات بابەتی وەهای لەبیر بچێتەوە. کاری وەها دەبووە نیشانەی لاوازی. ئەو وام (قەرز) ـەی پەیدا بووە و ئێستەش هەر هەیە - و لە بەردەوامیی ئاخافتندا هەست دەکرا بڕی ئەم وامە ئێستا هەڵکشیوە - دەبێت قەرەبوو بکرێتەوە، ڕێک بەپێی ئەو پرنسیپانەی بوونەتە ڕێنمووی سیاسەتی تورکی. کەواتە سەندنەوەی ئەم وامەی سوێد سەرچاوە لە دوژمنایەتیی سوێدەوە ناگرێت، بەڵکوو دەرهاویشتەیەکی تەواو لۆژیکانەیە لە سیاسەتی تورکیە.*

لە بەردەوامیی ئاخافتندا وەزیری هەندەرانی تورکی پێشانی دەدات کە گوتە و مەبەستی یەک دەگرنەوە:

*جاری داهاتوو گەر کێشەیەک لە نێوان ستۆکهۆلم و مۆسکۆدا سەری هەڵدا، ئێمە دەستبەجێ لایەنگری مۆسکۆ دەبین و گشت دەسترۆییمان دەخەینە خزمەت ڕووسیاوە. ئەوسا ئیدی حیسابمان ڕێک دەبێتەوە، و گشت بارێک وەک جارانی لێ دێتەوە.*

Mohn دەنووسێت وەزیری هەندەران لەم بوارەدا ڕوونی کردۆتە کە ئاگادارە لەوەی ناکۆکییەک بەڕێوەیە لە نێوان فینلاند و ڕووسیادا و لەوانەیە سوێدیش بگرێتەوە. لەوەش بترازێت جارێکی دیکە هەرگیز سوێدی نابێتە

[51] – پەیمانی لۆکارنۆ Locarno Treaties ساڵی 1925 لە سویسرا بەسترا بۆ پێک هاتن و دیاریکردنی سنووری نێوان ئاڵمانیا و فرانسا-بەلژیک و هەروەها چەکداماڵینی ناوچەی ڕاین. سەرچاوە: زانیارستانی سوێدی *Nationalencyklopedin*.

ناوبژیوان و پێکهێنەر لە کێشەی نێوان تورکیە و دەسەڵاتی دیکەدا. ئەوسا دانمارکی، هۆڵاندی، سویسری و هتد وەردەگیرێن.

هیچ لایەنێکی ئەم هەڵسەنگاندنە توندە بۆ پەیوەندی نێوان تورکیە و سوێد لە ڕاپۆرتەکانی Gustaf Wallenberg بەدیار ناکەون. لەویّ نۆرەی Undén لە «دۆزی مووسڵ» دا تەنها لابەلا باسی دێت. لەوانەیە Wallenberg نەیویستبێت ئەوەی بیستوویەتی گەورەتری بکات یان لەوانەیە ئەو هەمان ئەو زانیارییە پاتەوپات (ئاشکرا) ەی پێ نەگەیشتبی وەک Mohn ی ڕێبوار. Mohn دەڵێت وەزیری هەندەرانی تورکیە ڕایگەیاندووە کە گرینگیی سوێد بۆ تورکیە تەنها ئەوەیە وەزیری تورکی لە ستۆکهۆلم دڵگەرمانە باسی وەڵاتەکەمان بکات و هەروەها کەسایەتیی Wallenberg ی «باڵیۆزی ڕاسپاردە».

تەوفیق ڕوشدی پەیوەندییەکەی خستە بەستێنێکی بەرینترەوە: تەنها ئەوە نییە تورکیە بووبێتە دەوڵەتێکی نوێ، بگرە تورکیش بوونەتە مرۆڤی نوێ. هزریان ئەوەندە گۆڕاوە، تەنانەت بۆ خۆشیان سەختە خۆیان بناسنەوە:

> *جاران تورکیە بە بۆنەی لاوازیی خۆیەوە کاڵا بوو، تۆپێکی گەمان بوو لە سیاسەتی دەسەڵاتدارنی دیکەدا. ئێستا چارەنووسی خۆی گرتۆتە دەست و هێزی خۆی دەنوێنێت [...] لەبەر ئەوە هەموو کێشەیەکی سیاسی و گشت ناکۆکییەکی فەرەمیللی بۆ تورکیە دەبێتە دەرفەتێک بۆ خۆپێشاندان. ئەمەیە سەرچاوەی ناوداربوونی تورک بەوەی لە بێنەوبەرەدا سەرسەخت و جیرن. تورکیە بەبێ قەرەبوو، دەستبەرداری هیچ بابەتێک نابێت [...] تورکیە لە کێشەی سیاسیدا یەک ئینج لە پرسنیپی بەرابەری و سزادان لانادات.*

سزادان و قەرەبوو. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە بواری پەیوەندیی فرەمیللیدا بەگشتی دەگمەن نییە، بەڵام لە سیاسەتیی هەندەرانی تورکیدا بەردەوام ئامادەیە. لەم ڕۆژگارەدا تورکیە هەست دەکات یەکیەتیی ئەورووپا بە جۆرێکی نادروست هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات، بەوە ڕاناوەستیّ کە دەستی دۆستایەتی بۆ جیهانی ئیسلام یان بۆ ئامەریکا درێژ دەکات، بەڵکوو بیر لە دژەڕەفتاریش دەکاتەوە بۆ هاوسەنگکردنەوەی تەرازوو. کاتێک دیداری سەرۆکایەتیی EU دێسەمبەری 1997 لە لوکسەمبورگ تورکیەی نەخستە لیستی وەڵاتانی ناوزەد بۆ ئەندامەتی، تورکیە دەستبەجێ وەڵامی دایەوە بەوەی ڕوو بکاتە ئامەریکا بۆ کڕینی بەشێکی گرینگی فڕۆکەکانی خۆی. کاتێک ئیتالیا ڕێگەی دا بە ئۆجەلان بێتە وەڵاتەکەیەوە و ڕادەستی تورکیەی نەکردەوە، تورکیە بە ڕێبەستی بازرگارنی وەڵامی دایەوە. گەرچی ئیتالیا گرینگترین هاوبازاڕی تورکیەیە و لە هەموانیش گەرمتر لە EU دا پشتیوانیی لە تورکیە کردووە. ئەمە پێشانی دەدات چۆن لە ناکاو پرنسیپی سزادان زاڵ دەکرێت بەسەر بەرژەوەندیی درێژمەودای بازرگانی و سیاسیدا.

«...»

گوتاری سێهەم

## تەرجەمە و لێکدانەوە[52]

### تەرجەمە و لێکدانەوە

Umberto Eo[53] لە کتێبی *Mouse or Rat? Translation as Negotiation* (Weidenfeld & Nicolson, London 2003) دا دەڵێت «تەرجەمەکردن» واتە گفتوگۆ. لەوەشدا مەبەستی ئەوەیە تەرجەمە جگە لە بایەخدان بە هۆکاری لێکسیکال (وشەسازی)، سینتاکس (ڕستەسازی) و سێمانتیک (واتاناسی) ی تێکست، دەبێت ڕێکاری فەرهەنگی و جڤاکناسیش ڕەچاو بگرێت. بەرهەمی کۆتا دەبێتە دەرئەنجامی چەندین گفتوگۆی جیاواز لە ئاستی جیاوازدا و چاوەڕێش دەکرێت لەتەک تێکستی سەرچاوەدا هاوشان دەرچێت. لە پرۆسەی تەرجەمەدا جار هەیە پارچەیەک زیاد دەکات، وەلا دەنرێت، دێتە گۆڕین، ئاڵشت دەکرێت[54] و دێتەوە داڕشتن. واتە تەرجومان هەرچەندێک بە بابەتەکەی خۆیەوە خەریک بێت، بەرهەمی کۆتا هەردەم شتێک دەردەچێت جیاواز لە بەرهەمی بنجی. لەبەر ئەوەیشە تەرجەمە دەبێت تەنها وەک بژارەی[55] لێکدانەوەی بەرهەمە بنجییەکە سەیر بکرێت.

ئامانج لە گشت تەرجەمەیەک دەکاتەوە ئەوپەڕی نێزیکبوونەوە لە بنجەبەرهەم. گەیشتن بەو نێزیکییە، یان هەر نەبێت هاوشانییە، کارێکی وەها هاسان نییە. کاتێک زمان کورتی دەهێنێت، لەبەر ئەوەی وشەی بەرانبەر لە

[52] Serçawe: Kaj Falkman. Tolka och översätta.
*Plikten och äventyret: upplevelser av diplomati.* Carlsson 2008.

[53] – نووسەر و فەیلەسووفی فەرهەنگناسی ئیتالی Umberto Eco (1932-) یەکێکە لە سیما هەرە ناودارەکانی فەرهەنگی ئیتالیی هاوچەرخ. Eco خاوەنی چەندین بەرهەمە دەربارەی ئەستەتیک (جوانیناسی) و مێژووی فەرهەنگیی سەردەمی ناڤین و هەروەها دەربارەی شێوازی دەربڕینی ویژەکاری، بۆ نموونە شێوەکاری و فیلم، بەتایبەتی لە بواری فەرهەنگی گەلێر و ڕاگەیاندنی گەلێردا. Eco لە ساڵی1971 ـەوە لە Bologna ی ئیتالیا پرۆفیسۆری Semiotic ـە (Semiotic: بیردۆزەی فەلسەفی دەربارەی کارکردی هێما و ئاماژە). سەرچاوە: زانیارستانی سویدی *Nationalencyklopedin*.

[54] – گەر «گۆڕین» بۆ Change بێت، لەوانەیە «ئاڵشت» بۆ Replace خراپ نەبێت. «داڕشتنەوە» بەرانبەر Paraphrase بەکارهاتووە.

[55] – بژارە: بەدیل، ئەلتەرناتیڤ Alternative.

زمانی دووهەمدا پەیدا نییە یان هەیە بەڵام واتای جیاوازە، تەرجومان ناچاری گفتوگۆ دەبێت بە دەستاوێژی دیکە بۆ گەیشتن بە واتای مەبەست.

دەڵێن دیپلۆماسی دەکاتەوە گفتوگۆ. دیپلۆمات دەبێت دەربارەی گشت دۆزێک گفتوگۆ لەگەڵ هەندەراندا بکات. زۆربەی جار کێشە تەنها پێک هاتن نییە لەسەر هەڵبژاردنی وشە بەڵکوو پەی بردنە بە واتای وشە لە ڕوانگەی فەرهەنگی و جڤاکناسیی جیاوازەوە.

ماوەی ساڵێک لە کۆنفەرەنسی ئاسایش و هاریکاریی ئەورووپیدا لە ژەنێڤ Geneva من بەشداری گفتوگۆ بووم دەربارەی پەیڤ و واتای پەیڤ. گفتوگۆ یەکجار وردەکارانە بوون، تەنانەت کۆما (وێرگول) دانانێک ئاخافتنی توندی لێ بەرپا دەبوو. هەڵبەت سەختیی گفتوگۆی ژەنێڤ ناکۆکیی ئایدیۆلۆژییان لە پشت بوو. پەیڤی وەک «ئازادی» لە ئەورووپای خۆراوا و ئەورووپای خۆرهەڵات واتای جیاوازیان هەبوو، ئەوجا لە نێو شاندی بلۆکی ڕۆژهەڵاتیشدا وردەجیاوازی هەبوو - بۆ نموونە لێکدانەوەی دیپلۆماتە پۆلۆنییەکان پتر خزمە خۆراوا بوو نەک سۆڤییەت. ئێمە لەم گفتوگۆیانەدا تێگەیشتین جیاوازیی نیوان وەڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵات چۆنە و پەیوەندییان لە نێو خۆیاندا و لەگەڵ سۆڤیەتیشدا چۆنە.

کاتێک جیاوازیی ئایدیۆلۆژی وشە ڕەنگرێژ دەکات، مرۆڤ هەر ئەوەندەی بەسە ئاشنای ئەو ڕووپۆشە بێت، ئیدی بە هاسانی لە وشەکە دەگات. بەڵام گەر وشە ڕیشەی لە ژیاری وەهادا بوو مرۆڤ تێیاندا نەژیابێت، پێویستی بە تۆژینەوەی بەرفرەوان دەبێت هەتا ژێدەریان بناسێت.

لە دوو کەسی سەر بە دوو میللەتی جیاوازم پرسی: بە چ زمانێک لەگەڵ یەک دەدوێن؟ گوتیان: بە ئینگلیزییەکی شکەستە. زۆربەی گفتوگۆی جیهانیش هەر وەهان: بە ئینگلیزییەکی شکەستە ڕەوت دەکەن. زمانی ئینگلیزی گەیشتە ئەوەی زمانی ئێسپێرانتۆ هەرگیز پێی نەگەیشت، دەستاوێژێک بۆ ڕاگەیاندنی جیهانی، دەستاوێژێکی خاوەن شاوشە بەڵام بێ ناوەڕۆکی باڵا. گشت ئەوانەی زمانی ئینگلیزییان زمانی زگماکە خاوەن باڵادەستییەکی فرەمیللین نابێت بەکەم بگیرێت. ئەوانن لە سازمانی فرەمیللیدا بوونەتە خاوەن دەستپێشخەریی دارشتن و پێشەمیی لێکدانەوە. ئەوان زمانی خۆیان ترنجانۆتە نێو هەموو تەکنیکی هاوچەرخی ڕاگەیاندنەوە. جیهانفەرمانیی فیزیکیان گۆڕا بە جیهانسالارییەکی هزری.

دەیسا دیپلۆماتێکی سەربە زمانستانێکی بچووکی وەک سوێدی چۆن دەتوانێت لەم زمانسالارییە برەوستێنەدا جێی خۆی بکاتەوە؟ دەبێت ئەوەندە باش شارەزای ئەو دەستاوێژە بێت تێیدا ببێتە ئوستاد. خۆ تەرجەمەکردن بەمەبەستی هاوشانبوون لەگەڵ ئەوانی باڵادەستدا نە دەکرێت و نە جێی هاندانە.

زمانی خۆمان، خانەی خۆمانە و هەر وەهاش دەبێت. بە ڕەگوڕیشە و ژێدەرەکانی خۆی هێزێک بە ئێمە دەبەخشێت کە پاشان زمانی تازەی زادەی فێربوون ناتوانێت بیبەخشێت. هەتا زانستمان قووڵتر بێت دەربارەی وشەی خۆمان و بەستێنیان، ئاسانتر دەتوانین بەستێنی زمانستانەکانی دیکە دەرک بکەین. بەوەش ئەرکی دیپلۆمات کە گفتوگۆیە هەم خۆشتر دەبێت و هەم پتر هاسان.

«...»

گوتاری چوارەم

# هەمەکار و تایبەتکار[56]

## هەمەکار و تایبەتکار

زۆر جار گەر دەگوترێت دیپلۆمات کەسێکی هەمەکارەیە، مرۆڤ پێی وایە دیپلۆمات کەسێکی ئاماتوێر Amateur (ناپیشەوەر)ە. واتە گشت کەسێک دەتوانێت ببێتە باڵیۆز (سەفیر). بەڵام ئەو هەمەکارە لە خوێندنی چەندین ساڵەی پیشەی دیپلۆماسیدا تایبەتکارییەک فێر دەبێت کەسێکی دەرەکی نایزانێ: تایبەتکاریی پیشەی دیپلۆماسی.

کەسانی دیپلۆمات زانیار پەیدا دەکەن دەربارەی چەندین بابەت و چەندین وەڵات. فرە جار سەیرم لێ هاتووە بەشێکی چەند کەم لەو زانیارە دێتە بەکارهێنان و خەڵکی پێی دەزانن. دڵنیام لەوەی هەزاران ڕاپۆرتی من لە ئەرشیڤدا دانراون، لە لایەن کەم کەسەوە خوێندراونەتەوە و کەمتریش بەکار بوون. هەموو دیپلۆماتێک دەزانێت کە بەرهەمی ژیانی خۆی ئەرشیڤبەندە - و زۆر جاریش هەر ئەرشیڤبەندیی بۆ دەمێنێتەوە.

بەڵام ئەوەی کۆنەدیپلۆمات بیریان لێ دەکاتەوە ئەو ڕاپۆرتگەلە نین، بەڵکوو یادەوەریی هەموو دیدار و شوێنێکی نامۆن. ئەمانەیش بەگشتی دەکەونە دەرەوەی ئەرکی پیشەکە و وەک خاڵی هەرە تایبەتی ژیان درەخشانن، دەشێت داستانیان بۆ کەسانی دیکە بگێڕیتەوە، بەڵام کەم کەس توانای هەیە ئەو یادگارانە لە بارێکی وێژەکاردا داڕێژێتەوە.

ڕۆژێک لە ستۆکهۆلم لە ئۆتۆبووسدا تووشی خانمێک هاتم، لە مێژ بوو خانەنشین بوو، زووتر لە وەزارەتی هەندەران [ی سوێد] وەک «خانمی تایپیست» کاری دەکرد. خانم گوتی: «سەیر نییە توانای تایپکردن بە دەزگەی تایپ Typewriter دەرفەتی دابم جیهان ببینم!».

ئەم خانمە یەکێک بوو لەو تایبەتکارانەی نێو فەرمانگەی هەندەران. تایبەتکارێکی زۆر پێویست بۆ کەسانی دیپلۆمات چونکە خۆیان هونەری تایپیان نەدەزانی. ئەوان هەمەکارە بوون و پێویستیان بەوە نەبوو خۆیان بە تەکنیککارییەوە خەریک بکەن.

وێڕای گشت باسێک دەربارەی هەمەکاربوونی دیپلۆمات مرۆڤ هەر زوو بۆی دەردەکەوێت کە تایبەتکاریی لە کۆڕی دیپلۆماسیدا سەر هەڵدەدات. هەر چەند ساڵێک پاش دەستپێکی کار دیپلۆمات لە پیشەکەیدا ڕێچکەی

[56] Serçawe: Kaj Falkman. Generalister och specialister.
*Plikten och äventyret: upplevelser av diplomati.* Carlsson 2008.

تایبەت دەگرێ: کارمەندی دۆزی سیاسی، دۆزی بازاڕ، ئابووری، کۆمەک، فەرهەنگ، میدیا، ئاگاداری، کارگێڕی و هتد... بەڵام هەموو تایبەتکارێک دەبێت هەمیشە ئامادە بێت ئەرکی دیکە بگرێتە ئەستۆ. ئەم هەردەم ئامادەبوونەیە بۆ هاتنە دەست لە بواری دیکەدا کە دەبێتە مۆرکی هەرە دیاری کەسی دیپلۆمات.

لەم پیشەیەدا، ڕێچکەی هەرە دڵکێش ڕێچکەی سیاسییە، چونکە ئەمیان خەریکی دۆزی جیهانیی هەرە هەستیار و ترسناکە. ئەزموون و هەڵوێستی دروست لەم بوارەدا ڕێگە بەرەو پێگەی باڵا خۆش دەکەن، بۆ نموونە: یاریدەری وەزیری هەندەران، باڵیۆز لە واشینگتۆن و UN و هەروەها بۆ ئەرکی نێوبژیوانیی نێودەوڵەتی.

سیاسەت، سەرلەبەر دەکاتەوە دەسەڵاتخوازی. گشت لایەنێکی سیاسی دەیهەوێت دەسەڵات پەیدا بکات بۆ پیادەکردنی سیاسەتی خۆی یان سیاسەتی حیزبەکەی خۆی. بەگشتی سیاسەتمەدار بە چاوێکی نزم سەیری دیپلۆمات دەکەن، چونکە دیپلۆمات هەرگیز بە ئاشکرا خەریکی سیاسەت نابن و هەرگیز بۆ جێبەجێکردنی کار، ڕێگەی ترسناک ناگرنە بەر.

مرۆڤی دیپلۆمات مەودا دەگرێت لە سیاسەتمەدار، چونکە پێی وایە سیاسەتمەدار مێشەگەشەیە[57] دەیهەوێت لە ڕۆشنایی مێدیادا بدرەوشێتەوە بەڵام هەر زوو بە نەمانی ڕووناکی لە بیران نامێنێت. مرۆڤی دیپلۆمات هەر دەمێنێت، ڕاستە نادیارە بەڵام هەتا ڕۆژی خانەنشینی هەر سوودبەخشە.

«...»

[57] – مێشەگەشە: مەگەزێکی کەمتەمەنە باڵەکانی بە ڕووناکی دەدرەوشێنەوە Mayfly، هێمایە بۆ دیاردەی کورتخایەن، بە نەمانی ڕووناکی خامۆش دەبێت.

گوتاری پێنجەم

## سیاسەت و لایەنی مرۆڤکار[58]

### سیاسەت و لایەنی مرۆڤکار

جەنگی ڤییەتنام چۆن ئەم وەڵاتەی [سوێد] کردە دوو بەرە، هەروەها لە نێو وەزارەتی هەندەرانیشدا دووبەرەکی نایەوە. پاشکات ئاگادار کرامەوە لەوەی من کاتی خۆی لە هۆبەی سیاسی وەک پارسەنگ ناوزەد کرابووم بۆ کارگێڕیی دۆزی ڤییەتنام بەرانبەر Jean-Christophe Öberg[59] کە زیرەکانە و دڵگەرمانە داوای دەکرد سوێد سەروەریی ڤییەتنامی باکوور بسەلمێنێت. توانای من لەوەدا دەبینرا کە ئەزموونێکی ئاسیام هەبوو، زووتر لە تۆکیۆ کارا بووم. بەڵام ئەوەی من لە ژاپۆن لە نێزیکەوە لە ئەرتەشی ئامەریکاییم دیبوو، وێنەیەکی گەش نەبوو. ئەمانە خۆیان بە زاڵ دەزانی و بەگشتی بێڕێزییان بەرانبەر ژیاری ژاپۆنی دەنواند، ئەمەش زۆر جار لەتەک ژاپۆنیاندا تووشی لێکگیربوونی دەکردن.

بەو پاشخانەوە چ سەیر نەبوو من لە دۆزی ڤییەتنامدا پتر نێزیکی دیدی Öberg بم نەک ببمە ئەو پارسەنگەی هۆبەی سیاسی تەمای بوو، گەرچی لە بواری کارگێڕی خۆمدا، بۆ ئەوەی لە خۆڕا ڕێبەرایەتیی سیاسی نەورووژێنم، ڕێچکەیەکی تاڕادەیەک وردی پیشەوەرانەم ڕەچاو دەگرت. هاریکاریم لەگەڵ سەرکارانی خۆم ئارام و نەرمەڕۆ بوو، گەرچی دەمزانی ئەوان دڵشکاو بوون لەوەی من نەبوومە ئەو پارسەنگەی مەبەستیان بوو.

وەزیری هەندەران Torsten Nilsson[60] لە دۆزی ڤییەتنامدا بەرتاوی ئەو هێزە هاندەر و دەستپێشخەرییە خەیاڵفرەوانەی Öberg بوو. ئەم هاوسەفەری هەندەرانی بوو، ئەوەش نێزیکی خستبوونەوە لەیەک. گەر Öberg بۆ خۆی لە گەشت بایە، ئەو دەم بۆ سەرەدانی هانۆی، وارشۆ، پاریس و نیویۆرک (بۆ UN)، من بە شێوەیەکی کاتی

---

[58] Serçawe: Kaj Falkman. Politik och det mänskliga.
*Plikten och äventyret: upplevelser av diplomati.* Carlsson 2008.

[59] – سیاسەتمەدار و دیپلۆماتی سوێدی Jean-Christophe Öberg (1935-92) لە نێوان 1967-70 وەک سەکرەتێری وەزیری هەندارن نەخشی هەبوو لە داڕشتنی سیاسەتی سوێدی دەربارەی دۆزی ڤییەتنام.ساڵی 1970 وەک بریکاری باڵیۆزخانە Charge d'Affaires لە هانۆی (پێتەختی ڤییەتنام) هاتە دامەزران و پاشان 1972-74 بووە یەکەم باڵیۆزی سوێد لەوێ. Öberg لە نێوان 1976-81 باڵیۆز بوو لە بانگکۆک (پێتەختی تایلاند) و 1982-87 لە جەزائیر (پێتەختی جەزائیر)، 1987-91 لە وارشۆ (پێتەختی پۆلۆنیا). سەرچاوە: زانیارستانی سوێدی *Nationalencyklopedin*.

[60] – سیاسەتمەدار (سۆسیالدیمۆکرات) ی سوێدی Torsten Nilsson (1905-97) ساڵانی 1962-71 وەزیری هەندەران بوو.

وەک سەکرەتێری تایبەتی وەزیری هەندەران، هاوسەفەری وەزیر دەبووم. وەزیر ڕۆژانە چەند جارێک لێمی دەپرسی ئایە Öberg دەنگی نەبوو؟ جارێک لە وەڵامدا گوتم: نەخێر، تەنها سەرنووسەری *Fritid* تەلەفۆنی کردووە. Torsten Nilsson لە ناکاو بە تووڕەییەوە گوتی: مەبەستت *Frihet* ـە![61] وێڕای ئەم نەزانینەی من دەربارەی سۆسیالدێمۆکرات، نێوانی من لەگەڵ Torsten Nilsson دا خۆش بوو، من ئەو سروشتە مۆنە بەڵام گەرمەی ئەوم بەهەند دەگرت. پەیوەستێکی نێوانمان ڕێشاڵی سکۆنەیی[62] هەردووکمان بوو.

بازنەی دەوری Öberg کەسانی نێزیک پارتی سۆسیالدێمۆکرات و پێم وایە بەشێکیان ئەندامیش بوون، بەڵام من وەهام بە دروست دەزانی ڕێچکەی کارمەندانەی سیاسەتبەدەری وەزارەتی هەندەران ڕەچاو بگرم.

پاش گوتارە سەرنجڕاکێشەکەی ئولوف پاڵمە Olof Palme[63] لە شاری Gävle ساڵی 1965 کە ڕەخنەگرانە بوو بەرانبەر جەنگی ئامەریکی لە ڤییەتنام، پێگەی سوێد لای واشینگتۆن ساردبۆوە. ئەوجا کاتێک حکوومەتی سوێد ژانیوەری 1969 کۆماری دێمۆکراتی ڤییەتنام (ڤییەتنامی باکوور) ی بە فەرمی سەلماند، پەیوەندییەکە ئەوەندی دیکە تەزی. بەڵام لە یەک دۆزدا کە بە لای ڕای گشتیی ئامەریکاوە گرینگ بوو، واشینگتۆن پێی وا بوو دەتوانێت سوود لە سوێد وەر بگرێت، ئەویش مژاری دیلە ئامەریکاییەکان بوو لە ڤییەتنامی باکوور. سوێد تاکە وەڵاتی خۆراوا بوو پەیوەندی دیپلۆماسیی لەتەک هانۆیدا هەبوو، کەواتە دەرفەتی هەبوو نۆرەیەک لە مژاری دیلەکاندا ببینێت. لەسەر داوای واشینگتۆن، وەزارەتی هەندەران [ی سوێد] — بە نیازێکی مرۆڤدۆستانە - لیستێکی دایە هانۆی بە ناوی شێست دیلی ئامەریکایی و پرسیاری لە چارەنووسیان دەکرد. سەرەتای 1970 هانۆی بە لیستێکی چواردە ناوی نوێ وەڵامی وەزارەتی هەندەرانی دایەوە - ئەوەش یەکەم جار بوو ڤییەتنامی باکوور زانیاریی وەها بداتە وەڵاتێکی بیانی، ئەمە ڕێزلێنانێک بوو لە سوێد.

هەڵبەت ئامەریکاش بە ڕێزەوە دەینۆڕییە ئەم هەنگاوە و سوێد بەردەوام بوو لەسەر ئەم پۆستەکارییەی نێوان واشینگتۆن و هانۆی. لە کۆتای 1970 دا وەزارەتی هەندەران بەش بەش ناوی 368 سەربازی ئامەریکی وەرگرت

---

[61] - وشەی یەکەمیان *Fritid* واتە: کاتی ئازاد، پشوو، وچان و لەو باسەدا، فاڵکمان لەگەڵ وشەی دووەمدا *Frihet* (واتە «ئازادی») تێکەڵی کردبوو کە ناوی بڵاوکراوەی ئەو دەمەی سۆسیالدێمۆکرات بوو.

[62] - سکۆنە Skåne هەرێمێکە لە باشووری سوێد.

[63] - ئولوف پاڵمە (1986-1927) Olof Palme سیاسەتمەدار (سۆسیالدێمۆکرات) ی سوێدی، ساڵانی 76-1969 و پاشان لە ساڵی 1982 ەوە هەتا ڕۆژی کوشتنی، سەرۆوەزیران بوو. پاڵمە لە خێزانێکی بەرزەبۆرژوای کۆنەواردا زاوە. ئەم هەفت ساڵان بوو باوکی مردوە. لە ساڵانی خوێندنی قانووناسیدا بووە ئەندام لە یانەی فێرخوازانی سۆسیالدێمۆکراتدا. ساڵی 53-1952 خوێندنی تەواو کرد و هەر بە سەکرەتێر لای (1985-1901) Tage Erlander [تاگە ئێرلاندەر سیاسەتمەدارێکی ناوداری سۆسیالدێمۆکرات سوێدە، لە نێوان 69-1946 سەرۆوەزیرانی سوێد بوو] هاتە دامەزران. پاڵمە ساڵی 1961 بووە سەرۆکی دەفتەری سەرۆوەزیران، ساڵی 1963 وەزیری ڕاوێژکار، ساڵی 1965 وەزیری ڕاگەیاندن و هەروەها ساڵی 1967 وەزیری فێرکاری و ئەوجا ساڵی 1969 بە کۆی دەنگ هەڵبژێردرا بە دەمڕاستی پارتی سۆسیال دێمۆکرات لە جێی Tage Erlander و بەوەش وەک سەرۆوەزیرانیش جێی گرتەوە. ساڵی 1976 ڕاستڕەوەکان هەڵبژاردنیان بردەوە، پاڵمە و پارتی سۆسیالدێمۆکرات بۆ ماوەی شەش ساڵ کەوتنە بەرەی بەرهەڵستکارانەوە. لە هەڵبژاردنی 1982 دا سەرلەنوێ سۆسیالدێمۆکرات فەرمانی گرتە دەست و پاڵمە بۆوە سەرۆوەزیران هەتا ڕۆژی کوشتنی. پاڵمە لە ستۆکهۆلم، ساڵی 1986، بە دەست کەسێکی هەتا ئێستا نەناس، کوژرا. سەرچاوە: زانیارستانی سوێدی *Nationalencyklopedin*.

کە دیل بوون لای ڤییەتنامی باکوور. لە ڕێی باڵیۆزخانەی ئامەریکاوە لە ستۆکهۆلم، لیستەکان کل (پۆست) دەکران بۆ واشینگتۆن و لەوێشەوە بۆ خزم و کەسی ئەو سەربازانە.

فڕۆکەوانی ئامەریکایی لە ڤییەتنام دیل بوون و خانمە هاوسەرەکانیان بە شارەکانی ئەورووپادا دەگەڕان لایەنێک یارمەتییان بدات مێردەکانیان لە دیلێتی ڕزگار بکەن. ئێمە لە وەزارەتی هەندەران پێشوازیمان لە چەندین دەستە خانمی وەها کرد. سەرۆکی ئەم گرووپانە بابایەک بوو چڕ و زۆربڵێی سەربە پێنتاگۆن، زۆر شانۆکارانە باسی لە پەژارە و دەردەدرایی ئەم خانمانە دەکرد کە دابڕاون لە مێردەکانیان و مێردیش لە زیندانی ڤییەتنامیدا هەلومەرجی دڕندانەیە. سوێد نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی هەیە لە هانۆی، لەبەر ئەوە چاوەنۆڕیی لێ دەکرا توانای زۆر بخاتە گەڕ بۆ ڕزگارکردنی فڕۆکەوانەکان. ئەوان هەوڵەکانی ئێمەیان بەرز دەنرخاند بەڵام هیوادار بوون ئێمە لە ڕێی مرۆڤدۆستیدا زیادترمان هەوڵ بدایە.

جارێک، تەنها چەند ڕۆژێک بوو من لە سەرەدانێکی هانۆی گەڕابوومەوە، لەتەک سەرکارەکانی خۆم لە هۆبەی سیاسی دیدارێکمان بوو لەگەڵ دەستەیەک لەو خانمگەلە. پاش ئاخافتنی ئاسایی، سەرکارەکانم داوایان لێ کردم خانمان هەتا دەروازەی دەرەوە بەڕێ بکەم. کاتێک لەگەڵ خانمەکان و سەرۆک شاندەکەیان تەنها مام، زەرفێکم لە جانتاکەی خۆم دەرهێنا فۆتۆی تێدا بوو لە هانۆی پەیدام کرد بوون. لە سەر مێزێکی گەورە فۆتۆکانم بڵاو کردەوە و پێم گوتن ئەمانە وێنەی زارۆکی زامداری جەنگن لە یەک لە نەخۆشخانەکانی منداڵان لە هانۆی. زارۆک - بە هۆی پارچە تۆپ و ناپاڵمی ئامەریکی - لەش سووتاوی بێ لنگ و باڵ، لەسەر تەختەخەوی سپی ڕاکشا بوون. داوای بەخشینم کرد لەوەی خانمانی هاوسەری فڕۆکەوانەکان ڕووبەڕووی ئەم بەرهەمە دەبن کە زادەی هێرشی فڕۆکەوانی ئامەریکییە، بەڵام خۆم بە قووڵی بەرتاوی وێنەکان بووم و دەمویست سوود لەم دەرفەتە دەگمەنە وەربگرم و پێشانی هاوسەری فڕۆکەوانەکان بدەم جەنگ چی بەدەمەوەیە.

ژنەکان چاویان لە وێنەکان چەقی و لاڵ بوون، بەڵام سەرۆک شاندی سەربە پێنتاگۆن بە توورەییەوە ڕوونی کردەوە کە ئەوان نەهاتوون بۆ وەزارەتی هەندەرانی سوێد بۆ ئەوەی تەماشای فۆتۆی جەنگی ڤییەتنام بکەن. ئەم بابایە ژنەکانی لە مێزەکە دوور خستنەوە و بەرەو دەرەوە پێش خۆی دان. من دەستەکەم بەڕێ کرد هەتا دەروازی ڕووەو مەیدانی گوستاڤ ئادۆلف Gustav Adolf و چاوم لێ بوو سواری ئۆتۆبووسێک بوون چاوەنۆڕیان بوو.

سبەیرۆژ تەلەفۆنێکی ناکاوم بۆ هات لە خانمێکی ئەو دەستەیەوە. خانم داوای لێم کرد بمبینێت چونکە باسێکی لایە گرنگە. پێک هاتین، لە لۆبی گراند هۆتێل کۆ بووینەوە. هەر زوو چووە باسەکەوە: ئەم هەرگیز بیری لەوە نەکردبۆوە مێردەکەی لە ڤییەتنام چ کارە بووە و لەبەر ئەوە وێنەی منداڵە زامدارەکانی جەنگ قووڵایی ناخی هەژاندووە. ڕاستییش ئەوەیە ئەم مێردەکەی خۆی باش نەناسیوە، هەر زوو پاش دیداری یەکەم مێردەکەی بانگ کراوە بۆ خزمەتی سەربازی لە ڤییەتنام. ئەویش داوای هاوسەریی لێکردووە و مارەیان بڕیوە. نامەیان بۆ یەکتر نووسیوە بەڵام مێردەکەی هەرگیز بۆی باس نەکردووە لە ڤییەتنام چ کارە بووە. پاشان فەرمانگەی جەنگ پەیام دەنێرێت و دەڵێت فڕۆکەی مێردەکەی لە ڤییەتنامی باکوور گلاوە، ئەم تووشی شۆک دەبێت و پێی وا دەبێت مێردەکەی مردووە. پاش ماوەیەک ئاگادار دەکرێتەوە لەوەی مێردەکەی بە دیل گیراوە و زیندانییە. ئاهێکی پێدا دێتەوە بەڵام هاوکات هەست دەکات ئیدی سەختە پاش ناسینی وەها کورتخایەن و دابڕانی وەها درێژخایەن، یەک بگرنەوە. ئەم تازە خۆی ڕاهێنابوو بە ژیانی سەربەخۆ. خۆ ئەمان هەرگیز خانەی هاوبەشەیان نەبووە. ئەوجا پاش وێنەی منداڵەکانیش هیچ دڵنیا نییە لەوەی جارێکی دی دیداری ئەو مێردەی لە لا مەبەست بێت!

دیار بوو ئەم خانمە پێویستی هەبوو بەوەی ئەم باسە لای کەسێک بدرکێنێت نامۆ بێت، دوورەباس بێت، بەڵام لە ڕێی وێنەکانەوە کاریگەریی هەبووبێت لەسەر دیدی ئەو دەربارەی ئەو ململانێیە و هەروەها هەڵوێستی لە دەسەڵات. خانم گوتی ناشێت ئەم باسە لای خانمە هاوسەرەکانی دیکە بدرکێنێت چونکە ئەوان ژیانێکی هاوسەریی درێژتریان هەبووە و وەها پێ دەچێت بڕوایان هێنابێت بەوەی ڕەفتاری مێردەکانیان چارەیەکی ڕەوایە بۆ ڕێبەستن لە کۆمیونیزم. ئەم بە فەرمانی پێنتاگۆن، وەک «ئەرکێکی وەڵاتپارێزانە»، بەشداری ئەم گەشتە بووە. بە ویستی خۆی بێت ئێستا کۆتا بەم گەشتە دەهێنێت بەڵام ناچارە دەبێت لە تەک گرووپەکەدا هۆگریی خۆی پێشان بدات دەنا بە میللەتنەویست مۆری دەکەن.

ئەم خانمە داوای ئامۆژگاریی لێ نەکردم، داوای لێ کردم باسی هانۆی بۆ بکەم. باسکردن لەو ژیانە ئارام و پڕ قوربانییەی ڕۆژانە لە «چاوگی گەردەلوول» دا گوزەر دەکات، بۆ من پشوویەکی گیانەکی بوو. لە پرسیاریەکانییەوە خویا دەبوو خانم چەند کەم شارەزای ڤییەتنام و ئەو خەباتە ئازادیخوازییە درێژخایەنەی ڤییەتنامە دژ بە هێزی کۆلۆنیال، سەرەتا فڕانسە و پاشان ئامەریکا.

من لەم بەسەرهاتە چ فێر بووم؟ خاڵی یەکەم: ئەم خانمەی دانیشتووی گچکەشارێکی ئامەریکا چەند ئاخنراوە بەو پەیامە ئامەریکاییەی دەڵێت جەنگی ڤییەتنام بۆ ڕێبەستنە لە سەرکەوتنی «بیردۆزەی دۆمینەکار»[64] لە ئاسیا، چونکە گەر سەرکەوێت دەرهاویشتەی ترسناکی دەبێت بۆ ئاسایشی ئامەریکا.

خاڵی دووهەم: وێنەی ئەو زارۆکە پەلبڕاوانە لای خانم بوونە چەخماخەیەکی سۆزەکی. بەوەش خانم کەوتە ڕەخنە لەو بەڵگەکارییە فەرمییەی پشتیوانی لە جەنگ دەکرد. لەویشەوە گەیشت بەوەی گومان لە ڕەوایەتیی ئەو کردارە بکات کە مێردەکەی لە ڤییەتنام ئەنجامی دەدا. ئەم خانمە تێگەیشت لەوەی، بەدەر لە هەڵوێستی سیاسی، ئەم بارودۆخە چ ژانکێشانێکی بۆ مرۆڤ تێدایە.

خاڵی سێهەم: دیم، لە دۆخی ناکۆکیدا، چیرۆکی ڕاستینە چ دەرفەتێکی هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر پروپاگەندەدا.

هەڵبەت هیچ چیرۆکێک بۆی نییە ڕاستیبوونی بەسەرهات بۆ خۆی پاوان بکات، بەڵام دەتوانێت وێنەی ڕووداوەکە بگۆڕێت و بەوەش ئەو پەردەپۆشە سیاسییە داماڵێت کە لە مەیدانی جەنگ ئاڵاوە.

دەگوترێت: «لایەنی براوەیە مێژوو تۆمار دەکات»، بەڵام مادام هیچ لایەنێک سەرکەوتوو نییە، تۆمارکردنی مێژوو بۆ گشت لایەکی بەشدار ئاواڵەیە.

دەرئەنجامی ئەم دیدارە لەتەک خانمانی هاوسەری فڕۆکەوانەکان پێشانی دەدات کە مرۆڤدۆستی، گەر دەرفەتی هەبێت بە هەموو هێزی خۆیەوە بێتە پێش و هەستی هاوسۆزیی وەها سەربخات کە گشت لابەرژەوەندییەکی سیاسی پەک بخات، زاڵ دەبێت بەسەر سیاسەتدا.

---

[64] – «بیردۆزەی دۆمینەکار» مەبەست لە دیاردەی بڵاوبوونەوەی مۆدێلی ڤییەتنام و کۆمیونیزمە لە وەڵاتێکەوە بۆ وەڵاتێکی دیکە، وەک چۆن پوولی دۆمینە، گەر مەودای پێوسیت لە نێوانیاندا بێت و یەکیان بکەوێت، بە زنجیرەی گشت پوولەکان بە دوای یەکدا دەکەون.

ڕاسته پارته سیاسییەکان خۆیان بە نوێنەری مرۆڤدۆستایەتی دەزانن - هەیشە بە کرۆکی سازمانەکەی خۆی دەزانێت. مەگەر بوارگەلی وەک ساخلەمی،[65] فێرکاری[66] و پەرۆشی[67] - کە هێندە دووبارە دەکرێنەوە و بوونەتە دروشم - چین، بازنە نین بە دەوری مرۆڤکارییەوە؟ پەرۆشیی لە مرۆڤکاری دەبێت بچێتە چێوەی سازمانەوە بۆ ئەوەی هێز و تاو لە جیهاندا پەیدا بکات، وەک ئەوەی بۆ نموونە خاچی سوور و پزیشکی بێسنوور دەیکەن. بەڵام گشت سازمانێکیش - سیاسی بێت یان مرۆڤکار - هەمیشە کێشەی هەمەجۆری بەدەمەوەیە: ناکۆکیی بەرژەوەند، ڕکابەری، پیلانگێڕی، شێواندن و گەندەڵی. پارتی سیاسی پاکێجی چارەسەر ئامادە دەکات و پەیڕەوانی دەبێت سەرلەبەری پاکێجەکە بسەلمێنن، گەرچی لەوانەیە تەنها بەشێکی ئەو پاکێجەیان بەلاوە باش بێت. ئەوجا بانگەشەی داکۆکی لە بەرژەوەندیی مرۆڤکارانە دوور نییە ڕێچکەیەکی لادەر بگرێت: دەنگدەر پەرۆشی داکۆکییە لە مرۆڤکاری، حیزبیش ئەو خواستەی دەنگدەر بۆ بەرژەوەندیی حیزبیی خۆی بەکار دەهێنێت. هۆکاری لەم بابەتەیە ڕێ لە خەڵک دەگرێت بچنە ژێر ڕکێفی سازمانی حیزبییەوە بۆ داکۆکی لە بواری مرۆڤکارانە.

لە ڕوانگەی سوێدەوە ناکۆکیی ڤییەتنام بە پلەی یەکەم داکۆکی بوو لە مافی خۆفەرمانیی گەلی ڤییەتنام و هەروەها ڕەتکردنەوەی توندوتیژی، بەتایبەتی توندوتیژیی دەسەڵاتێکی زلهێز دژ بە وەڵاتێکی بچووک. پشتیوانی لە ڤییەتنام و ڕەخنەگرتن لە ئامەریکا لەتەک پەرەسەندنی بزاڤی ڤییەتنامی، گەشەی دەکرد. شۆڕشی لاوان بووە هێزێک دەبا بەهەند بگیرێت، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی هاوبیر بوو لەگەڵ شۆڕشی لاوانی فڕانسە، ئامەریکا و دەوڵەتانی دیکەی خۆراوا. لە لایەک خەباتی لاوانی شەیدای داد و ئاشتی حکوومەتیان هان دەدا و لە لایەکی دیکەوە ترسێک هەبوو لەوەی لایەنی ناپارلەمانی ببنە جڵەوکێش. ئەوجا بۆ ئەوەی پارتی دەسەڵاتدار دەستپێشخەری و هێزی لەدەست نەدات، دەبا ئەو گشتڕا[68] ڤییەتنامدۆستە پەلهاوێژە بە لای خۆیدا ڕاکێشێت. گەرچی سیاسەتی هەندەرانی سوێد دەربارەی دۆزی ڤییەتنام دەربڕینێکی ڕەسەن بوو لە نرخاندنی سۆسیالدیمۆکراتانە و دارِشتنێکی بەهێزی ئولوف پاڵمە بوو، بەڵام هەوڵدانی ئاگایانە لە نێوخۆی سوێددا بۆ کۆکردنەوەی گشت باڵەکانی بزاڤی ڤییەتنامی لە ژێر ئالای سۆسیالدیمۆکراتدا، بووە هۆی پەیدابوونی بەدگومانی بەرانبەر «سیاسەتی هەندەرانی نێوخۆ».[69]

دەیسا دیپلۆمات لەتەک ناکۆکیی وەها پەرتی وەک دۆزی ڤییەتنامدا چی پێ دەکرێت؟ دیپلۆمات دەتوانێت وەک Jean-Christophe Öberg ڕاست و ڕەوان پشتیوانی لە یەک بەرەی ناکۆکییەکە بکات، ئەویش لەسەر بنەمای بەهای ئاکارەکیی خۆی، بەڵام هاوکات ئامانجێکی دیپلۆماسی بگرێتە بەر بۆ ئەوەی گشت لایەنی ناکۆک

---

[65] - ساخڵەمی: بواری تەندروستی و گیاندروستی.

[66] - فێرکاری: دەکاتەوە ڕشتەکانی خوێندن و بارهێنان.

[67] - پەرۆشی: گشت بوارەکانی چاودێریی جڤاکی، بۆ نموونە: خێزان، زارۆک، تەمەنداران، هەرزەکاران، تاوانکاری، ئالوودەبوون و هتد.

[68] - گشتڕا: ڕای گشتی.

[69] - «سیاسەتی هەندەرانی نێوخۆ» چەمکێکی جێکەوتووە لە زمانی سیاسیی سوێددا بۆ دەربڕین لە پیادەکردنی سیاسەتی هەندەرانکار بۆ بەرژەوەندی سیاسەتی نێوخۆ. ئەم چەمکە یەکەم جار ساڵی 1970 لە نووسراوێکی سیاسەتمەداری ڕاسترەوی سوێدی Gösta Bohman (1911-1997) هاتە کایەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی ئولوف پاڵمە و سۆسیالدیمۆکراتی سوێد لە ئاست دۆزی ڤییەتنام.

بێن و سوێد بە نێوبژیوان بسەلمێنن. بە دیدی Öberg، سوێد هەر لەبەر ئەوەی تاکە وەڵاتی خۆراوا بوو جێی متمانە بێت لای ڤییەتنامی باکوور، حکوومەتی سوێد لای واشینگتۆن لە بواری ئاخافتندا سەنگی دەبێت. دیدەکەشی هەڵە نەبوو، چونکە Torsten Nilsson چەندین جار لە لایەن وەزیرانی هەندەرانی ئامەریکاوە پێشوازی لێ کرا. ئەم، سیاسەتی سوێدی ڕوون دەکردەوە دەربارەی ڤییەتنام و ئەوانیش ڕاستگۆیی ئەمیان لەو باسەدا بەرز دەنرخاند. هەم ئەم و هەم ئولوف پاڵمە لە لایەن دامودەزگەی خەریک بە دیلی جەنگەوە، سوپاس کران. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ خواستێکی جیددی بۆ نێوبژیوانیی سوێد، لە لایەن ئامەریکاوە پەیدا نەبوو. نێوبژیوانی لە نێوانیاندا هەبوو بەڵام لە کەناڵی دیکەوە و تەنها بۆ ئەوە بوو لایەنی ناکۆک پێک بێن لەسەر کات و جێی ئاخافتن.

دەکرێت دیپلۆمات لە ئاست ناکۆکیی سیاسیی جیهانیدا هەڵوێستێک بگرێتە بەر بێلایەن و چاوەنۆڕانە بێت، بەو هیوایەی تا زووە ناکۆکی خامۆش بێتەوە بێ ئەوەی پریشکی نێزیک سوێد بێتەوە. لە نێو هۆبەی سیاسیدا، لە وەزارەتی هەندەرانی سوێد، دەگوترا جەنگی ڤییەتنام پێشهاتێکی لابەلا Episode یە لە مێژوودا و کە جەنگ کۆتا بوو ئەوسا دووبارە فەرامۆشی ڤییەتنام دەپێچێتەوە. بەڵام ئامەریکا هەمیشە وەک زلهێزێکی جیهانپۆش هەر دەمێنێت و هەر ئەو دۆستە چەسپیوە دەبێت کە کاتی خۆی کۆچبەرانی ئێمە بەشداربوون لە هەڵنانی ئەم وەڵاتە بەهێزەدا. ئەم دیدە لە سەر بنەمای ڕیالیزمێکی دووربین دامەزرا بوو نەک لەسەر هاوسۆزییەکی کاتی بۆ بەرانبەرێکی لێکەوتە. ئەم دیدە لەبەر ئەوەی بە وەڵامدەرەوەی بەرژەوەندیی دووربینانەی سوێدی دادەنرا، دەبا پێشەمی وەربگرێت. (هەڵبەت لە ڕووی پرنسیپەوە مەبەستێکی دیکەی دووربینانەش هەبوو لە سیاسەتی حکوومەتدا: لە سەروو هەموانەوە پشتیوانی لە ڤییەتنام دەیکردەوە پارێزگاری لە سوێد بەرانبەر هێرشی بیانی و بۆ پاراستنی سەرخۆبوونی سوێد).

لە ئاوێنەی ڕابوردەبیندا دەشێت ئەو بۆچوونەی ڕەخنەگر بوو لە سیاسەتی ڤییەتنام دروست بێتە پێشچاو: ئەوەتە لە سیاسەتی جیهانیدا فەرامۆشی ڤییەتنامی پێچاوەتەوە و ئابووریی بازاڕی ئازاد جێی ئابووریی نەخشەداری کۆمیونیستانەی گرتۆتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ڤییەتنامییەکان سەرکەوتن. لەشکری ئامەریکی ناچار کران بە بەزینێکی شەرمەزارانە ڤییەتنام جێ هێڵن. ڕێبەرانی هانۆی وەڵاتەکەیان یەک خست، سەرخۆبوون دامەزرا و گشت جیهان «کۆماری دیمۆکراتی ڤییەتنام» ی سەلماند. هۆکاری ئەم سەرکەوتنە بریتی نەبوو لەوەی ڕێچکەیەکی سیاسی زاڵ بوو بەسەر یەکێکی دیکەدا، بەڵکوو لایەنی مرۆڤکار بوو سەرکەوت بەسەر سیاسەتدا.

هەموومان ئایدیۆلۆژی و پەیامی سیاسیی جەنگی ڤییەتنام- مان لە بیرچۆتەوە، بەڵام کەس وێنەی ئەو کیژۆڵە ڕووتەی لەبیر ناچێتەوە، لە تاو گڕی ناپاڵم، بە سووتاوی هەردوو باڵی کردبۆوە و بە ڕێگەدا ڕای دەکرد و دەیزریکاند. وێنەی ئەم زارۆکە گڕگرتووە، بڕیاری دادگەی مێژووە بەسەر جەنگی ئامەریکادا لە ڤییەتنام.

«...»

گوتاری شەشەم

## سەرۆک و ڕێبەرایەتی[70]

### سەرۆک و ڕێبەرایەتی

کەسانی سەرکار لە زۆربەی سازماندا کەمینەن. لە فەرمانگەی هەندەرانیشدا[71] هەر وەهایە، دەیەکی کامەندان سەرۆک و سەرکارن. بەڵام لەبەر ئەوەی کار و کەشی کار بەڕادەیەکی بەرز بەرتاوی ڕێبەرایەتین، گۆڤاری *UD-kuriren* کە تایبەتە بە کارمەندانی وەزارەتی هەندەران [ی سوێد] ژمارەیەکی سەرلەبەری تەرخان کردووە بۆ بابەتی ڕێبەرایەتی (ژمارە 2، ساڵی 2007). گشت ئاخێوەرانی ئەم ژمارەیە هاوڕان لەوەی سەرۆک لە فەرمانگەی هەندەراندا دەبێت «ڕوون» بێت. واتە سەرۆک دەبێت ئامانجی سازمانەکە و ئاڕاستەی کار بۆ کارمەندانی خۆی ڕوون بکاتەوە و هەروەها دەبێت ڕوونیشی بکاتە چاوەنۆڕیی چییە لە کارمەندان.

لە ساڵانی لاویمدا کاتێک لە هۆبەی سیاسیی وەزارەتی هەندەران کارم دەکرد، سەرکارێکم هەبوو، زۆر ڕوون، بابڵێم زێدەڕوون بوو. دەستی دەخستە گشت مژارێکی من خەریکیان بووم و دەستکاری هەموو وردەکارییەکی دەکرد. گەر مژارێکیش ئامادەی بڕیاردان با، با مژارێکی ساکاریش با، نەیدەوێرا خۆی بڕیار بدات، بەرزی دەکردەوە بۆ سەربەش، ئەمیش بەم ڕاڕابوونەی سەرکار تەواو هەراسان بووبوو. بۆ دەرباز بوون لەم بارە خۆم وردەبڕیارم دەدا بێ ئەوەی بیانخەمە بەردەست بابای سەرکار. لە چەند مژارێکی هەستیاریشدا شیرازەبڕیم دەکرد و بێ گەڕانەوە بۆ سەرکار، خۆم مژارەکەم دەبردە لای سەربەش چونکە دەمزانی لە وردهاڕێتی بڕیارنەدەرانەی سەرکار بێزار بووە.

جارێکی دیکە لە باڵیۆزخانەیەک کارم دەکرد و لەوێ سەرۆکێکم هەبوو بە هیچ جۆرێک ڕوون نەبوو. ئەم بە هیچ جۆرێک خۆی بە وردەدۆزیی کارەوە خەریک نەدەکرد و ڕێی دابوو کارمەند بە خواستی خۆیان کاری خۆیان ساز بکەن. بەڵام وێرای ناڕوونی لە ڕاپەڕندنی کاردا، ڕوونییەک لە سالاری Authority ی ئەودا

---

[70] Serçawe: Kaj Falkman. Chef och ledarskap.
*Plikten och äventyret: upplevelser av diplomati.* Carlsson 2008.

[71] – چەمکی «هەندەران» لێرەدا بەرانبەر «کاروباری دەرەوە» بەکار هاتووە. بۆ نموونە وەزارەتی هەندەران دەکاتەوە وەزارەتی کاروباری دەرەوە.

دەدرەوشایەوە و گشتمان ڕێزمان لێی دەگرت. بنەمای ئەو ڕێزە چی بوو؟ ئەزموون، زانین و سالاری. ئەریَ، دەبێت بیسەلمێنین، سالارییەکی زگماک بوو.

سەرۆکایەتی و ڕێبەرایەتی یەک بابەت نین. سەرۆکایەتی خەسڵەت نییە بەڵکوو پێگەیە لە پەیژەی سازماندا، بەڵام ڕێبەرایەتی تایبەتمەندییە مرۆڤ هەیەتی بێ ئەوەی پێویست بکات سەرۆک بێت. ئەو سەرکارەی لە سەرەوە باسم کرد، ڕێبەر نەبوو تەنها سەرۆک بوو. گەر پێوەری ئێستای ڕێبەرایەتی کارا با ئەو هەرگیز بۆ سەرکارەتی ناوزەد نەدەکرا.

Gunnar Hägglöf[72] دەڵێت بەخت یار بوو لە تەنگژەیەکی جیددیدا ئامادە بووم: سەختانگی جەنگی دووهەمی جیهانی. لەو دەمەدا وێرای جەوانی، هێگلوێف ناوزەد کرا بۆ پۆستێکی وەها هەرگیز پێی نەدەگەیشت گەر جەنگ داوای کارمەندی وەهای نەکردایە (بێ ئەوەی خۆی بیڵێت، مەبەست: کارمەندی زیرەک و کردە). لە باری ئاساییدا، دەبا ئەویش بەو ڕۆتینەدا تێپەڕ با کە ژمارەی سالانی خزمەت دەکاتە بنەمای ناوزەدکردن.

گەر ژمارەی ساڵی خزمەت پێوەر بێت بۆ پێگەی سەرۆکایەتی، کەس پەست نابێت، مەگەر کەسانێک خۆیان پێ لەبارتر بێت بۆ ئەو پێگەیە چونکە خۆیان بە زاناتر و تواناتر دەزانن. گەر سەرۆک ژیر بێت، دەرفەت دەداتە ئەو لاوانەی لەبارترن، هەتا دەکرێت سەرفەرازانە توانای خۆیان پیادە بکەن.

زۆر جار، کاتێک دیپلۆماتی لاو لە کەسانی تەمەندارتری نێو پیشەکە تێپەڕ دەبن، کێشەی هەستیار لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت. ئەوسا دەبێت سەرۆکی لاو سالارییەکی وەهای هەبێت یان پەیدا بکات کە کارمەندی تەمەندارتر سەرۆکایەتییەکەی لێ بسەلمێنێت.

وەزارەتی هەندەران لە «ڕێنامەی سەرۆکایەتی 2003» دا سێ نۆرەی سەرۆکایەتی لە نێو فەرمانگەی هەندەراندا دیاری دەکات: «نۆرەی ڕێبەر»، «نۆرەی زانیار» و «نۆرەی نوێنەر». یەکەم مەرج لە «نۆرەی ڕێبەر»دا بریتییە لە گشتبینی و بۆچووونداری.

«گشتبینی» مەرج نییە بکاتەوە بۆچوونی ژیرانە. بەڵام هەردوو خەسڵەت گرینگن بۆ ئەوەی مرۆڤ وەک سەرۆکی باش ڕێزمەند بێت. گشتبینی واتە توانات هەبێت نیگات لە هەلومەرجی دەمودەست بەرز بکەیتەوە. ئەم توانایە «مەودا» ت بۆ تەرخان دەکات و ئەمیش لە سترێس، پەلەکردن و بڕیاری بێسەروبەر دوورت دەخاتەوە و هەروەها هەستێکی ئارامی لە نێو کارمەنداندا پەخش دەکات.

---

72 – دیپلۆماتی ناوداری سوێدی Gunnar Hägglöf (1904-94) چەندین پێگەی گرینگی دیپلۆماسیی هەبووە، بۆ نموونە: سەرۆکی هۆبەی بازرگانی لە وەزارەتی هەندەران 44-1939، وەزیری ڕاوێژکار (بێ وەزارەت): پاییزی 1939، باڵیۆزی ڕاسپاردە (ئەنڤۆی) Envoyé لە هاگ Haag 1944–46. لە مۆسکۆ 47-1946، لە UN سالانی 48-1947، باڵیۆز لە لەندەن 67-1948 و لە پاریس 71-1967. سالانی جەنگی دووەمی جیهانی هێگلوێف نۆرەیەکی بەرچاوی دی لە بورای سیاسەتی بازرگانیی جەنگدا. زیرەکانە و سەرکەوتوو سەودای بازرگانیی لەگەڵ ئاڵمانیا و پاشان لەگەڵ بریتانیا و ئامەریکاشدا بەڕێوە برد. هێگلوێف بەسەرهاتی ئەو سالانەی لە سێ کتێبدا تۆمار کردووە:

*Svensk krigshandelspolitik under andra världskriget* (1958). *Det kringrända Sverige* (1983). *Vägen ut (1984)*

جگە لەوە هێگلوێف بیرەوەریی خۆی لە پێنج بەرگدا بڵاو کردۆتەوە (1971–75). هەروەها چەندین بەرهەمی دیکەی هەیە دەربارەی مێژووی هاوچەرخ. سەرچاوە: زانیارستانی سوێدی *Nationalencyklopedin*.

جگە لەوە «مەودا» ڕێگە خۆش دەکات بە شۆخییەوە لە بارودۆخەکە بنۆڕیت. ڕوانگەی شۆخیکار بادانەوەیەکی ناکاو پەیدا دەکات، خەندە و پێکەنینی لێ دەزێت. شۆخی چارەیەکی کارایە بۆ خاوکردنەوە گرژی. زۆر جار لە بواری دیپلۆماسیدا پەنا دەبرێتە بەر شۆخی، چونکە ڕێ دەدات بە دەربڕینی تیژی وەها کە ڕێک بە بەدگۆیی لێک نادرێتەوە بەڵام تیان (ناڕاستەوخۆ) بە لێکدانەوەی بیسەر.

سەرۆکی باش کەسێکە، کارمەندان پێیان خۆشە خۆیان گەش بنوێنن لەبەر چاوی. بەو جۆرە سەرۆک لایەنی هەرە باشی هەر یەک لەو کارمەندانە تیژ دەکاتەوە. گەر سەرۆک بێفەڕ بێت کەس هەوڵ نادات خۆی لە لا بنوێنێت.

جارێک نووسراوی مژارێکی ڕۆتینیم بردە بەر دەستی سەرکارێکی کەمهونەر. گوتی: چاکە، تۆ دەتوانیت واژووی بکەیت. منیش پێم گوتەوە وەها باشە ئەو وەک سەرکار واژووی بکات. نووسراوەکانی خستەوە بە دەستم و گوتی: «شکۆمەندیی بۆ ئەو کەسەیە شایەنی بێت!». من سەرسام بووم بەوەی ئەم سەرکارە پێی وایە شکۆمەندییە بۆ من گەر بە نووسەری نووسراوێکی وەها ڕۆتینی بناسرێم. ئەو پێی وەها بوو پاداشتە، من پێم وابوو سووکایەتییە. دوو دیدی وەها جیاواز بەرانبەر هەمان نووسراو!

هەڵبەت «نۆرەی نوێنەر» بۆ دیپلۆمات سەنگی تایبەتی هەیە. ئەمانە کەسانێکن ڕۆژوشەو لە هەر کوێ بن نوێنەراتیی وەڵاتی خۆیان دەکەن. دیپلۆمات ناتوانێت هەر لەبەر ئەوەی کاتی کار لە باڵیۆزخانە تەواو بووە دەرگە دابخات و بڵێت ئەوجا کاتی ژیانی کەسەکیی خۆمە. دیپلۆمات هەمیشە ئامادەیە و کاتی کێشە دێتە دەست. شەوێکیان وەزارەتی هەندەران لە لیسابۆن تەلەفۆنیان بۆ من کرد لەماڵەوە و گوتیان باڵیۆز لە هۆتێلێک لە لایەن خانمانی بەرگدرووی تووڕەوە گەمارۆ دراوە، بۆ نەسەلماندنی ئەو مووچەیەی خاوەنکارگەی سوێدی دیاری کردووە. باڵیۆز لەو هۆتێلە شیڤی دەخوارد لەگەڵ سەرۆکی کۆمپانیای چنکار و نەیدەتوانی هۆتێلەکە جێ بهێڵێت. ڕۆژنامە و تیڤی لەوێ ئامادە بوون. پرسیار ئەوە بوو ئایە من ئامادەم بچم بۆ ئەو هۆتێلە و باڵیۆز لەوی ڕزگار بکەم؟ هەڵبەتە. بە پەلە گەڕۆک (ئۆتۆمۆبیل) ـم هاژوا بۆ هۆتێل و لە جادەیەکی پشتەوە ڕامگرت، شۆفێری باڵیۆز گەڕۆکی لە بەردەم دەروازەی هۆتێلەکە ڕاگرتبوو، پێم گوت باژوێت بۆ ماڵەوە و من هەوڵ دەدەم باڵیۆز بە نهێنی بە گەڕۆکی خۆم دەرباز بکەم. ساز بوو. باڵیۆز شڵەژابوو لە هەرای خۆپێشاندەران و لە چاودێری مێدیا لەبەر ئەوە بە مەمنوونییەوە بە دوامدا هات و لە دەرگەی پشتەوە دەرچووین بەرەو گەڕۆکە پەنهانەکەم. سەرۆک کۆمپانیا سوێدی کەوتە بەر ڕەخنەی زۆری ڕۆژنامە و تیڤی، بەڵام خۆشبەختانە باڵیۆزی سوێد تێوە نەگلا.

ئەم باڵیۆزە کۆنەوەزیر بوو، پاش کۆتابوونی ئەرکی حکوومەتی ئەم پێگە ئارامەی بە خەڵات درایە. لە ناکاو کودەتایەکی سەربازی ئەو ئارامییە شێواند – «شۆڕشی مێخەک»[73]. ئەرکی باڵیۆز گران بوو بەوەی دەبا پەیوەندی ساز بکات لەگەڵ ڕێبەرانی نوێی وەڵاتدا و هەروەها لەگەڵ ئەو سیاسەتمەدارانەی، پاش چەندین ساڵی تاراوگە، گەڕاونەتەوە پورتوگال. ئەم باڵیۆزە دەروەستی ئەم ئەرکە نەدەهات، چونکە نە زمانی پورتوگالی دەزانی و نە تەمەنیشی گونجاو بوو: ڕێبەرانی تازەی وەڵات بریتی بوون لە ئەفسەرانی لاوی تازە گەڕاوە لە کۆلۆنییەکانی پورتوگالەوە، باڵیۆزیش لە سنووری خانەنشینییەوە نێزیک بوو.

---

[73] – «شۆڕشی مێخەک» *Revolução dos Cravos* (25 april 1974) لە لیسابۆنی پێتەختی پۆرتۆگال دژی دیکتاتۆری وەڵات بەرپا بوو.

ستۆکهۆلم پەی بە بارودۆخەکە برد و هەر زوو کارمەندێکی لاوی نارد بۆ لیسابۆن بەمەبەستی سازکردنی پەیوەندی و ڕاپۆرتکاری. سەرەتا کارەکە هاسان نەبوو، چونکە هەموو بانگهێشنێک بۆ دیداری تایبەت ئاڕاستەی باڵیۆز دەکرا و چاوەنۆڕی ئەوەش دەکرا خۆی لە ڕێبەرانی نوێ بێتە پێش نەک ڕاوێژکارێکی باڵیۆزخانە. باڵیۆز زۆری ئەو بانگهێشتنانەی بۆ من جێ دەهێشت چونکە لەو هەموو پێشکەشکاری و گوتارانەی ساز دەکران ئەم هیچی پێ نەدەکرا. منیش زوو ناسیاریم پەیدا کرد لەگەڵ سیاسەتمەدار و ئەرتەشکارە هەرە بەرچاوەکانی وەڵاتەکەدا.

بەڵام کێشەکە چارەسەر نەبوو: باڵیۆزێک نەیهەوێت یان نەتوانێت ئەرکی نوێنەرایەتیی خۆی جێبەجێ بکات بۆ باڵیۆزخانەکە دەبێتە ڕێبەست بۆ گەیشتن بە ڕێبەرانی وەڵاتی وێستگە،[74] چونکە ناکرێت کارمەندانی ژێرتر نۆرەی باڵیۆز بگرنە ئەستۆ. من هیچم دەربارەی ئەم باسە بۆ وەزارەتی هەندەران نەنووسی چونکە کێشەکە لای ڕێبەرانی سیاسییمان ئاشکرا بوو. بەڵام لە سەرەدانێکمدا بۆ ستۆکهۆلم کێشەکەم لەگەڵ وەزیری هەندەران باس کرد. ئەویش پێشانی دا کە باش ئاشنای کێشەکە هەیە بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ئەو باڵیۆزە ناسراوە بەوەی مەینۆشینی پێش دەخات نەک ڕاپۆرتنووسین، بەڵام ئەم باڵیۆزە کاتێک وەزیر بووە خزمەتی وەها گەورەی کردووە ئێستا ناکرێت لەم پێگە بچووکترەی دابڕین.

هەتا ئەمڕۆژەش ڕوو دەدات کە وەزیری دەرکراو بە پێگەی باڵیۆز خەڵات دەکرێن، گەرچی دامەزراندنی وەها تەواو سەرپێچییە لە مەرجەکانی وەزارەتی هەندەران بۆ ناوزەدکردن. جار هەیە ناوزەدێکی سیاسییانە بۆ پێگەیەکی دیاریکراو گونجاوە، بۆ نموونە سیاسەتمەدارێکی بواری کۆمەک بکرێتە باڵیۆز لە وەڵاتێکی کۆمەکبەردا، بەڵام پاش ئەو پێگەیە ئەم باڵیۆزە سیاسەتزادەیە داوای پێگەی دیکە دەکات، بۆ نموونە لە ئەورووپادا کە پێویستی بە هیچ زانیارێک نییە دەربارەی کۆمەک. مرۆڤ گەر جارێک هاتە چەرخوفەلەکی وەزارەتی هەندەرانەوە پێی خۆش نییە لێی دەرچێت.

شاپەیامی گۆڤارەکەی *UD-kuriren* دەربارەی سەرۆکایەتی دەڵێت: «خۆناسین» و «ئاسوودەیی نێوخۆ» خەسڵەتی گرینگن بۆ سەرۆک. دروستە، بەبێ «ئاسوودەیی نێوخۆ»، سەرۆک ناتوانێت ئاسوودەیی بە کارمەندان ببەخشێت و هەروەها بێ «خۆناسین» مرۆڤ ناتوانێت کەسانی دیکە دەرک بکات. بەڵام ئەم «خۆدامەزران» ـە مەترسیی بەدەمەوە هەیە، مەترسیی لەخۆ ڕازیبوون و ناڕازیبوون لە کەسانی دیکەی خاوەن دیدی جیاواز. خۆناسین زۆر جار گومڕایی بەدەمەوەیە - مرۆڤ خۆی جۆرێک دەبینێت، بەڵام دەوروبەر دیدیان تەواو جیاوازە.

خۆوێنە - ئەو دیدەی مرۆڤ هەیەتی دەربارەی خۆی - بە ئاسانی دەشێوێت بەو گوزەرانە بەرچاو و نازۆیەی باڵیۆز هەیەتی، کۆشکی مەزن بە ئاشپەز و شۆفێرەوە، بە دەسترەسی بۆ هەموو کەسانی پایەدار. ئەو باڵیۆزە پەی نابات بەوەی گشت ئەم دیاردانە وام (قەرز) ـی کاتەکین. مەودا ناگرێت لەو ئەرکەی پێی سپێردراوە و بە هاسانی دەبێتە بەڵا بۆ کەسانی دەوروبەر. (بەرانبەر هاندانی «خۆت بناسە!» لە وەڵامدا دیپلۆماتی نەرێتەکی دەڵێت: «سوپاس، بەڵام من نامەوێت بێهونەر بم»).

«فیدباک» - ئایە دەکاتەوە ئەوەی کارمەند بە سەرکاری خۆی بڵێت من لە تۆ ناڕازیم؟ ڕاستگۆیی لەم بابەتە دەبێت بە نەرمی ڕەپێش بخرێت و هەروەها دەبێت چارەسەری بەرجەستەی لەگەڵدا بێت بۆ ئەوەی نەبێتە مایەی تێکدانی کەشی باڵیۆزخانەکە. سەرۆکێک هەست بە دزاندنی کارمەندان بکات، لە نێویاندا دەگەڕێ بە

[74] - وەڵاتی وێستگە: ئەو وەڵاتەی باڵیۆز کاری لێ دەکات.

دوای کەسانی هەڵگەڕاوە، لە ئەنجامدا دووبەرەکی پەیدا دەبێت. لە دۆخی وەهادا هیچ باڵیۆزخانەیەک ناتوانێت دروست کار بکات.

ئامۆژگارییەک بۆ کاری سەرکەوتوو لە ژاپۆن بریتییە لە «خۆت لە بیربکە». واتە بەشێک بە لە تیمەکەت و سەرگەرمی ئەرکی هاوبەش بە. ئەمەیە دەبێتە مایەی دڵگەرمی و لە گرووپدا بڵاو دەبێتەوە. بەڵام دیسان لای سەرۆک، توانای هەڵسەنگاندن و دەرفەتی کۆنترۆڵ گرینگن.

«...»

گوتاری هەفتەم

## پەیف و زمان[75]

### پەیف و زمان

Jan Eliasson[76] لە دیمانەیەکدا توانای زمانزانی و مێژووناسی لای کەسی دیپلۆمات بەرز دەنرخێنێت. بۆ پێشاندانی نۆرەی زمان، ئەلیاسۆن گفتوگۆی[77] ئاگربەست لە ناوچەیەکی سوودان، دەکاتە نموونە. ئەو ئاگربەستە نەبا کاروانی کۆمەکی مرۆڤدۆستانە نەدەگەیشتە ئەو 100 هەزار کەسەی لە تەنگانەدا بوون. سەرەتا لایەنەکانی جەنگ بە هیچ جۆرێک ئاگربەستیان نەدەسەلماند بەڵام Eliasson بەبیریدا هات وشەی «ئاگربەست» بگۆڕێت بە دەستەواژەی «ڕاڕەوی مرۆڤکار». ئەوجا، پاش هەشت کاژێر، کاروانی کۆمەک کەوتە ڕێ. لەو دەمەوە ئەو چەمکە لە بواری فرەمیللیدا جێگیرە.

Eliasson لەو دیمانەیەدا دەڵێت:

---

[75] Serçawe: Kaj Falkman. Ord och språk.
*Plikten och äventyret: upplevelser av diplomati.* Carlsson 2008.

[76] – دیپلۆمات و سیاسەتمەداری سویدی (-1940) Jan Eliasson ساڵی 1965 لە وەزارەتی هەندەرانی سوید دامەزرا. لەو دەمەوە چەندین پێگەی دیپلۆماسیی پێ سپێردراوە. ماوەیەک لە شارانی وەک پاریس، بۆن و واشینگتۆن کاری کردووە. ساڵانی 83-1982 ڕاوێژکاری سیاسی بووە لە وەزارتی هەندەران و لە نێوان 87-1983 بووە سەرۆکی هۆبەی سیاسی. لە نێوان 92-1988 پێگەی باڵیۆزی سویدی درایە لە UN. لەو پێگەیەدا و لە ناکۆکیی ئێران و عیراقدا ئەم نوێنەری کەسەکیی سەکرەتێری گشتیی UN بوو. ئەلیاسۆن لە ساڵانی 2000-1994 پێگەی یەکەم یاریدەری وەزیری هەندەرانی درایە و 05-2000 کرایە باڵیۆزی سوید لە واشینگتۆن.

ئەلیاسۆن 06-2005 لە UN دا بووە سەرۆکی ئەنجومەنی گشتیی President of the United Nations General Assembly. ساڵی 2006 کرایە وەزیری هەندەرانی سوید. ساڵانی 08-2006 ئەلیاسۆن «باڵیۆزی ڕاسپاردە» Envoyé بوو لە کێشەی دارفووردا. ساڵی 2010 لە لایەن Ban Ki Moon ی سەکرەتێری گشتیی UN ـەوە کرایە باڵیۆزی یەک لە ئامانجەکانی فراژووتنی هەزارە Millennium Development Goals (MDGs) و ساڵی 2012 پێگەی جێگری سەکرەتێری گشتیی UN پێ سپێردرا. سەرچاوە: زانیارستانی سویدی *Nationalencyklopedin*.

[77] – گەر زاراوەی «ڕاگەیاندن» بۆ Communication تەرخان بێت، لەوانەیە «گفتوگۆ» بۆ سەودا و مامەڵەی فەرمی Negotiation و هەروەها «بێنەوبەرەی پێکهاتن» بۆ Mediation باش بن.

*بەکارهێنانی زمان شادمانییە. مرۆڤ دەبێت پەرۆشی شەبەنگەکانی وشە بێت. چ زارەکی چ نووسراو. هاوواتا جوانیی دەبەخشێت، تەرازکردنی زەمانەوانی، با لە داکەوتدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێت، لە دەمی گفتوگۆدا زۆر جار سەرکەوتنی بەدەمەوەیە.*

گفتوگۆی نێو کۆنفەرەنسی ئاسایش و هاریکاریی ئەورووپی[78]، ساڵانی 1970 لە ژەنێڤ، بە ڕادەیەکی بەرز گیرۆدەی وشە بوو. من وەک نوێنەرێکی سوێد بۆ دەستەی گفتوگۆ دەربارەی دۆزی ئاگاهی Information – لەوەی پێی دەگوترا کۆڕی سێهەم – هەردەم بە گومان بووم لەوەی ئەم گفتوگۆیە گرانخەرج و خاوە شایەنی ئەو هەموو مووقلاشی، کات و پوولە بێت (دەڵێن گۆیا ڕۆژانە یەک ملیۆن دۆلاری تێچووە). دەربڕینەکانی دەوڵەتانی سۆسیالیست بۆ داکۆکی لە هەڵوێستی خۆیان ڕۆژانە و هەفتانە دژ بە گشت جۆرە ئازادییەکی ئاگاهی زۆر ئاشکرا بوون و مرۆڤ تەواو لە بیستنیان بێزار دەبوو. بەڵام مێدیا باسی دەکرد کە بەرهەڵستکاران لە وەڵاتانی سۆسیالیست ئەم کۆنفەرەنسەیان بەهەند گرتووە، پەنا دەبەنە بەر دەستەواژەکانی نێو تێکستی خۆراوا، کە دەربارەی ئازادین و وەک کوتەکی سیاسی بەکاریان دەهێنن دژ بە سەنسوور و یاساخکردنی ڕۆژنامەی خۆراوایی و ... هتد. خەباتی بەرهەڵستکاران هەتا دەهات توندتر دەبوو، دەوڵەتەکانیشیان بۆ خۆنواندن لە کۆنفرەنسەکەدا، ناچاری کەمێک نەرمی بوون.

گوتەیەکی نوێنەری سۆڤیەت دێتەوە بیرم ئەم باسە ڕوون دەکاتەوە، گوتی: «ئێمە نامانەوێت ڕۆژنامەی خۆراوایی بێتە سۆڤیەتەوە، چونکە ئەوانە تەنها ڕووداوی نایەتی (نێگەتیڤ) بەسەر دەکەنەوە، وەک بانکبڕین، کوشتن و کارەساتی جەلوو[79]. بۆچی هیچ باسی بابەتی گەش ناکەن، بۆ نموونە کاتێک جەلوو لە کاتی خۆیدا دەگاتە جێ؟».

ئەم گوتەیە نوکتە نەبوو. بەڵام گفتوگۆی ژەنێڤ دەربارەی واتا، بەکارهێنان و ئازادیی وشە، بووە ڕیشاڵێکی گرینگ لەو کەمپێنە سیاسییەی پاش ماوەیەکی کورت شوورەی بەرلینی ڕماند.

دیپلۆماتێکی ناوداری سوێدی کە جەختی لەسەر سەنگی وشە دەکرد لە بواری فرەمیللیدا داگ هامەرشوێلد Dag Hammarskjöld[80] بوو.

---

[78] – کۆنفەرەنسی ئاسایش و هاریکاریی ئەورووپایی Conference on Security and Co-operation in Europe (CSCE) ساڵی 1973 هاتە دامەزارن و پاشان ساڵی 1995 ناویان گۆڕی بە سازمانی ئاسایش و هاریکاریی ئەورووپایی Organization for Security and Co-operation in Europe (OSCE).

[79] – جەلوو: واتە شەمەندەفەر، قیتار. سەرچاوە: مەسعوود محەمەد – «زاراوەسازیی پێوانە»، سایتی مامۆستا: www.mamosta.net .

[80] – داگ هامەرشوێلد (1905-1961) Dag Hammarskjöld دیپلۆماتێکی ناوداری سوێدە لە ساڵی 1953 وە هەتا مردن سەکرەتێری گشتیی UN بوو. ساڵی 45-1936 پێگەی یاریدەری وەزیر Secretary of State پێ درا لە وەزارەتی دارایی و ساڵی 1946 چووە وەزارەتی هەندەران. ساڵانی 48-1947 نوێنەری سوێد بوو لە گفتوگۆی OEEC دا و ساڵانی 51-1949 یاریدەری وەزیر بوو لە وەزارەتی هەندەران. Hammarskjöld ساڵانی 53-1951 بووە وەزیری ڕاوێژکار (وەزیری بێ وەزارەت). لە ساڵی 1953 وە و پاش ماوەیەک بەرهەڵستی لە لایەن سۆڤیەتەوە، هامەرشوێلد بە سەکرەتێری گشتیی UN هاتە هەڵبژاردن. لە ساڵی 1954 ەوە بووە ئەندامی ئاکادێمیی سوێد Swedish Academy (Svenska Akademien). هامەرشوێلد وەک سەکرەتێری گشتیی UN خزمەتی جێگرتووی کرد و سالارییەکی تەواو نوێی بەم پێگەیە بەخشی.

*کاتێک فیشەک زایەڵەی دێ*
*ئەم لە ژینی وشە دەگەڕا*
*بۆ خاتری ژیان.*

ئەم هایکو *Haiku*[81] یەی Hammarskjöld ی سەکرەتێری گشتی - لە نێو 109 «کێلەڕێ»[82] *Vägmärken* ی دیکەدا - دوو جۆر ڕوونکردنەوە هەڵدەگرێت. یەکەم، کۆشانێکە بۆ بەخشینی ژیان بە وشەگەلی نێو گفتوگۆ بۆ ئەوەی ڕێچکەی دەستووری UN بگرنە بەر، کە سەلماندەی گشت دەوڵەتانی ئەندامە، بە مەبەستی ڕزگارکردنی ژینی خەڵک. دووهەم، دەشێت ئەم هۆنراوەیە ئاشکراکردنی ئەڤین بێت بۆ وێژە (ئەدەب). ئاخر وێژە لای هامەرشوێلد تەنها سەرگەرمی نەبوو، پێویستی بوو.

وێژە و هۆنینی هۆنراوە ئەو خۆراکە بوو Hammarskjöld پێویستی پێ بوو لە ژیانی گیانەکیی خۆیدا. لە دوا فڕینیدا لە Leopoldville[83] ـەوە (کینشاسای ئێستە) بۆ Ndola لە سێپتەمبەری 1961 دا هامەرشوێلد

---

هەر بۆ نموونە لە سەختانگی سوێسدا، ساڵی 1956 هەڵوێستی هامەرشوێلد بووە هۆی سازکردنی هێزێکی ئاشتیپارێزی UN بۆ ئەو ناوچەیە و پاشان بووە دەستاوێژێکی کاریگەر بۆ نێوبژی لە ناکۆکیی چەکدارانەدا.

لە سەختانگی کۆنگۆدا، ساڵی 1960، Hammarskjöld نۆرەیەکی چالاکی بینی و هەوڵی دا چارەیەک بگرێتە بەر یەکبوونی کۆنگۆ بپارێزێت. هاوکات خەباتی دەکرد بۆ سەرفەرازبوونی پێگەی سەکرەتێری گشتی. بەڵام ئەم هەوڵانەی تووشی بەربەست بوون لە لایەن سۆڤیەتەوە، ئەمان هەم ڕەخنەیان لە ڕێبازەکەی هامەرشوێلد هەبوو بۆ چارەسەری کێشەی کۆنگۆ، هەم دژی ئەم چالاکی و سەرفەرازییەی UN بوون لە سەختانگی نێودەوڵەتیدا.

مانگی سێپتەمبەری 1961 لە ناوچەی Ndola لە وەڵاتی زامبیای ئێستا فڕۆکەکەی هامەرشوێلد بەربۆیەوە و ئەمیش کوژرا. فرەلایەنیی کەسایەتیی هامەرشوێلد بە تایبەتی لەو بەرهەمانەدا خویا دەبن کە پاش مردنی خۆی، ساڵی 1963 بە ناوی «کێلەڕێ» *Vägmärken* بڵاو کرانەوە.

سەرچاوە: زانیارستانی سوێدی *Nationalencyklopedin*.

[81] – هایکو Haiku شێوازێکی هۆنراوەی ژاپۆنییە، پێک دێت لە 17 «مۆرا». بەگشتی هایکو بریتییە لە دوو ڕیز و سێ دێڕ و 5+7+5 مۆرا. مۆرا واتە بڕگەدەنگ کە دەکاتەوە یەک دەنگدێر (بزوێن، ڤۆکال) یان یەک دەنگدێر و یەک دەنگدار (کۆنسونانت). لەبەر ئەوەی گشت وشە یان دەربڕینی ژاپۆنی بە دەنگدێر یان بە «ن» تەواو دەبن، هونەری «سەروا» (قافیە) جۆرایەتیی زۆری بەدەمەوە نامێنێت و لە داڕشتنی هۆنراوەدا نابێتە ئامرازێکی سوودبەخش. بەڵام داڕشتنی هۆنراوەی پێنج یان هەفت مۆرا هەم ئاوازبەخشن و هەم بۆ زمانی ئەدەبیی زارەکی، خۆشتر لەبیران دەچەسپن.

سەرچاوە: زانیارستانی سوێدی *Nationalencyklopedin*.

[82] – کێلەڕێ: لێرەدا هەم کێلەڕێیە و هەم ئاماژەیە بە ناوی کتێبە ناودارەکەی هامەرشوێلد: *Vägmärken* (1963).

[83] –شاری Leopoldville پایتەختی وەڵاتی کۆنگۆ-کینشاسایە. لە 1960 ـەکاندا جەنگ لە وەڵاتی کۆنگۆ هەڵگیرسا، مۆبوتو ساڵی 1965 بە کودەتا فەرمانی گرتە دەست، ناوی پێتەختی گۆڕی بە کینشاسا و ناوی وەڵاتی گۆڕی، سەرەتا بە کۆماری دیمۆکراتی کۆنگۆ و پاشان لە نێوان 1977-1971 بە زائیر. پاش 1977 وەڵاتەکە ناونرایەوە کۆماری دیمۆکراتی کۆنگۆ.

بەرهەمێکی فەلسەفی-هۆنراوەکاریی Martin Buber[84] بە ناوی «من و تۆ» *Ich und Du* تەرجەمەی سوێدی کرد. بۆ خۆیشی دەیگوت، بۆ تەرازکردنی هەست و هۆشی خۆی، هەتا گفتوگۆی ئاشتیپارێزی سەختتر با، بەرهەمی ئاڵۆزکاوتری ویژەیی هەڵدەبژارد.

ڕێزگرتن لە وشە لای Hammarskjöld:

*یەکەم مەرجە لەو دیسیپلین (ڕشتەی زانیار) ەدا کە مرۆڤ بار دەهێنێت بەرەو ڕسکان - ڕسکانی هزری، سۆزەکی و ئاکارەکی. ڕێزگرتن لە پەیڤ مەرجە بۆ فراژووتن - مەبەستیش لە ڕێزگرتنی پەیڤ ئەوپەڕی پەروا و شەیدابوونی خۆنەفرۆشی ناخەکییە بۆ ڕاستینە، کە دەکاتەوە ڕێزگرتن لە جڤاک و لە مرۆڤایەتی. بەدکاری لەگەڵ وشەدا دەکاتەوە بێرێزی بەرانبەر مرۆڤ. دەبێتە بنکۆڵکردنی پرد و ژەهراندنی کانیاو. کاری وەها بە کاروانەڕێی دوورودرێژی مرۆڤبووندا پاشەکشەمان پێ دەکات.*

«...»

گۆڕینی زمانی «لیستی دیپلۆماتان» لە فرانسییەوە بۆ ئینگلیزی شۆڕشی لە مێژووی دیپلۆماسیدا بەرپا کرد. («لیستی دیپلۆماتان» بریتییە لە تۆمارێک بە ناوی دیپلۆماتی وەڵاتانی دیکە). سوێد ساڵی 1992 «لیستی دیپلۆماتان» ی بۆ یەکەم جار بە ئینگلیزی پەخش کرد. بەر لەوە زمانی فرانسی *par excellence*[85] [بەر لە هەموان] زمانی دیپلۆماسی بوو.

زمانی فرانسی لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمەوە باڵی بەسەر دیپلۆماسیی ئەورووپادا کێشا بوو. گفتوگۆی ڤیيەنای 1815 سەرلەبەر بە فرانسی بوون. لە کۆنفەرەنسی پاریسدا 1919-1918 زمانی ئینگلیزی وەک زمانی کۆنفەرەنس بووە زمانێکی هاوشانی فرانسی. هۆکاری یەکەمی ئەم گۆڕانکارییە هەڵبەت ئامادەبوونی بەهێزی ئامەریکا و ئامادەکاری بوو بۆ پێکهێنانی «کۆمکاری دەوڵەتان» League of Nations.

---

[84] – فەیلەسووف و دینناسی ئیسرائیلی (1965-1878) Martin Buber لە نێوان 33-1930 پرۆفیسۆری دینناسی بووە لە فرانکفورت. ساڵی 1938 پاش ئەوەی هیتلەر دەسەڵاتی گرتە دەست، Buber مافی وانەگوتنەوەی نەما و کۆچی فەلەستینی کرد و هەر ئەو ساڵە بووە پرۆفیسۆری فەلسەفەی جڤاکی لە زانکۆی عیبری لە ئورشەلیم. وەک فەیلەسووف Buber بە «بنەمای دیالۆگبەندی» ناسراوە. یەکەم جار ئەم دیدە لە کتێبی «من و تۆ» (1923) *Ich und Du* هاتە دەربڕین. Buber لەوێدا باس لە دوو «وشەی بنەما» یان جووت-وشە دەکات: «من-تۆ» و «من- بابەت [ئەو بابەتە]». ئەم «من» ـە دێتە گۆڕین و پەیوەندە بە دیالۆگی «من» ئایە لەگەڵ «تۆ» دایە یان ڕامان و نۆڕینی «من» ـە لە «ئەو بابەتە».

گشت «تۆ» یەک بەرهەڕەشەیە بکرێتە «بابەت». گشت «دیالۆگ» ێک بەرهەڕەشەیە بگۆڕدرێت بە «نۆڕین لە بابەت». «پەیوەندی من-تۆ» پەیوەندییەک نییە تەنها لە نێوان مرۆڤ-مرۆڤ و مرۆڤ-خودادا هەبێت، بگرە دەشێت لە نێوان مرۆڤ لە لایەک و گیانەوەر، ڕوەک و تەنانەت بابەتی بێگیانیش، لە لایەکی دیکە پەیدا ببێت.

سەرچاوە: زانیارستانی سوێدی *Nationalencyklopedin*.

[85] – *Par Excellence* چەمکێکی فرانسییە واتە بەر لە هەموان.

سەردەستیی زمانی ئینگلیزی لە بواری فرەمیللیدا پاش جەنگی دووهەمی جیهانی برەوی هێنا. سەرکەوتنەکانی ئامەریکا و بریتانیا لە ئەورووپا و ئاسیادا زمانیشیان لەگەڵ خۆ هێنا. کاتێک من لە فێرگە دەمخوێند [لە سوێد]، سالانی جەنگ [ی دووهەمی جیهانی]، زمانی ئالمانی یەکەم زمانی بیانی بوو. ساڵی 1959 کاتێک لە وەزارەتی هەندەران کارم دەستکەوت زمانی فرانسی یەکەم زمانی دیپلۆماسی بوو - گەرچی لە ئینگلیزی کەمتر برەوی هەبوو. من لە ڤییەتنام سوودم لە فرانسی بینی بەڵام لەوێش ئینگلیزی بەدەم کاتەوە بووە یەکەم زمانی بیانی.

ئینگلیز لەم ڕۆژگارەدا چیدی خاوەن نۆرەی باڵادەست نین لە سیاسەتی جیهانیدا، بەڵام وەک بارهەڵگری زمانی ئینگلیزی نۆرەیەکی دیپلۆماسیی بەراییان هەیە ناشێت بەهەندی نەگرین. دیپلۆماتانی بریتانی لە UN دا لە هەموان زیاتر پێشنیازی UN دادەڕێژن. ئەم باڵادەستییەی دارِشتن، کۆمیسیۆنی ئەورووپی European Commission و زۆر سازمانی فرەمیللیی دیکەش دەگریتەوە. هاوکاران زۆر جار ڕەشنووسی یەکەم بۆ بریتانییەکان جێ دەهێڵن، چونکە بریتانییەکان لە هەموان باشتر لە ئینگلیزیدا زاڵن، شارەزای هەموو شەبەنگ و لاواتاکانی هەن. ئامەریکایی کەمتر زاڵن بەسەر زمانەکەدا و جگە لەوەش لە ڕووی سیاسییەوە، گەر ڕەشنووسی یەکەم دارِێژن، جێباوەڕ نین. ئەوانیش ئەم ئەرکە بۆ بریتانییەکان جێ دەهێڵن. ئەم پەیوەستی زمانە بەهێزترین بەستەرە لە بواری «پەیوەندیی تایبەت» *special relationship* ی بریتانی و ئامەریکایی.

مرۆڤی سوێدی لە ئاخافتنی ئینگلیزیدا باشن بەڵام لە نووسینی تێکستی ئینگلیزیدا کەمتر باشن. Gunnar Hägglöf نۆزدە ساڵ باڵیۆزی سوێد بوو لە لەندەن، تێکستی بە ئینگلیزی دەنووسی و پاشان تەرجومانی باڵیۆزخانە بە سوورەخامە پڕی دەکرد لە ڕاستکردنەوە. ئەم خانمە دەیگوت بە دەگمەن نووسینەکانی هێگلوێف هەڵەی تێدایە، دەستکارییەکانی ئەم دەربارەی «خۆشڕەوتی» ی تێکستەکەیە. بە جێگۆڕکێی وشە، بە گۆڕینی وشەیەک بە وشەیەکی دیکە، بە گۆڕینی داچەک[86]، بە دابەشێنی ڕستەیەک بۆ دوو ڕستە، دەگەیتە ئەو ڕیتمە نەرمەی ئینگلیزیی باش - و کەسانی باڵای کۆڕی دیپلۆماسی دەری دەبڕن.

مرۆڤی فرانسی بەرتەکی نایەتییان دەبێت گەر کەسێک بە فرانسییەکی شکەستە بێتە گۆ — ئەمە بە کزیی زیرەکی لێک دەدەنەوە. بەڵام ئینگلیز هەراسان نابن گەر کەسی بیانی ئینگلیزییەکەی شکەستە بێت - ئەوان ڕاهاتوون، دەزانن خەڵک هەمووی وەهایە. ئینگلیز لە گفتوگۆدا دەتوانن سوود لەو دیاردەیە ببینن و دارِشتنی وەها ڕەپێش بخەن بەرانبەر پەی پێ نەبات. لەبەر ئەوە شاندی سوێدی دەبێت هەمیشە ئەندامێکی هەبێت تەواو شارەزای زمانی ئینگلیزی بێت.

هەڵبەت گەر مرۆڤ زمانێکی دیکەی بچووکتر تاڕادەیەک باش بزانێت و بەکاری بهێنێت، لای کەسانی ئەو زمانە زمانی زگماکیانە، دەبێتە جێی ڕێز. بەڵام بۆ خۆ لادان لە باری سەنگەلا، گەر هاتە سەر «کاروبار»، دەبێت مرۆڤ هەردەم بگەڕێتەوە بۆ زمانی ئینگلیزی یان زمانێکی دیکەی سێهەم کە هەردوو لا بیزانن. خۆمان باش دەزانین مرۆڤ چەند هەراسان دەبێت لە ئاخافتنی کەسێک زمانی سوێدییەکەی باش نەبێت، پەیڤ و دەربڕین بەکار بێنێت شیاوی زمانێکی بافەرهەنگ نەبێت. هەست دەکەیت چۆن تۆیش ناچار دەبیت ئاستی زمانی خۆت داگریت و بەوەش ئاڵوگۆڕی بیرمەندانە کز دەبێت.

جارێک لە تۆکیۆ پرسیارم لە ئەورووپییەک کرد تا چ ڕادەیەک زمانی ژاپۆنی دەزانێت. گوتی: «باشم. بەڵام پاش هەفت خولەک ئاخافتن نامێنێت».

[86] - داچەک: ئامرازی پەیوەندی Preposition.

زۆر جار چەمکی «زمانی دیپلۆماسی» بە واتای ئارایشکاری و دارشتنی جوانکارانە بەکار دێت. هەر زوو لە وەزارەتی هەندەران، بۆ ئاخافتن لەگەڵ وەڵاتانی دیکە، مرۆڤ فێری ئەم هونەرە دەبێت. ئاخافتنی پاتەوپات[87] لە بابەتی هەستیاردا، زۆر زوو بە ڕەنجێنەر، دڵشکێن و تەنانەت ڕووداریی لێک دەدرێتەوە. گەر لایەنی بەرانبەر وەزارەتێکی هەندەرانی دیکە بێت ئەوا دیپلۆماتەکانیان پەی دەبەن بە مەبەستی پشت ئەو ڕێزدارییە و بەرزیش ڕای دەگرن چونکە ئاماژەیە بە ئەزموونی پیشەوەرانە. پەنا بردنە بەر «زمانی دیپلۆماسی» جۆرە مەوداگیرییە لە مژارەکە، بۆ ئەوەی گوتار لەخۆڕا نەبێتە هۆی ورووژاندنی بیسەر و خوێنەر.

لە ڕاپۆرتکاریدا زمانێکی دیکە کارایە. دەبێت ساکار، ڕوون و لۆژیکانە بێت. هاوکاران لە وەڵات، لە ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی هەندەران و چەندین فەرمانگەی دیکە بە لێشاو ڕاپۆرتیان بۆ دەچێت، لەبەر ئەوە ڕاپۆرتنووس دەبێت وێنەیەکی وەها ڕۆشناک دەربارەی بارودۆخەکە دارێژێت لەبیران بچەسپێت. بەڵام زۆر جار ڕۆشناکی بەسەر شرۆڤەکاریدا زاڵ دەبێت. ئەوسایش ڕیسک (مەترسی) هەیە وێنەی بارودۆخەکە هێندە ساکار دەرچێت چ پاشخانێکی شرۆڤەکارانەی پێوە نەمێنێت دەربارەی مەبەست و هۆکار.

ڕۆژگاری «شۆڕشی مێخەک» لە پورتوگالی نێوەڕاستی 1970 کاندا زۆر جار دەبا بارودۆخ بۆ ڕۆژنامەگەرانی سوێدی مێوان ڕوون بکەمەوە. ڕۆژنامەوانێکی ناودار، کە پەیامنێری هەندەران بوو بۆ یەک لە ڕۆژنامە باڵاکانی سوێد ڕاڤەکارییەکەی دۆخی سیاسی پێ بڕیم و گوتی: «باشە، باش. پێم بڵێ کامیان پارتی گەلە؟»[88] ئەم وێنەیەکی ساکاری لە پارتەکانی پورتوگال گەرەک بوو لەسەر مۆدێلی سوێد، بۆ ئەوەی خوێنەر بە ئاسانی بتوانن بارودۆخی پورتوگال دەرک بکەن بێ ئەوەی بکەونە ژێر باری ئەو داکەوتە ئاڵۆزەوە.

«...»

---

[87] – پاتەوپات: ڕوون و ئاشکرا Explicit.

[88] – واتە کام لەم پارتانەی پۆرتۆگال هاوجۆری پارتی گەل – لیبەڕالەکان- ی سوێدە.

گوتاری هەشتەم

## کامەن خەسڵەتی دیپلۆماتی باش؟[89]

### کامەن خەسڵەتی دیپلۆماتی باش؟

Harold Nicolson[90] لە کتێبە کلاسیکەکەیدا *Diplomacy* چاپتەرێکی بە ناوی «دیپلۆماتی نموونەیی» هەیە دەربارەی خەسڵەتی دیلپۆماتی بێگەرد.

یەکەم تایبەتمەندی لای Nicolson بریتییە لە «جێباوەڕی». دیپلۆمات گەر هەم لای دەسەڵاتدارانی وەڵاتی مێواندار و هەم لای حکوومەتەکەی خۆی جێباوەڕ نەبێت چ سەرکەوتن وەدەست ناهێنێت. جێباوەڕیش داوای ئاکاری ئابڕوومەندانە دەکات – هەر ئەمەیشە مایەی دەسترۆیی ئاکارەکی.

ئاکاری ئابڕوومەندانە وشەیەکی دیکەی مۆدێرنی هاوواتای هەیە: «سەروەری». ئەمیان چەمکێکە Dag Hammarskjöld وەک دەربڕینێک لە ڕسکانی هۆش، بەرزی دەنرخاند.

یەکەم پێوەر لای Nicolson بۆ ئاکاری ئابڕوومەندانە بریتییە لە «ڕاستگۆیی»:

*لێرەشدا مەبەست تەنها ئەوە نییە مرۆڤ خۆی دوور ڕابگرێت لەوەی ئاگایانە زانیاریی نادروست بدات، بەڵکوو وێڕای ئەوەش پەرۆشێکی زۆر سەرنجدەرانە بۆ خۆگری لە پێدانی وێنای نادروست و هەروەها لە شاردنەوەی ڕاستی. دیپلۆماتی باش دەبێت لەگەڵ خۆیدا دڵنیا بێت لەوەی بە هیچ جۆرێک بەرداشت*[91] *ێکی نادروست جێ نەهێڵێت لای ئەوانەی ئەم گفتوگۆیان لەتەک دەکات.*

Hammarskjöld هەمان ڕێچکە دەگرێتە بەر و دەڵێت یەکەم پێوەری «سەروەری» بریتییە لە شەیدابوونێکی سەرڕاستانەی ناخەکی بۆ ڕاستی.

---

[89] Serçawe: Kaj Falkman. Vad kännetecknar en god diplomat?
Kaj Falkman. *Plikten och äventyret: upplevelser av diplomati.* Carlsson 2008.

[90] – Harold Nicolson (1886-1968) نووسەر، دیپلۆمات و سیاسەتمەدارێکی ناوداری بریتانییە. خاوەنی چەندین بەرهەمی هەمەڕەنگە، یەک لەوان کتێبی «دیپلۆماسی» یە: (1939) *Diplomacy*.

[91] – بەرداشت: کارتێکردن، *Impression*.

Nicolson دەنووسێت: هەر سەرکەوتنێک لە ڕێی نادروستەوە وەدەست بێت، سەرکەوتنێکە نیگەرانیبەخش و نائاسوودەیە. ئاشکرابوونی نەک تەنها ناوبانگی ئەو کەسە تێک دەدات، بەڵکوو زیان بە ئابڕووی حکوومەتەکەی ئەو کەسەش دەگەیەنێت.

وەها پێ دەچێت زۆر لە نووسەرانی ئەم کتێبە[92] لەگەڵ Nicolson هاوڕا بن لەسەر ئەوەی پێوەری ڕاستگۆیی لە دیپلۆماسیی جێباوەڕدا، شارێسایە. بەڵام، وەک دیپلۆماتێکی سوێدی ڕوونی کردۆتەوە، پێویست ناکات سەرلەبەری ڕاستییەکەیە بگوترێت. لەوەیە گرینگ بێت بەشێک ڕاستی بە نەگوتراوی بمێنێتەوە جا بۆ خۆ لادان بێت لە بریندارکردنی بەرانبەر یان بۆ پاشەکەوتکردنی بێت بۆ هەنگاوی دیکەی گفتوگۆ. ئەمەیان نابێتە ناڕاستگۆیی.

پاش ڕاستگۆیی، Nicolson «وردەکاری» دەکاتە خەسڵەتێکی گرینگی دیپلۆماتی باش:

> *لێرەدا مەبەست تەنها دروستایی هزری نییە، بەڵکوو وێڕای ئەوەش دروستایی ئاکارە. کەسی بەشدار لە گفتوگۆدا دەبێت لە هەردوو بواری، هەم بیر و هەم هەستدا وردەکار بێت.*

من ساڵی 1964 لە لەندەن پەندێکم لەم وردەکارییە وەرگرت. یەکەم جارم بوو ڕاپۆرتێکی نووسراو ئامادە بکەم بۆ Gunnar Hägglöf ی سەرکارم. ئەو زەمانە هەموو ڕاپۆرتێکی چووبا بۆ وەزارەتی هەندەران دەبا لە لایەن سەرۆکی بنگەوە واژوو کرابا، جا هەر کەسێک نووسیبای. ناوی نووسەر هەرگیز لە ڕاپۆرتەکەدا نەدەهات - ماوەیەک پاش ئەو دەمە ئەوجا ناوی نووسەر لە گۆشەی سەرەوەی لاچەپ، لە ژێر سەردێڕی «بەرپرسی بابەت» دا دەنووسرا.

Gunnar Hägglöf ڕاپۆرتەکەی منی لە پێش خۆ دانا، سەیرێکی سەردێڕەکەی کرد و پرسی: «دەی، ئەم نووسراوە چی تێدایە؟» من پێم وەها نەبوو داوام لێ بکرێت زارەکی نێوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە ڕوون بکەمەوە، لەبەر ئەوە ئامادە نەبووم. وێڕای ئەوەش بەشێکی زۆری ڕاپۆرتەکەم ڕوونووسینەوەی گوتارگەلی نێو ڕاگەیاندنی بریتانی بوو. بۆیە شرۆڤە زارەکییەکەی من لێڵ و ناڕێک دەرچوو. Hägglöf بە ئارامی ڕاپۆرتەکەی گەڕاندەوە و گوتی: «لەوەیە وەها باش بێت جارێکی دیکە بە ڕاپۆرتەکەدا بچیتەوە پێش ئەوەی ڕەوانەی بکەین».

شەرمەزارانە گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم و سەرلەبەری ڕاپۆرتەکەم داڕشتەوە - ئەوجا بەوەی تێکستەکەم بە شیرازەیەکی لۆژیکانە و بە دەربڕینی خۆم نووسیەوە، ئاشنای نێوەڕۆکی باسەکەش بووم. کە ئەمجارە نووسینەکەم بردەوە بۆ باڵیۆز، بێ ئەوە تەنانەت تەماشای تێکستەکە بکات، واژووی کرد. پاش ئەو پەندە لە «وردەکاری»، نووسینەکانم بوونە جێباوەڕی باڵیۆز و زۆربەیانی بێ خوێندنەوە واژوو دەکرد. Hägglöf تەنها ئەو ڕاپۆرتانەی دەخوێندەوە کە لای خۆی سەرنجڕاکێش بوون.

ستۆکهۆلم دەی زانی گشت ڕاپۆرتێکی ئاسایی لە لەندەنەوە بێت بەرهەمی کارمەندی بێناوی باڵیۆزخانەکەیە، چونکە Hägglöf نامەکانی خۆی لە شێوەی «ڕاسپاردەی تایبەت» Dispatch دا دەنارد، واتە نهێنی بوون و ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی وەزیری هەندەران دەکران نەک وەزارەتی هەندەران.

Nicolson دەنووسێت:

---

[92] - ئەم نووسینە بەشێکە لە کتێبێکی سوێدی کە کۆبەرهەمی چەندین دیپلۆماتە.

*گەرچی دیپلۆماتی پیشەوەر بە دەگمەن نەبێت خۆی تووشی ناوردیی هزریی ناکات، بەڵام بەردەوام پەستانی بەهێزی لەسەرە ڕووەو خزین بەرەو ناوردیی ئاکارەکی. ئەم ناوردییە لە ئاکارادا جۆری زۆرە. دیپلۆماتی ئازمووده زۆر چاک دەزانێت کە ڕەفتاری مرۆڤانە گیرۆدەی ڕووداوی شەپرێوانەیە و پێشبینیکردن هەمیشە کارێکی ترسناکە. لەبەر ئەوەیە دیپلۆمات هەمیشە مەیلی هەیە بۆ خۆ لادان لە گشت جۆرە پێشبینیکردن و فاڵگرتنەوەیەک شێوازی هەمەزانی پێوە بێت.*

دیپلۆمات لە ڕێی «وریایی» یەوە خۆی دەپارێزێت لە خۆبەستنەوە. بەڵام فەرمانگەی وەڵات، بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکات بۆ پێشهاتەکانی ئایەندە، چاوەڕێیە وێنەیەکی هەبێت دەربارەی داهاتووی بارودۆخ. گەر باڵیۆز نەوێرێت نەرمە پێشبینییەکیش دەربارەی ئایەندە بدات، ڕاپۆرتەکەی بە ئاسانی دەبێتە مایەی ناکامی. بۆ کەمێک خۆ لادان لەم بارە دەکرێت دیپلۆمات ڕاگواستە لە بۆچوونی کەسانی دیکەی ناودار بێنێتەوە دەربارەی ڕووداوی ئایەندە و ئەوجا پەنا بەرێتە بەر خۆپارێزیی دیپلۆماسیانەی دەڵێت: «لە لایەکەوە ... و لە لایەکی دیکەوە ...».

«ئارامی» خەسڵەتێکی دیکەیە بۆ دیپلۆماتی باش. Nicolson دەنووسێت:

*ئەرکی کارمەند هەر ئەوە نییە هەوڵ بدات تووڕەبوونی خۆی بشارێتەوە کاتێک ڕووبەڕووی گەوجێتی، دووڕوویی، دڕی و پووچی دەبێتەوە لای ئەو کەسانەی ناچارە گفتوگۆیان لە تەکدا بکات، بگرە لەوەش بترازێت، دەبێت خۆی ڕەها بکات لە گشت جۆرە نەویستنێکی کەسەکی، لە هەموو ئەڤینێکی پێشکاتی کەسەکی، لە پێشداوەری، دڵگەرمی. پووچەڵایەتی، زۆرڕۆیی، زێدەپێوەنان و زیانی ئاکارەکی.*

Nicolson دەڵێت: ئارامی، دەبێت بە ڕووخۆشی، یان هەر نەبێت بە جڵەوگرتنی ڕووگرژیی خۆت، پێشان بدەیت. ئاماژەش دەکات بە سەنگی «خۆڕاگری». سەبر و خۆڕاگری لەو خەسڵەتانەن کە نووسەرانی ئەم کتێبە خۆشخۆش جەختیان لێ کردوون.

خەسڵەتی ئارامی و خۆڕاگریی، دیوێکی هەیە لاوەکی، مرۆڤ بە خەمسارد و بێباک پێشان دەدات. باڵیۆز لەم ڕوانگەیەوە لای هاوکار و خەڵکی دەرەکیش برەوی نامێنێت، بە گوێنەدەر و گەمژەڵ، بێمێشک و ڕواڵەتپەرست دادەنرێت.

بارودۆخ هەیە تایبەتن و پێشاندانی هەست تێیاندا کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕینی ئەو دۆخە. بیستوومە گۆیا پاش هەژەندی سوونامی، باڵیۆزی سوێدی لە تەلەفۆندا بۆ وەزارەتی هەندەران، بەدەم باسکردنی هەموو ئەو وێرانکاری و کوشتارەی بینیبووی لە کەنار زەریا لە تایلاند، دابوویە پرمەی گریان. بەو گریانە، ئەوجا وەزارەتی هەندەران و ئەنجوومەنی وەزیران تێگەیشتن چ هەژەندێکی سرووشتیی ترسناک ڕووی داوە.

Gunnar Hägglöf ماوەی بیست ساڵ لە لەندەن خەریکی ئەو خەسەڵەتی خۆڕاگری و هەستساردییە بوو کە لای ئینگلیز پڕبایەخە. لەوە نەدەچوو هیچ باسێکی لە لا سەیر بێت، هیچ لایەنێکی مرۆڤکارانە بە لایەوە نامۆ بێت. بەڵام ئەو جڵەوگیرییە زۆر جار خەندە یان گەشەنیگایەکی بەدەمەوە دەبوو. گەلێک جار لە پشت ئەو

خۆگیرییەوە جۆرە شەرمێک هەیە لەو هەستانەی سەرهەڵ دەدەن و مرۆڤ نایەوێت پێشانیان بدات. هاوکارانی Hägglöf فێربووبوون چۆن زمانی جەستەی سەرۆک: ڕابوونێکی برۆ یان دەست ڕاوەشاندنێک بە بیانووی ماڵینی تۆز لە ڕووی مێزەکە، لێک بدەنەوە.

«هێمنرەوتی» و «هێمنگۆیی» خەسڵەتی گرینگن لە دیپلۆماسیدا. بەم خەسڵەتانە مرۆڤ پەرۆشییەکی سەرنجگیرانە پێشان دەدات هەم بۆ لایەنی بەرانبەر و هەم بۆ بارودۆخی بەرانبەر. گەر بابای باڵیۆز بیهەوێت بە زانینی خۆیەوە بنازێت، هەر زوو دەچێتە خانەی «خۆ بەزانا زان» ی هەراسانبەخش. هاوکارێکم کە سەردەمانی ئەپارتهاید (هەڵاوێردنی ڕەگەزی) باڵیۆز بوو لە باشووری ئافریقا سەرەدانی سەرۆک فەرمانگەیەکی سوێدی دەگێڕێتەوە کە دەمی فراقین لە باڵیۆزخانە، بە ئامادەبوونی چەندین سیاسەتمەداری ناوداری بەرهەڵستکار، کەوتە ڕوونکردنەوەی بارودۆخی سیاسیی باشووری ئافریقا. ئەم بابایە هیچ پرسیاری نەکرد، ئاخر بۆ خۆی هەموو شتێکی دەزانی. کەشی ئەو فراقینە دامرکا و نە تەنها ئاخێوەر بەڵکوو کارمەندانی باڵیۆزخانەش شەرمەندە مان.

خۆپەسەندی دەبێتە مایەی کزبوونەوەی توانای خۆگونجاندن، دابەزینی «توانای پەی بردن». ئەوەی بە پلەی یەکەم ناشیرینە لە خۆپەسەندیدا، بەکەمزانینی بەرانبەرە.

بەهرەیەکی دیکە لای دیپلۆماتی باش بریتییە لە «هۆگری». دەربارەی ئەمیان Nicolson دەنووسێت:

*دیپلۆماتی پیشەوەر بەرتاوی هۆرگریی جیاواز و جاری وا هەیە دژ بەیەکە. دیپلۆمات دەبێت هۆگر بێت بەرانبەر سالاری خۆی، حکوومەتەکەی خۆی، وەزیری هەندەران و وەزارەتی هەندەران. ئەوجا بەرانبەر کەسانی فەرمانبەری خۆی، بەرانبەر کۆڕی ئەو دیپلۆماتگەلەی لەو پێتەختە کاری لەتەک دەکەن، بەرانبەر ئەو ڕەوەندە هاوزێدەی خۆی کە لەو شارەدا هەن و بەرانبەر بەرژەوەندیی ئابووریی وان. لە دوا پلەدا دیپلۆمات بەرانبەر ئەو حکوومەتەی لە تەکیاندا خاوەن ڕاسپاردەیە و بەرانبەر ئەو وەزیرەی گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات، جۆرێکی دیکە هۆگریی لە ئەستۆیە.*

کەسانی دیپلۆمات زوو زوو جێگۆڕکێیان پێ دەکرێت، هۆکاریش ئەوەیە دیپلۆمات گەر بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ژیان لە وەڵاتی وێستگە بەسەر بەرێت، دوور نییە پتر هاوسۆزیی ئەمیان بێت نەک وەڵاتی خۆی - ڕیسکیش زیاد دەبێت هۆگریی زێدی خۆی خامۆش بێتەوە و هۆگریی وەڵاتی وێستگە گەشە بکات. ئەم دیاردەیەش ڕەنگ دەداتەوە هەم لە ڕاپۆرت و هەم لەو بڕیارانەی دەدرێت کە پتر لایەنگری وەڵاتی بیانین نەک وەڵاتی خۆ. باڵیۆز لە پێگەی خۆیدا خۆی پێ هێندە شارەزای سیاسەتە کە بە ڕەوای دەزانێت لە ڕوانگەیەکی گەشەوە هۆکارە بنەماییەکانی ئەو هەڵوێستەی خۆی ڕوون بکاتەوە کە وەها پێدەچێت لە سوێد پەسەند نەبن.

جاریش هەیە باڵیۆز بە شائەرکی خۆی دەزانێت کە باشترین پەیوەندی لەتەک دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئەو دەوڵەتەدا ساز بکات کە لێی نیشتەجێیە و بۆ ئەو مەبەستەش هەموو کارێک دەکات بۆ دڵسوودەیی ئەوان گەرچی بە زیانی وەڵاتەکەی خۆیشی بشکێتەوە. گەر ئەو هاوسۆزییە بۆ وەڵاتی وێستگە زیادەڕۆیی تێدا بکرێت بێ ئەوەی سنووری پرنسیپ و نرخاندنی سوێدی ڕەچاو بگرێت، ئەوسا دەسەڵاتدرانی وەڵاتی وێستگە هەر زوو دەرک بەو دیاردەیە دەکەن و بەوەش متمانەیان بە بابای باڵیۆز لەنگ دەبێت. مرۆڤ ڕێز لەو ژن و پیاوانە دەگرێت کە داکۆکی لە سیاسەتی وەڵاتی خۆیان دەکەن، گەرچی دیدێکی دیکەشیان هەبێت لە سیاسەتدا.

جار هەیە بارەکە پێچەوانە دەبێتەوە، باڵیۆز لە پێگەی زۆر تایبەتدا پەیوەندیی وەها پتەو لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو وەڵاتەدا ساز دەکات، حکوومەتی خۆماڵی، بۆ سوود وەرگرتن لە پێگەی ئەو کەسانە، دەیان هێڵێتەوە لە جێی خۆیان. یەک لەوان Gunnar Hägglöf ـە کە هێندە ڕێزدار بوو لە لەندەن، حکوومەتی سوێد بۆ ماوەی بیست ساڵ لە پێگەی خۆیدا هێشتییەوە. ئەوجا وەک Dean کەسێکی خاوەن زیادترین خزمەت وەک باڵیۆز، Hägglöf پلەیەکی پرۆتۆکۆلانەی بەرزی پێ درا و کرایە نوێنەر و گوتەبێژی کۆڕی دیپلۆماتان.

پاش سڕبوونی پێوەندیی نێوان ستۆکهۆلم و واشینگتۆن، بە هۆی جەنگی ڤییەتنامەوە، حکوومەتی سوێدی بە مەبەستی خاوکردنەوە و خۆشکردنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ ئامەریکادا، Wilhelm Wachtmeister[93] کردە باڵیۆز لە واشینگتۆن. ئەمیش کارەکەی وەها ئەنجام دا گەیشتە ئەوەی بەردەوام گەمەی تێنسی هەبێت لەتەک سەرۆک بوشی بابدا. هەڵبەت ئەم پەیوەندییە لە واشینگتۆن پێگەیەکی ڕێزدارانەی پێ بەخشی و حکوومەتی سوێدیش پێی خۆش بوو سوود لەم بارە وەرگرێت و لەبەر ئەوە ماوەی خزمەتەکی لەوێ درێژ کرایەوە بۆ پازدە ساڵ و بەوەش Wachtmeister بووە باڵیۆزی خاوەن زۆرترین خزمەت لەو باڵیۆزخانەیەدا.

ڕای گشتی لە سیاسەتی جیهانیدا هەتا دێ پتر سەنگ پەیدا دەکات، بۆیە دیپلۆماتی ئەم سەردەمە دەبێت «پێداگۆگ»[94] ێکی باش بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووداو شرۆڤە بکات و بە ڕوونکردنەوەی گونجاو داکۆکی لە چارەسەرەکان بکات.

زەمان دەچەرخێ بەڵام بەها بنەڕەتییەکانی دیپلۆماسی جێگیرن.Harold Nicolson نووسیارەکەی خۆی دەربارەی دیپلۆماتی بێگەرد بەم وشانە کۆ دەکاتەوە: «لەوانەیە خوێنەر بەرپەرچم بداتەوە و بڵێت، بەڵام ئێوە لەبیرتان چوو باس لە زیرەکی، زانیار، ژیری، میواننەوازی، میهرەبانی، گورجی و ئازایەتی بکەن». Nicolson بەردەوام دەبێت و دەڵێت: «نەخێر، ئەمانەم لەیاد نەکردوون، ئەمانەم بە ئاسایی و گومانبەدەر داناون».

سێر Harold، ڕێ بفەرموو بڵێم، ئەزموون پێشانی داوە کە ئەو تایبەتمەندییانە ئاسایی و گومانبەدەر نین. بۆیە لەم کتێبەدا بەسەر دەکرێنەوە.

«...»

---

93 – دیپلۆماتی سوێدی Wilhelm Wachtmeister (1923-2012) لە نێوان 89-1974 دا باڵیۆزی سوێد بوو لە واشینگتۆن.

94 – «پێداگۆگ» Pedagogue واتە فێرکار، ئامۆژیار. بارهێنەر و ڕاهێنەر.